

# یادێک لە
# شەهید سمایل شەریف زادە

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید سمایل شەریفزادە ........................................ ماڵپەڕی شەهید ..... ٤

٢- دیمانەی ئارام قادری لە بەرێز مامەقالەی شۆڕش ........................................................... ٨

٣- پێویستە بەستێن و شێوازە جیاوازەکانی خەبات بە تەواوکەری یەکتر چاو لێ بکرێن ...........................

........................................................................................... د. ئاسۆ حەسەن زادە ..... ١٣

٤- ژیان لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و خەبات کردن ...................................................................... ١٩

٥- بە بۆنەی ساڵرۆژی شەهیدبوونی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی وەچەیەکی ئەهلی کار و لەخۆبردوو ..........

..................................................................................................................... ئاراس ..... ٢١

٦- یادێک لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ و هێمای هاوبەشی بزووتنەوەی نەتەوەیی و خوێندکاری، شەهید سمایل شەریفزادە ....................................................................................................... ٣٠

٩- یادکردنەوەی شەهید سمایل شەریفزادە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ........... ٣٥

١٠- سماییل شەریفزادە، هێمای خوێندکاری کورد ................................................... کانیاو ..... ٣٨

١١- ٤٦ - ٤٧ی شۆڕشگێران و سمایل شەریفزادی خوێندکار ........................... شەمزین ئەحمەدنەژاد ..... ٤٠

١٢- سمایل شەریفزادە، دێموکرات و عەداڵەتخواز ............................................. شاهۆ مەتین ..... ٤٢

١٣- گیڤاراکان ................................................................... ناسر باباخانی ..... ٤٥

١٤- پەنجایەمین ساڵوەگەری شەهادەتی سمایلی شەریفزادە ................................ حەسەن قازی ..... ٤٨

١٥- بەڵگەیەکی ساواک لە مەڕ شەهادەتی سمایل شەریف زادە و هاوڕێیانی ............... حەسەن قازی ..... ٤٨



سەرچاوە
Serchawe

١٦- سمایل شەریف زادە و هاورێیانی ٤٦ - ٤٧ کە خەوێ خۆشی شای ئێرانیان تێک دا! .....................
........................................................................ کەریم ئەڵڵاوەیسی ..... ٥٨
١٧- ئەحمەد خانی قارەمان ......................................... رزگار ئەمین نژاد ..... ٦٠
١٨- قەدر گرانەکان بەشەهامەتەوە ڕچەیان شکاند! ............................. ڕەشاد مستەفا سوڵتانی ..... ٦٦
١٩- بە بۆنەی ساڵڕۆژی شەهادەتی سمایلی شەریفزادە و یارانی. دوونامەی بۆ کەریمی حیسامی .....................
........................................................................ حەسەن قازی ..... ٦٩
٢٠- شێعرێکی سوارەی ئێلخانیزادە بۆ سمایلی شەریفزادە ............................................. ٧٤
٢١- بۆ سمایلی شەریفزادە(١٩٤٢ - ١٩٦٨) ................................ موسلیحی شێخولئیسلامی(ڕێبوار) ..... ٧٦
٢٢- تابلۆیەکی ٤٧ - ٤٦ ........................................................ هادی عەزیزی ..... ٧٩
٢٣- بەیاننامەی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد ................................ کوردستان و کورد ..... ١٠٤
٢٤- پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان ................................ کوردستان میدیا ..... ١٠٧
٢٥- دوو شێعر لەژێر بارستای یەک خەمدا ................................................ تاهیر قاسمی ..... ١١١
٢٦- شەهید سمایل شەریفزادە، سیمای ١٨ مانگ خۆڕاگری لە ڕۆژهەلاتی کوردستان .... ناسر ساڵحیئەسڵ ... ١٢٨
پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٢ی بانەمەڕ ڕۆژی خوێندکاری کورد .
........................................................................ کوردستان میدیا ..... ١٣٢

# کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید سمایل شەریفزادە




سمایل شەریفزادە ساڵی ١٩٤٢ لە شاری مەهاباد لە خیزانێکی بازرگان لە دایک بوو. لەم کاتەدا مەهاباد ناوەندی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان بوو. گەلی کورد ئەو بەشەی نیشتمانکەی لە چەنگ حکوومەتی دیکتاتۆرو بەستراوەی شایەتی رزگار کردبوو.

پاش چەندین ساڵ زوڵم لێکرانو بێبەشی لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی، چارەنووسی خۆی گرتبوە دەستو تیشکی ئازادی و سەربەستی ئەم ناوچەیەی رووناک کردبووە.

شەریفزادە خوێندنی سەرەتاییو پۆلی پێنجی مەدرەسەی ناوەندی لە مەهاباد خوێندبوو. ساڵی شەشی ناوەندی لە تاران لە کولیژی "ئەلبرز "تەواو کردبوە.

پاشان لە رشتەی "ئەلێکترومکانیک دا"، لە خوێندنگەی فەننی زانستگەی تاران خوێندنی درێژە پێدا. سمایل کە پوولی چواری ناوەندی بە دواوە، سەبارەت بە موتالعە کردنی کتێبی سیاسی و کۆمەڵایەتی،و هەست کردن بە بێبەشی نەتەوەی کورد لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی و نەبوونی ئازادیو دێموکراسی لە ئێران، تووشی ئاڵۆگۆڕێکی فکری هات.

سمایل شەریفزادە بۆ ئازادی نیشتمانو وەدەسهێنانی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد بۆ پێک هێنانی حکوومەتێکی نیشتمانی



سەرچاوە
Serchawe

دێموکرات ڕێگای خەباتی سیاسی گرتە پێش.

هەر لە هەوەڵی خوێندنی زانستگایی‌دا سمایل بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەگەڵ دەستەی خوێندکارە شۆڕشگێرەکانی زانستگەی تاران کەوت.

ساڵی ١٩٦١ لە کاتی پەلاماردانی زانستگەدا، لە لایەن پۆلیس و کوماندۆکانی حکوومەتەوە، سمایل گیراو بۆ ماوەیەک دەسبەسەر کرا. سمایل شەریفزادە، لە گەڵ هاواڵە هاوفکرەکانی خۆی، لە نێو خوێندکارە کوردەکانی زانستگای تاراندا، قۆڵی چەپی و شۆڕشگیری کۆمەڵی خوێندکار بوون و لە دژی بیروباوەڕی چەوتو نالەبار خەباتیان دەکرد. پەلاماری سازمانی ئەمنییەت بۆ سەر کوردستان و کوردەکانی زانستگەی تارانیش ساڵی ١٩٦٤ و گرتنو دورخستنەوەی زۆر لە خوێندکارانو مامۆستایانی کورد سمایل شەریفزادەی ناچار کرد خۆی بشارێتەوەو بچێتە نیو کۆری تێکۆشانی نهێنی‌یەوە. هەر ئەو ساڵە لەگەڵ هێندێک لە لاوە تێکۆشەرەکان رووی کردە نێو شۆڕشی کوردستانی عێراقو تێکەڵ بە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو،کە لە کوردستانی عێراق گیرسابوونەوە. لەو ماوەیەدا بیجگە لە کاری سیاسی کتێبی "دیفاعیاتی خوسرەوی روزبەی" وەرگیرایە سەر زمانی کوردی. ساڵی ١٩٦٧ سمایل و هاواڵەکانی لە کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەر هەلو مەرجی نالەباری تێکۆشانیان لە کوردستانی عێراق ، گەڕانەوە نیوخۆی کوردستانی ئێرانو لە نێو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەستیان بە تێکۆشانی سیاسی کرد. بەڵام رێژیمی حەمەرەزا کە وای دەنواند کە ئێران دورگەی هێمنو سەقامگرتووی رۆژهەڵاتی نێوەراستە، لە حوزووری رێبەرانو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، تووشی وەحشیەت بوو و قۆڵی لە سەر کوتو لە نیو بردنی خەباتگێڕشانی حیزبی دێموکرات هەڵماڵی. بەم جۆرە خەباتێکی چەکدارانە بە سەر شۆرشگێرانی ئەم حیزبەدا سەپاکە لە مێژووی حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی کورددا بە خەباتی چەکدارانەی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ (١٩٦٧ و ١٩٦٨ ) ناوبانگی دەرکرد. راونانو تەنگ پێهەڵچنینی ژاندارمو سازمانی ئەمنییەتی ئێران، سمایل شەریفزادە و هاواڵە شۆرشگێرەکانی لە خەبات و تێکۆشان نەسڵەماندەوە و لە دێهات و چیاو کەژەکانی نیشتمان و لە ئامێزی زەحمەتکێشانی کوردستان دا خەباتیان درێژە پێدەدا.

ژاندارمەکانی حکوومەتی شا کە، لە هەموو شوێنێک بە دوای شەریفزادە و هاواڵەکانیدا دەگەڕان. تا رۆژی ٢ - ٥ - ١٩٦٨ بە هۆی کەسێکی خۆفرۆشەوە بە ناوی (کوێخا شەریف) شوێنی ئەویان هەڵگرت دوای ئەوە کە دەست بە جێی پتر لە (٣٥٠) ژاندارم و عەسکەرو جاش، بۆ سەر سمایل شەریفزادەو چوار هاوڕێی دەنگ دران. ٣٥٠ کەس، بە چەکو قۆرخانانەی زۆرو مودێرنەوە، پینج تێکۆشەری کوردیان گەمارۆ دابوو، کە لە شەرەف و ژیانی نەتەوەی خۆیان دیفاعیان دەکرد. سمایل شەریفزادە کە بڕیاری دابوو تا دوا هەناسە، لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بێ و سەر بۆ دوژمن دانەنوێنێ، لە وەڵامی

فەرماندەی سەربازو ژاندارم و جاشەکاندا، کە داوای تەسلیم بوون و چەک فرێدانیان لێ دەکرد بە دەنگێکی بویرانە گوتی:

"ئەی خۆفرۆشە ناپیاو و خوێڕییەکان! بڕۆن خەجاڵەت بن لە ئێمەی پێشمەرگەی گیانفیدا کە بۆ ئازادیی ئێران و ئەستاندنی مافی نەتەوایەتیی گەلەکەمان خەبات دەکەین داوای تەسلیم بوون دەکەن؟!

سەرەنجام پاش شەش سەعات شەڕی قارەمانانە پێنج کەس، لەگەڵ ۳۵۰ کەس لە چەکدارەکانی رێژیمی شایەتی، گوللەی بازوکا سینگی ئەم لاوە تێکۆشەرو قارەمانەی قەڵاشتەوە و چرای تەمەنی کورت بەڵام پڕ لە شانازی سمایل کوژایەوە و وێڕا ۳ کەس لە هاوڕێیانی لە پێناوی رزگاری کوردستان دا بەخت کرد...

۱۲ی بانەمەر، ساڵرۆژی شەهید بوونی یەکێک لە رێبەرانی ڕاپەرینی چەکدارانەی ۱۹٦۷ - ۱۹٦۸ی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. لە ۱۲ی بانەمەری ۱۹٦۸دا سمایل شەریفزادە ڕووناکبیری شۆڕشگێر و یەکێک لە سیما ناسراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەیەی چلی هەتاویدا کە لە گەڵ چوار هاوڕێی دیکەی، لە نزیک گوندی"دارینە"ی ناوچەی بانە لە لایەن هێزێکی ۳۵۰ کەسی ژاندارمو جاشەوە گەمارۆ دران. شەریفزادەو سێ کەس لە هاوڕێیانی پاش ٥ سەعات خۆڕاگری، بەداخەوە لەو شەڕە نابەرامبەرەدا بە گوللەی بازوکا سینگی ئەم لاوە تێکۆشەرو قارەمانەی قەڵاشتەوە و چرای تەمەنی کورت بەڵام پڕ لە شانازی سمایل کوژایەوە و وێڕا ۳ کەس لە هاوڕێیانی لە پێناوی رزگاری کوردستان دا بەخت کرد...

ناوی ئەو تێکوشەرانەی کە وێرای شەریف زادە شەهید بوون بریتیە لە:

* میرزا محەممەد شادمانی.
* حوسێن رەحمان رابی.
* عەلی عەوڵا کۆڵی.

هەر ئەو کات یەکێک لە نووسەرەکانی کورد بەم بۆنەیەوە، لە نووسراوەیەکی خۆیدا بەم دوو دێڕە شێعرە تەعبیری لە شەهید بوونی ئەو پۆلە تێکۆشەرە کردبوو:

ئەو نەمامانەی، ئەمرۆ دەنێژرێن
بە خوێنی پاکی خۆیان ئاو دەدرێن

دەڕازێننەوە باغی کوردستان

دێنە بەر بۆمان، ڕۆژێ لە ڕۆژان

بەرزو پیرۆز بێ یادی شەهیدانی ڕاپەڕینی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ ی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شەهید

## دیمانەی ئارام قادری لە بەرێز مامەقالەی شۆڕش



بەڕێزت ئاگاداری شەهیدکرانی کاک سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی بووی کە لە ناوچەی بانە و بە دەسکیسی کوێخا شەریفی کێلەشین شەهید کران. زۆر باسی جۆراوجۆر لەم بارەوە و بەتایبەت لە سەر کوێخا شەریف هەیە. پێم خۆشە بەرسەرهاتە ڕاستەقینەکەی لە زمان جەنابتان ببیسین...

کوێخا شەریف کوڕی کوێخا ساڵحی کیلەشینی ناوچەی سەقزە. ناوبراو یەکێک لە باوەڕپێکراوترین پیاوانی ساواک و ڕوکنی ٢ی ئەرتەشی ڕژیمی گۆڕکراو حەمەڕەزا شای ئێران بوو. ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە کاتێکدا کە کێشە و دووبەرکی دەکەوێتە ناو بەڕیوەبەرایەتی ئەو کاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تاقمێک لە کادرە پێشکەوتووەکانی حیزب کۆمیتەیەک بە ناوی کۆمیتەی شۆڕشگێر پێک دێنن. مەبەستی سەرەکی ئەو هاوڕێیانە لە ڕاستی دا ڕزگار کردنی حیزب لەو بارودۆخە نالەبارە بوو کە حیزبی لەو کاتە دا تیکەوبوو. ئەو کادر و پێشمەرگە لە خۆبووردووانە لە یەکەم هەنگاویان دەست دەکەن بە پێک هێنانی دەستەی چەکداری تۆکمە و چەند تیمێکیان بەرەو ناوخۆی وڵات بەڕێ دەکەنەوە. کردەوەیەک کە لە ڕاستی دا گۆمی مەندی ئێرانی شلقاند و خەوی لە چاوی کاربەدەستانی تاران ڕەواندەوە. ڕژیمی شا زۆر بەو کارە عاجز و دڵگران بوو هەر بۆیە بە زوویی کەوتو خۆ و هێزێکی زۆری ئەرتەش و جاش و بەکرێگیراوی خۆی بەرەو ناوچە سنوورییەکان بە تایبەت ناوچەی بانە و سەردەشت بەڕێ کرد. لە لایەکی دیکەوە جگە لە هێزە ئاشکراکانی، چەندین کەس لە سیخوڕ و جاشەکانیشی لە ژێر ناوی ڕاکردوو یان هاتن بۆ ناو ڕیزی پێشمەرگایەتی خزاندە ناو ئەو هێزانەوەی کە هاتبوونە بە تایبەت ناوچەی بانەوە. کوێخا شەریف و زاوەیەکی بە ناوی حەمەی حەسەن سەرشکاو لەو کەسانە بوون کە لە ژێر ناوی هەڵاتن و هاتن بۆ پێشمەرگایەتی توانیبوویان جێی خۆیان لە ڕیزی پ.م دا بکەنەوە. ئەو دوو کەسە لەگەڵ ئەو دەستە پێشمەرگەیە دا بوون

کە شەهید سماییل شەریف زادە کە ئەو کاتە نازناوی مەلا عەزیز،ی بۆ خۆی دانابوو. ئەو دەستە پێشمەرگەیە ماوەیەک بوو لە ناوچەی بانە جەولەیان دەکرد و ڕژیم سەرقاڵی پیلانگێڕی بوو بە دژیان.

ڕۆژێک خوالێخۆشبوو ئەحمەدخانی ئەحمەدی کە ماوەیەک بوو خۆی ڕادەستی ڕژیم کردبووەوە داوای چاوپێکەوتنی کرد، دیارە ئێمەش هێندێک بە ئەندێشەوە داواکەیمان قبووڵ کرد و لە ماڵی ڕەوانشاد حاجی دەروێش وەیسی لەگەڵی کۆبووینەوە. ناوبراو نامەیەکی کوێخا شەریفی نیشاندابن کە بۆی ناردبوو. کوێخا شەریف لە نامەکەیدا نووسیبووی: ئێمە ئێستا لە ناوچەی کێوەڕۆ،ین و لەگەڵ کەسێکین بە ناوی سماییلی شەریفزادە. ٨ کەسین و بە نیازین ئەمشەو بچینە گوندی ئاڵۆت. داوات لێ دەکەم کە کاربەدەستانی حکومەت ئاگادار بکە و تکایە بە هێزێکی باشەوە وەرن هێرش بکەنە سەرمان، من و حەمەی ژن براشم لێیان دەدەین هەموویان دەکوژین. کوێخا لە کۆتایی نامەکەیدا ئاماژەی بەوە دابوو کە سەرهەنگ مودەڕیسی کە لە ساواکی سەقز کاری دەکرد بەڵێنی پلەی باشی پێداوم و ئەوە باشترین هەلە بۆ ئێمە. ئەحمەد خان داوای لێ کردن کە بە زووترین کات شەریفزادە ئاگادار بکەینەوە و تەنانەت نامەکەی داینێ بۆی بەرین. ئێمەش کە پێک هاتبووین لە شەهید حەمەئەمین میرزا ڕەشید، حاجی دەروێشی وەیسی، خەلیفە حەمەساڵح ڕەحیمی (باوکی شەهیدان عوسمان و عومەر ڕەحیمی) و من چووینە ناوچەی کێوەڕۆ و لە قۆخێک بە ناوی تاویی، لە ماڵی کەسێک بە ناوی خاڵە حەمە چاومان بە شەهید شەریفزادە کەوت و نامەکەشمان دایە. شەریفزادە ووتی هاوڕێیان بڵێی ئەو نامەیە ڕاست بێت؟ ئێمەش گوتمان دڵنیابە، داوات لێ دەکەین دەری بکە با لات نەبێت ئەو پیاوە کەسێکی زۆر خەتەرە. سەرەتا وتی بە خوا ڕیشی سپییە و پەنای بۆ هێناوم، بەڵام دوایی بەڵێنی دا کە پاش ڕۆشتنی ئێمە چەکی بکات و دەری کات. بە هەر حاڵ ئەو شەوە دەچنە ناوچەی ئاڵۆت و پاشان دەچنە گوندی دارێنە و روو لە ماڵی ڕەشید بەگی دارێنەدەکەن،

پێویست بە گوتنە کە ڕەشید بەگ و کوێخا شەریف پەیوەندییەکی باشیان هەبوو. پاش چەند ڕۆژ مانەوەیان لەو گوندە، کوێخا دیسانەوە لە ڕێگەی ڕەشید بەگەوە نامەیەک دەنێرێت بۆ پاسگای زەرواو و ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەوا لە گوندی دارێنەین و وەرنە سەرمان. ناوبراو لە نامەکەیدا پیاوانی حکومەت دڵنیا دەکاتەوە کە مەترسی هیچتان نەبێت، خۆم و حەمەی ژنبرام دەبین بە نگەهبان و چاوەدێری دۆخەکە دەکەین.

حکومەتی شای ئێرانیش کە لەمێژ بوو بە دوای هەلێکی وا دا دەگەڕا زیاتر لە ٤٠٠ کەس ژاندرمە و جاش و سەباز ئامادە دەکات تا هێرش بکەنە سەر ئەو گوندە، بەڵام کە کوێخا شەریف ئاگاداری جمجۆڵی هێزەکانی حکومەت دەبێت، بۆ ئەوەی کە پاداشتە بە خۆی ببڕێت، پێش ئەوەی کە هێزەکانی ڕژیم بەڕێبکەون تەقە لە پێشمەرگەکان دەکەن و شەریف زادە و میرزا محەممەدی شادومانی بریندار دەکەن و پاشان بەرەو ماڵی رەشید بەگی خائین و لەوێشەوە بەرەو موڵگەی زەرواو

هەڵدێن و خەبەری چالاکییەکەیان دەدەن بە ئاغاکانیان. کاتەکەی بەهار بوو و هێشتا سەرما و سۆڵە مابوو، باران دەباری و دەشت و دەر تازە خەریک بوو سەوز دەبوو. سەرەڕای برینداری و ناشارەزایی و هەوای سارد و باراناوی بەڵام پێشمەرگەکان ورە بەر نادەن و بە بریندارەکانەوە بەرەو دەرەوەی ئاوایی و پاشان بەرەو چەمی خوارئاوایی کە بە چەمی دارێنە مەشهورە پاشەکشە دەکەن، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئاوی چەمەکە زۆر دەبێت بە داخەوە ناتوانن بیپەڕێنەوە و هەتا تاریک دادێت لەو ناوچەیە خۆیان حەشار دەدەن. دیارە بە داخەوە کە شەویش دادێت مەجالی دەرباز بوونیان نابێت هەر لەوێ دەمیننەوە و خۆیان لە ئەشکەوتێک دا حەشار دەدەن. ڕۆژی دوایی تر هێزێکی زۆری دوژمن هێرش دەکاتە سەریان و پاش شەڕ و خۆڕاگرییەکی زۆر قارەمانانە کە هەر لە بەیانی زووەوە دەست پێ دەکات و تا درەنگانێکی ئێوارە بەردەوام دەبێت، پێنج کەسەکەیان کە بریتی بوون لە شەهیدان سماییل شەریفزادە، محەممەد شادومانی، میرزا محەممەدی بۆکانی، عەلی عەبدووڵا کۆڵ و حسێن ڕەحمان ڕابی شەهید دەبن و کەسێکی دیکەش بەناوی عەبەڕەش خەڵکی ناوچەی کێوەڕۆی بانە خۆی حەشار ئەدات و پاش ڕۆشتنی هێزەکانی دوژمن خۆی دەرباز دەکات و هەواڵەکەی دەگەیەنێتەوە بە هاوڕێیانی. پاشان تەرمی پیرۆزی ئەو ٥ شەهیدەش هێنرایەوە شاری بانە.

ماوەی چەندین ساڵ بەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە دا تیپەڕی و کوێخا شەریفی خائین هەروا زیندوو مایەوە و درێژەی بە خیانەت و جاشیەتی خۆی دا تاکوو ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دژی ڕژیمی شا لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا سەری هەڵدا و حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ جارێکی دیکە هاتەوە ناو کۆمەڵانی خەڵک. لە ڕاستی دا من و هاوڕێیانم لە کۆمیتەی نهێنی شاری بانە زۆر جار چ پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی ٥٧ و چ دواتریش داوامان لە حیزب کرد کە کوێخا شەریف بە سزای تاوانەکانی بگەیەنن،

بەڵام دیار بوو دۆخە گونجاو نەبوو، تاکوو سەرئەنجام ڕۆژی ٢٥ - ٤ - ١٣٥٨ی هەتاوی هێزیکی ٨٠ کەسی پێشمەرگە بە فەرماندەیی شەهید سەید ڕەسووڵی بابی گەورە لە مەهابادەوە هاتن بۆ بانە. کاک هاشم کەریمی کە ئەو کاتە لێپرسراوی حیزب بوو لە بانە لێی پرسین بۆچی هاتوون، سەید ڕەسووڵ لە وڵامدا گووتی کارمان بە کاک قادر شۆڕشە، کاک هاشم لێی پرسی بۆچیتانە؟ گووتی نامەیەکمان بۆ هێناوە و ئینجا کاک هاشم منی پێ ناساند و گووتی ئەوە کاک قادر شۆڕشە. پاشان سەید ڕەسووڵ نامەکەی دامێ کە ئاوای تێدا نووسرابوو: کاک قادر شۆڕش سڵاوێکی گەرم! ئەوا لەسەر بڕیاری حیزب کاک سەید ڕەسووڵ هات بۆ بانە و بە هۆی ئەوەی کە ناوبراو شارەزای ناوچەکە نیە، داوا لە بەڕێزت دەکەین کە لە ڕاپەراندنی ئەرکی پێسپێردراوی دا کە گرتنی کوێخا شەریفی کێلەشینە هاریکاری بکە. پێویستە بڵێین کە ئەو هێزە لە ژێر بڕیاری ئێوە دا دەبێت. منیش داواکارییەکەم قبووڵ کرد. کاک هاشم گووتی پێشمەرگەی بانە لەگەڵ خۆت نابەی؟ منیش دوو کەس بە ناوەکانی خاڵە کەریمە سوتا و سەید عەلی سەید فەرجی هەنگەژاڵم لەگەڵ خۆم برد. کاتەکەی پێشنیوەڕۆ بوو،



سەرچاوە
Serchawe

ئێمەش بە مەبەستی مانۆڕ لێدان جارێک بە ناوی شەقامەکانی شاری بانە دا بەو ئۆتۆمبێلە زیلە سەربازییانەوە گەڕاین و پاشان لە جادەی کەمەربەندی بانەوە بەرەو سەقز کەوتینە ڕێ. نانی نیوەڕۆمان لە گوندی سەبەتڵوو کە لە بناری چیای کەلی خان هەڵکەوتوو خوارد و لە حاڵی خۆ ئامادە کردن دا بووین بەرەو کێلەشین بڕۆین کە هەواڵیان بۆ هێنایین لە ناو شاری بانە دا بۆمبێکی گەورە تەقیوەتەوە و کۆمەڵێکی زۆر خەڵک شەهید و بریندار بوو. بەڵام ئێمە چونکە مەئمورییەتمان هەبوو نەدەکرا بگەڕێینەوە، هەر بۆیە درێژەمان بە ڕێگەکەمان دا. سەرەتا لە نزیک کێلەشین چووینە لای حاجی رەزای حاجی قادر کە هەم حیزبی بوو و لە کۆنەوە دژایەتی هەبوو لەگەڵ کویخا دا. داوای یارمەتیم لێ کرد کە لەگەڵمان بێت، ئەویش بێ ڕاوەستان تفنگە بڕناوەکەی دەستدایە و لەگەڵمان هات. لە ڕێگە دا داوام لێ کرد کە موچە ومەزرای حمەئەمینی برای کوێخا شەریفمان نیشان بدات. مەزراکە هێندە لەوێوە دوور نەبوو کە ئێمەی لێ بووین. چووینە لای حەمەئەمینی برای کوێخا پرسیاری حەمەی حەسەن سەرشکاوم لێ کرد، حەمە ئەو کەسە بوو کە لەگەڵ کوێخا لە گوندی دارێنە تەقەی لە کاک سماییل و پێشمەرگەکان کردبوو، ناوبراو لە وڵامدا گووتی وەڵا حەمە لە بانەیە و نازانم کەی دێتەوە، دەی گووتم زەحمەت نەبێ لەگەڵمان وەرە. دیارە ناوبراو بێ تاوان بوو، بەڵام لە ڕێی ئەوەوە نەبوایە نەماندەتوانی نە کویخا و نە حەمەی ژنبرای بدۆزینەوە.

هاوکات چووینە سەر جادەی بانە - سەقز و دەستمان بە ڕاگرتنی ئەو ماشینانە کرد کە لە بانەوە دەهاتن، زۆری نەخایاند کە حەمە بە سواری ئۆتۆمبێلێکی تۆیۆتاوە لە بانەوە گەڕایەوە. یەکسەر گرتم و دەمانچەکەیم لێ سەند و هەم حەمە و هەم حمەئەمین بە کەسێک سپارد بە ناوی قادر و پێم گووت دەبێ وریا بیت ئەوانە قاتڵی پێشمەرگەن ڕاکەن تۆ بەرپرسی. پاشان هاوڕێ لەگەڵ حاجی ڕەزا و خاڵە کەریم و سەید عەلی و دەستەیەک پێشمەرگە ڕوومان لە گوندی سیادەر کرد. پێش ئەوەی بگەینە ناو دێ بە چەند دەستە دابەش بووین. حاجی رەزا و ٧ پێشمەرگە بۆ بەرزاییەکانی پشت ئاوایی، سەید عەلی و چەندین پێشمەرگە بۆ بەرزاییەکانی بەرامبەر ماڵان و خۆم و خاڵە کەریم و چەند پێشمەرگەیەک ڕوومان کردە ناو دێ. دیارە شەهید سەید رەسووڵ و هیزەکەی هاوڕێشی لەو دیو ئاواییەوە وەستا بوون و چاوەڕێی بارودۆخەکەیان دەکرد. کوێخا شەریف بە وەزعەکەی زانی و ڕووی لە بەرزاییەکانی پشت ئاوایی کرد، دیارە دوایی زانیمان کە لەوێ سەنگەری بتوونی قاییمی ساز کردبوو و ئەگەر بگەشتایەتێ ڕەنگ بوو بە زەحمەت خۆی بدات بە دەستەوە. بە هەر حاڵ زۆری نەمابوو کە بگاتە سەر بەرزاییەکە کە حاجی ڕەزا و پێشمەرگەکان تەقەیان لێ کرد و بە ناچار گەرایەوە بۆ جێگەکەی پێشووی، دیارە بە داخەوە حیزب بڕیاری دابوو کە دەبێ بە زیندوویی بگیرێت، هەر بۆیە ئێمە خۆمان لە کوشتنی پاراست. بە هەر حاڵ زیاتر لە ٢ کاتژمێر بە چەندین نەوع چەک تەقەی لێ کردین، پاش ئەو دوو کاتژمیرە کە ئیتر تەقەمەنییەکەی ڕوو لەکزی بوو، هاواری کرد: ئەگەر قادر شۆڕش یان محەممەدئەمینی برایتان لەگەڵ بێت ئەوا خۆم ئەدەم بە دەستەوە. ئیتر من و خاڵە کەریم سوتاو چوینە پێش و هەر کە ئێمەی دیی تەقەی لێ کردن خەریک بوو بمانکوژێت. لە کورتی بیبرێنمەوە تا

دوا فیشەک شەڕی لەگەڵ کردین و کە تەقەمەنی پێ نەما ناچار خۆی تەسلیم کرد. دوای گیرانی داوای کرد کە بیبەینەوە بۆ ماڵەوە چاوی بە خاوخێزانەکەی بکەوێت و وەسیەت بکات، کە بردمانەوە بە ژنەکەی کە ناوی ئامین بوو گووتی کراسە تازەکەم بۆ بێنە. ژنەکەی کراسەکەی بە هەلە هێنا بوو، لێی تورە بوو گووتی کراسە تازەکەم، هەر کە وای ووت من شکم تێ گەرا و پێش ئەوە بیدات بە کوێخا لێم سەند، کە سەیرم کرد ٢ نارنجۆکی ٤٠ پارچەی تێدا بوو، وا دیار بوو بە نیاز بوو لە دوا ساتەکانیش دا زەبرێکی دیکە بوەشێنێت. قوڵبەستمان کرد و لەگەڵ ئەو هێزەی کە شەهید سەید ڕەسووڵی بابی گەورە هێنابووی هاوڕێ لەگەڵ حەمەی ژنبرای و حەمەئەمینی برای ڕەوانەی دەفتەری سیاسیمان کرد، بەڵام بە داخەوە حیزب ئێعدامی و نەکرد و پاشان لە بەندیخانەی حیزب لە شاری مەهاباد هەڵات و چووەوە ناو ڕێزەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێران و تا دواساتەکانی ژیانی بە جاشیەتی و سەرشۆڕی مایەوە و سەرئەنجام بە تەقینەوەی مینێک کە لە لایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە دانرابووەوە کوژرا.

دیارە پاش تێپەڕینی ماوەیەک بە سەر ڕووداوەکە دا لە نامەیەکی ڕەسمی دا کە لە لایەن شەهید سەرگورد عەبباسی،یەوە بۆ من نێردرابوو، سپاس لە خۆم و هاوڕێکانم کرابوو سەبارەت بەو کارە گرینگە کە کردوومانە و خائینێکی گەورەی وەک کوێخا شەریفمان دەستگیر کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی : ١٠ی فێوریەی ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

## پێویستە بەستێن و شێوازە جیاوازەکانی خەبات بە تەواوکەری یەکتر چاو لێ بکرێن



**د. ئاسۆ حەسەن زادە**

(پوختەیەک لە قسەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێورەسمی ڕۆژی خوێندکاری کورددا)

خوێندکارانی خۆشەویست، هاوڕێیانی بەڕێز!

پیرۆزبایی ڕۆژی خوێندکاری کوردتان لێ دەکەم و دەسخۆشی بە بەڕێوەبەریی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد دەڵێم بۆ هەموو ئەو کار و چالاکییەی لە چەند ساڵی رابردوودا لە پەنا ئەرکی حیزبی و خەباتگێڕییان، لە بەستێنی خوێندکاریدا کردوویانە.

هەرچەند جێی داخە کە گەلەکەمان لە دیاریکردنی ڕۆژەکان و داهێنانی هێماکانیشدا پەرشوبڵاو و دابەشە، بەڵام دیاریکردنی ڕۆژی شەهیدبوونی سمایلی شەریفزادە وەک ڕۆژی خوێندکاری کورد تەواو لەجێی خۆی دایە. میللەتان کاتێک ڕۆژێک وەک ڕۆژی خوێندکار دیاری دەکەن عادەتەن ڕووداوێک هەڵدەبژێرن کە مانا و مەفهوومەکەی ئەولاتر لە بەستێنی خوێندکارییە. لە ئاستی نێونەتەوەییدا ١٧ی نۆڤامبر وەک ڕۆژی خوێندکاران دیاری کراوە کە ئەو ڕۆژەیە خوێندکارانی پراگ بە ئیعتراز لە داگیرکاریی ئاڵمانی نازی خۆپێشاندانیان کرد و ژمارەیەکیان لێ شەهید بوو. لە ئێران دەزانین کە ئەو ڕۆژە ١٦ی سەرماوەزە کە ئەویش ڕۆژی گیان لەدەستدانی چەند خوێندکاری زانکۆی تارانە کە بەدژی هاتنی ریچارد نیکسۆن لەپاش کوودێتای ٢٨ی گەلاوێژ خۆپێشاندانیان کردبوو. ڕۆژی خوێندکاری ئێمەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یا لانیکەم لە

بنەماڵەی دیموکڕاتدا ڕۆژی شەهید بوونی سمایلی شەریفزادەیە، لەبەر ئەوەی سمایلی شەریفزادە هەر تەنیا خوێندەوار و ڕووناکبیر نەبوو، بەڵکوو تێکۆشەرێکی بەئیمان و بەکردەوەی ڕێگای ڕزگاریی میللەتەکەشی بوو و لە تاقیکاریی هەردوو بەستێنی ئەساسیی خەباتدا سەربڵندانە دەربازی نەمری ببوو. ئەو کوڕی میللەتی خۆی بوو، بەڵام بە بازنە فراوانەکانی خەبات و سیاسەتیش لە کوردستان، لە ئێران و لە ناوچەدا ئاگادار بوو و دەیزانی لە جیهاندا چ دەگوزەرێ.

هەروەک چۆن سمایلی شەریفزادە دوو ژیانی یەک لەدوای یەکی هەبوو واتە لەپێشدا ژیانی خوێندکاری و ڕووناکبیری و پاشان ژیانی خەباتگێڕی و پێشمەرگانە، یاد و سەمبولی شەریفزادە لە بیرەوەریی بەکۆمەڵی ئێمەشدا دوو قۆناغ ژیاوە. قۆناغی یەکەم کە بەردرێژترە بریتییە لە ئەزموونی سمایلی شەریفزادە وەک تێکۆشەرێکی دیاری بزوتنەوەی ٤٧ - ٤٦. وەک دەزانین خوێندنەوەی جۆربەجۆر لەبارەی ئەنگیزەکانی ئەو بزوتنەوەیە کراوە و پرسیار دروست کراوە کە داخوا ئەو بزوتنەوەیە چەندە لەژێر جەبری واقیعێکی سەختدا و چەندە بە ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانەوە وەڕێ خراوە. بەداخەوە ئەوەی لە ناخودئاگای ئێمەدا جێی گرتوە شکستی ئەو بزوتنەوەیەیە. زێهنیەتێکی خراپ کە لەنێو ئێمەدا هەیە ئەوەیە کە زۆر جار دروستی و بەجێبوونی حەرەکەتێک بە سەرکەوتنی حەرەکەتەکە دەبەستینەوە. سەرکەوتنیش تەنیا لە باڵادەستیی مەیدانی و ئازادکردنی خاک و گەڕانەوە و مانەوەمان لەنێو خەڵکدا دەبینین بەبێ ئەوەی دەسکەوتە زێهنی و گوتاری و هێماییەکانی حەرەکەتەکان لە مەسیری تاریخیدا لەبەر چاو بگرین. ئەگەر قەرار بێ بە ڕەبەی سەرکەوتن حوکمی هەقانییەت بۆ بزوتنەوەی ٤٧ - ٤٦ و گیانبازیی سمایلی شەریفزادە و هاوڕێیانی سادر بکەین، ئەودەمی کۆی خەبات و خۆڕاگریی میللەتەکەمان دەچێتە ژێر پرسیار، چونکە هەتا ئێستا بەداخەوە کاروانی ئەو خەباتە بە مەقسەدی ئامانجەکانی خۆی نەگەیشتوە. لەوەش زیاتر، ئەگەر بەڕاستی ئەو حەرەکەتە بەرهەمی ئیرادە نەبا، ئەوا پاش تێکشکانیشی نەدەبوو بە سەرمەشق و ڕچەشکێن بۆ حەرەکەتی لەم چەشنە لە ئاستی ئێراندا. هەروەک دەزانین بزوتنەوەی «سیاهکەل» کە لە یادەوەریی بەکۆمەڵی سەرجەم ئازادیخوازانی ئێران (نەک تەنیا هەر لەلای چەپەکان) وەک ئەزموونێکی پڕشنگدار چاو لێ دەکرێ، دوای بزوتنەوەی ٤٦ - ٤٧ بەڕێوە چووە.

قۆناغی دووەمی بەسەمبولبوونی سمایلی شەریفزادە لە کۆگای هەست و نەستی سیاسیماندا ڕەهەندی یەکەمی ژیانی ناوبراو و ئەو شتەیە کە ئەمڕۆ ئێمە بۆی کۆبووینەوە، واتە ئەوە کە ئەو کەسەی باسی دەکەین جیا لەوە کە سەردارێکی چەکبەدەستی میللەتەکەمانە، خوێندکار و ڕووناکبیرێکیش بووە. بەخۆشییەوە ئەو ڕەهەندە دووەمەی کەسایەتی و ژیانی سمایلی شەریفزادە لە ساڵانی ڕابردوودا تا هاتووە زیاتر باس کراوە و هیوادارم لەمەودواش هەروا بە زیندوویی ڕابگیرێ. ئەم هەوڵدانەوەیەی ڕەهەندی دووەم دەرفەتی ئەوەمان پێ دەدا کە هەردوو لایەنی ژیان و کەسایەتیی ناوبراو و هەردوو بەستێنی سەرەکیی خەباتمان بە یەکتر ببەستینەوە. سەرنجڕاکێشە کە لەبیرمان بێ کە لەو شوێنەی «قندچی»یەکان و «بزرگ نیا»کان و

«شریعت رضوی»یەکان لە زانکۆی تاران شەهید دەبن، خوێندکارە خەباتگێڕەکەی ئێمە لە «دارێنە»ی بانە شەهید دەبێ. ئەوە لەخۆڕا نیە و بۆ دۆخی گەلی ئێمە و بۆ جۆری خەباتی میللەتەکەمان مانا و مەفهوومی تایبەت بە خۆی هەیە.

لەنێو هەموو ئەو دەرسانەدا کە دەبێ لە ژیان و کەسایەتیی سمایلی شەریفزادە فێری بین، لە دیدی منەوە دوویان زۆر گرینگن: یەکەم، ئێمە لە عەینی ئەوەدا کە دەبێ ئاگاداری ڕەوتی ڕووداو و ئاڵوگۆڕ و پرۆسە سیاسییەکانی دەوروبەری خۆمان لە ئێران و ناوچە و جیهاندا بین و شوێنەوار لە مەسایل و چەمکەکانی سەردەم وەربگرین و خۆمان لەگەڵ هەلومەرجە جیاوازەکان بگونجێنین، پێویستە پێش هەموو شتێک پشت بە هێزی خۆمان ببەستین، چەمکەکان بەخۆماڵی بکەین و ڕوانین و ئاجێندای تایبەت بە خۆمانمان هەبێ. دووەم، دەبێ تێ بکۆشین پێوەندیی نێوان کۆمەڵێک شت بە قازانجی خەباتی میللەتەکەمان بگۆڕین یان وردتر بڵێم کۆمەڵێک ناڵێکی لە دەروونی بزوتنەوەی کوردیدا هەن کە دەبێ هەوڵ بدەین نەمێنن. ئەزموون و چارەنووسی شەریفزادە نوختەی تێکگیرانی کوردبوون و لە ئێراندا ژیان، هەروەها کوردی ڕۆژهەڵات بوون و کەوتنە باشووری کوردستان لەلایەک و خاڵی بەیەکگەیشتنی شۆڕش و زانست یان خەبات و مەعریفەت لەلایەکی دیکەیە. دەزانین کە سمایلی شەریفزادە کاتێک بۆ خوێندن لە مەهابادەوە دەچێتە تاران، وێڕای ئەوە کە پێشتر ڕەکێشی خەباتی حیزبی دێموکرات بووە، ئەوە هەروەها لە پەراوێزی هاوپێوەندی لەگەڵ شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستانە کە قاچاغی ئەم دیوەی کوردستان کە ئەو کاتە سەرکردەکانی حیزبی دێموکراتیشی لێ بوون، دەبێ. کەچی ئەو کاتە نە پێوەندیی نێوان شۆڕشی کورد لە هەردوو بەشی کوردستاندا بە چەشنێک بووە کە دەرەتانی بردنەپێشی خەبات بۆ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو جۆرەی بۆخۆیان ئارەزوویانە هەبووە؛ نە وەزعیەتی نێوماڵی حیزبی دێموکراتیش وەک پێویستە توندوتۆڵ و یەکگرتوو بووە هەتا ڕووناکبیرێکی وەک وی بتوانێ بە تەواوی خۆی تێدا ببینێتەوە. ئێمە ئەمڕۆش لەگەڵ ئەم کەمایەسییانە بەرەوڕووین. ئێستاش هەم هاوپێوەندیی نێوان پارچەکانی کوردستان بەتایبەتی لەنێوان باشوور و ڕۆژهەڵات لاسەنگ و پڕ لە کەموکوڕییە و زۆر جار بەرژەوەندییە خەباتگێڕییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات دەبنە قوربانیی بەربەستەکانی دۆخی زاڵ بەسەر پارچەی دیکەی کوردستان، هەم ڕیزی تێکۆشەرانی گەلەکەمان بەتایبەتی بنەماڵەی دێموکرات یەکگرتوو نییە؛ هەم جێگە و پێگەی فیکر و توانای سەردەمی لە سازوکاری خەبات و بەرنامەی تێکۆشانماندا وەک پێویستە ڕەنگدانەوەی نییە. ئێستاش ئەو زەروورەتە کە هەر چەشنە سیاسەتسازییەکی جیددی و هەر بەرنامەیەکی بەکردەوەی خەبات دەبێ لەسەر بنەمای زانستی گرێدراو بە واقیع بێ جێ نەکەوتووە. ئێستاش زۆر جار ڕووناکبیر و پێشمەرگە لە بەرامبەر یەکتر دادەنێین لە حاڵێکدا هەردووکیان دەتوانن شتێک لەوی دیکەیان تێدا بێ، یا لانیکەم یارمەتیدەر و پشتیوانی یەکتر بن. ئێمە ئەمڕۆ چ لە وڵات و چ لە دەرەوە، بە سەدان و هەزاران کەسی ڕووناکبیر و خوێندەوارمان لە هەموو بوارەکاندا هەیە کە وەک پێویست نەمانتوانیوە جەزبی خەباتیان بکەین یان لە ڕیزی خۆمان و لە دەوری خۆمان ڕایانبگرین. کۆمەڵگەیەکی سالم کۆمەڵگەیەک نییە کە هەموو تاکەکانی خەریکی سیاسەت بن، بەڵام گەلێک



سەرچاوە
Serchawe

کە لـە حـاڵی خـەبات بـۆ ئـازادی دایـە سـەرناکەوێ - سـەریش بکـەوێ بـە بـەختیاری ناگـا- ئەگـەر هـەموو چین و تـوێژ و تاکەکانی هەر کامە و لە شوێنی خۆیەوە لە حیکایەتی گەورەی ئەو گەلەدا خۆی بە بەشدار و ئەرکدار نەزانێ.

مێژووی گەلان نیشانی داوە کە چینی خوێنـدکار دەتـوانێ لـە ئـاڵوگۆڕە موسبەتەکاندا نەخشی گرینگ و کارساز بگێڕێ. بـۆ ئەوەش ئەوەندە بەسە کە چاو لە ئینقلاب و ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتـانی وەک لەهستان، پۆرتوغـال، ئـەمریکا، بریتانیـا، چین، ژاپۆن، پێروو و... دەیانی دیکە لە سەدەی ڕابردوودا بکەین. تایبەتمەندیی هەرە دیاری بزوتنەوەی خوێندکاری ئەوەیـە کـە خوێندکاران تەنیا بۆ داخوازییە سینفییەکانی خۆیـان ڕاناسێن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هەم لاون و هەم زۆر پەنجەرەی ڕوانـین بەسەر مێژوو و بەسەر دنیایان لەبەردەمە، جیهانبینییەکی فراوانیان هەیە و خەون و ڕۆئیای وان بۆ هـەموو کۆمەڵگەیـە. لـە بزوتنەوەی خوێندکاریی مانگی مای ١٩٦٨ی فەڕانسەدا خوێندکاران هەر تەنیا بەدژی هەلومەرجی خراپـی ژیـان و خوێنـدن و پێکهاتە و نێوەرۆکی وشک و داخراوی زانکۆ و ماددە دەرسییەکان ڕانەپەڕیبوون، بەڵکوو بەگشتی دژی کۆمەڵگەی مەسرەفی و کۆنەپارێز بوون و خوازیاری ئازادی و یەکسانیی زیاتر و کۆمەڵێک نۆرم و بەهای نوێ بۆ سەرجەم کۆمەڵگە بـوون. لـەخۆڕا نەبوو کە چین و توێژەکانی دیکەش نەک هەر لە فەڕانسە بەڵکوو لە وڵاتـانی دیکـەش پشتیوانییان لـێ کـردن هـەتا ئـەو بزوتنەوەیـە بـە قیمـەتی بوومەلەرزەیـەکی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و دامـەزراوەیی لـە فەڕانسـە تـەواو بـوو و گـەورەترین دەوڵەتمەردی مێـژووی وڵات لـەدوای نـاپلیۆن، واتـە ژنـڕاڵ دوگـۆل، ناچـار بـوو بـە قـازانجی دێموکڕاسـی و ئـازادیی زیـاتر ئاکامگیری لێ بکا.

ئێمە دەبـێ ئـەزموونی بزوتنـەوە خوێندکارییـەکانی دنیـا و پێوەنـدییان بـە ئـاڵوگۆڕە سیاسییەکانەوە بـۆ باشکردنی ئـەمری سیاسـەت لـە وڵاتـی خۆمـان بـەکار ببـەین. لـە پۆلێنبەنـدیی بزوتنـەوە کۆمەڵایەتییەکانـدا دوو پێـوەر هـەن کـە زۆر بـەکار دەبرێن: یەکـەمیان بریتییـە لـە بەرفراوانی و پێگـەی جەماوەریی بزوتنـەوەکان، دووەمیشـیان بریتییـە لـە جـۆری داواکـان و ڕادەی ڕادیکاڵیی داخوازەکـان. بزوتنـەوەی خوێنـدکاری بـە سروشـتی خـۆی هـەم پۆتانسیەلی بەجەماوەری بـوونی زۆرە، هـەم قابلییەتی ڕادیکاڵیزم. ئەوە نموونەی خاسیەتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە کە دەتوانێ لە ئاشتکردنەوە و پێکەوە گرێدانی بزوتنـەوەی سیاسـی و بزاڤـی مـەدەنی یارمـەتیمان بـدا. ئێمـە زۆر جـار لـەخۆڕا بەسـتێنی شۆڕشگێڕی و بەسـتێنی مـەدەنی لـە بەرامبەر یەک دادەنێین. هەڵە دەبێ ئەگەر پێمان وابێ هەرچی لە بەستێنی مەدەنی‌دا بکرێ ئـەوە تـەنیا لـەپێناوی داوای بچووکە، ئەوە تەنیا بۆ سازان لەگەڵ سیستمی مەوجوود و ئەوپەڕەکەی بۆ ریفۆرمی سیستمە. بەپێچەوانەشـەوە، هەڵـە دەبـێ ئەگەر بڵێین هەرچی لە بەستێنی چەکداری و شۆڕشگێڕی‌دا بکرێ ئـەوە مسۆگەر لـەپێناو داوای گـەورە و ویسـتی ڕادیکاڵـە. ئێمە دەبێ ئەو بەستێنانە تـەنیا وەک زەرفێک بـۆ کـاری سیاسـی و خـەباتگێڕی چـاو لـێ بکـەین بـەبێ پێشداوەری لەسـەر ماهیەت و مەرام و بەرهەمیان لە درێژخایەندا. دەکرێ لەژێر پێستی بەستێنی ناوخۆدا ڕادیکاڵیزمێکی ڕەوا هـەبێ کـە لەبـەر

ئەوەی سەرنجی نادرێتێ پۆتانسیەلەکەی بە فیڕۆ دەچێ، هەروەک کە دەکرێ بەستێنی حیزبەکانیش لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە کۆتایی بە ڕکابەری و تاکڕەوییەکانی نێوخۆی بێنێ، لە ئەنجامدا ببێتە هۆی دابەزاندن و دوورکەوتنەوە لە وەدیهێنانی ئامانجە ستراتژییەکان. لەهەرحاڵدا دروست وایە ئەو بەستێن و شێوازە جیاوازانە نەک بە موزاحیم بەڵکوو بە تەواوکەری یەکتر چاو لێ بکەین و بۆ ئەوەش بزوتنەوەی خوێندکاری دەتوانێ یەک لە باشترین نموونەکانی وەها هەماهەنگی و پێکگرێدانەوەیەک بێ.

هەمووی ئەم قسانە لەگەڵ واقیعیەتی ئێستای بزوتنەوەکان لە نێوخۆی وڵات زۆر لێک دوورن. بزوتنەوەی خوێندکاری لە مێژووی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێراندا هەمیشە نەخشی گرینگ و چارەنووسسازی گێڕاوە. ئەگەر ڕۆڵی ڕێکخراوی خوێندکاریی حیزبی توودە، کۆنفیدراسیۆنی خوێندکاران، و زۆر تەشەکولی دیکەی خوێندکاری لە سەردەمی ڕێژیمی شا کە دواتر دروستبوونی ڕێکخراوی گەورەی سیاسییان لە ئێران لێ کەوتەوە لەبەرچاوبگرین، ئەودەم تێدەگەین کە بۆچی لە سەرەتای ئینقلابدا کۆماری ئیسلامی زانکۆکانی داخست. هەروەها ئەگەر مەترسیی بزوتنەوەی کەمپی زانکۆ لە ساڵی ۱۳۷۸ و ئیعترازاتی خوێندکاران لەدوای هەڵبژاردنی ساڵی ۱۳۸۸ بۆ سەر نیزامی کۆماری ئیسلامیمان لەبەرچاو بێ، ئەودەم دەزانین کە بۆچی سی ساڵ پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ڕێبەری نیزام تازە لە فکری بەڕێوەبردنی ئینقلابێکی دیکەی فەرهەنگیدا بوو. بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ لە ئاستی ئێراندا لەگەڵ ئەوە کە خەڵک زیاتر لە هەر کاتێک لە کۆی ڕێژیم بێزار بوون و جەسوورانەتر و بەربڵاوتر لە هەر سەردەمێک نارەزایەتیی خۆیان بەدژی ئەو سیستمە دەردەبڕن، کەچی سۆراغێک لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و بزوتنەوەی خوێندکاری بەتایبەتی بەدی ناکرێ. ئەوەش لەبەر ئەوە نییە کە بڵێین سەردەمی بەناو ئیسلاحات بۆ هەڵدانی ڕێکخراوەکان لەبار بووە و ئەحمەدی نژاد لەباری بردووە یان ئەوە کە بڵێین دەورەی ئەوەڵی سەرکۆماریی ڕووحانی لە دەورەی دووەمی باشتر بووە. بەڵکوو دەبێ لە شوێنی دیکە، لەبەر ڕووناکایی پیلانەکانی دەسەڵات و بێمتمانەیی خەڵک و سیناریۆ نادیارەکانی ناوچە و لە دینامیزمەکانی تایبەت بە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لە زێهنیەت و مەرامی نالێک و ڕارای ئێلیتەکاندا بۆ هۆکارەکەی بگەڕێین.

ئەوە بۆ کوردستانیش ڕاستە. جارێ هەر لە بنەڕەت ڕا دڵنیا نیم کە لە کوردستان هەرگیز خاوەنی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆمان (چ بۆ خوێندکاران چ بۆ چین و توێژەکانی دیکە) بەدوور لە هەر جۆرە پاشکۆیەتییەک لەناوەوە و لە دەرەوەی خۆماندا بووبین. ئێمە لە دەهەکانی ڕابردوودا بە هەزاران چالاکی خوێندکاری و زۆر تەشەکول و ئیبتکار و فیداکاریمان لەو بەستێنەدا دیتووە، بەڵام بزوتنەوەیەکی خوێندکاریی تایبەت بە کورد و داماڵراو لە پاشکۆیەتیی ڕەوتە سەراسەری و دەرەکییەکان کەمتر ڕۆئیەتی هەبووە. ئەمڕۆ لەحاڵێکدا کە سەرکوت لە جاران زیاتر نییە، لەحاڵێکدا کە خەڵک لە جاران زیاتر لە مەیدان دایە، لە حاڵێکدا کە چینێکی بەرفراوانتری نەوەی نوێ خوێندکار و وشیارە، کەچی

تاکەکان لە سۆنگەی چین و توێژی خۆیانەوە و لە چوارچێوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا وەک پێویستە خۆ دەرناخەن. ئەوەندەی دوورکەوتنەوە لە تەعەلوق و ئینتما خێڵەکی و شارەکی و فەرهەنگییەکان لە بەستێنی گشتی و بۆ دەروەستیی سیاسی شتێکی پێویست و بەجێیە، ئەوەندەش کاڵبوونەوەی بنیاتی بزوتنەوە جەماوەرییەکان لەسەر بنەمای چین و توێژەکان بۆ جووڵەی سیاسیی کۆمەڵگە بەزیانە.

لە بەرامبەر وەها دۆخێکدا و وەک دوا وتە، دەمەوێ ئیشارە بە قسەی دوو کەس بکەم. ئالبێرت ئەنشتاین دەڵێ خوێندکار دەفرێک نیە کە دەبێ پڕی بکەین، بەڵکوو مەشخەڵێکە دەبێ دایگیرسێنین. شتێکی سروشتییە کە ئێمە وەک حیزبەکان هەر کامەمان ڕێکخراوی تایبەت بە توێژی خوێندکار یان توێژەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگەمان هەبێ. لە فەڕانسەش هەر بەم جۆرەیە. بەڵام هەموومان کاتێک لەو کارەدا سەرکەوتوو دەبین کە لێگەڕێین بزوتنەوە جەماوەرییەکان بەجیا لە خۆمان و تەنانەت سەربەخۆ لە ئێمە شکڵ بگرن. ئێمە نابێ پێمان وابێ ئەوە ڕۆڵ و کاریگەری لە حیزبەکان دەستێنێتەوە. بەپێچەوانەوە حیزبەکان لە کۆتایی ڕۆژدا لەمە سوودمەند دەبن نەک بەو مانایە کە پاڵی لێ بدەنەوە و ئەرکی دروستکردنی گۆڕانکاری تەنیا بۆ خەڵک بەجێ بێڵن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هەر کاتێک کۆمەڵگە هەستا دواتر دادەنیشێتەوە و ئەوە سیاسییەکانن کە دەبێ ئیدارەی کۆمەڵگە بگرنەوە دەست. ئەمڕۆ لە دنیادا تۆڕێکی خوێندکاران هەیە بە ناوی ئینقلابی دائیمی، ئەمەش نەک بە مانا مارکسیستی و «ترۆتسکی»یەکەی، بەڵکوو بە مانای ئەوە کە هەمیشە لە کاری سیاسی و جڤاکیدا دوورەدیمەنێک لە ئیدەئال و بەها ئینسانییەکان لەپێش خۆمان ڕابگرین و قەت ئەو خەون و ئیدەئالانە تەسلیمی واقیعە هەنجارکوژ و ئومێدئەستێنەکان نەکەین. بە باوەڕی من ئینقلابێک کە لەودا بزوتنەوەی خوێندکاری ڕۆڵی تێدا نەگێڕێ، ئینقلابێکی بێئارمانە.

قسەکەی دیکەم بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ ئەساڵەتی خۆمان لە عەینی نوێبوونەوە دایە. لێرەشدا دەمەوێ ئیشارە بە بەیتە شێعرێکی نەمر مامۆستا سەید جەلالی حوسەینی بکەم لەبارەی بەقەولی خۆی «نەقڵی دارێنە» و خیانەتی کوێخاشەریف و گیانبازیی سمایلی شەریفزادە فەرموویەتی. من لێرەدا هەم بە هۆکارێک شێعرەکە ناڵێم، هەم بۆ ئەوەی خوێندکارانی بەهەست بۆیان پرسیار بێ و بۆخۆیان وەدوای بکەون. بەڵام چەند سەرنجڕاکێشە کە ڕابەرێکی ئایینی شێعری بۆ ڕووناکبیرێکی لاو کە بیروباوەڕی فەلسەفییان وەکیەک نەبووە، داناوە. ئەوەیە داستانی میللەتی ئێمە، ئەوەیە غرووی میللەتی ئێمە. بەو هیوایە کە نەقڵی دارێنە هەر بە زیندوویی ڕابگرین بۆ ئەوەی کوێخا شەریفەکان لەنێو میللەتی ئێمەدا نەمێنن و لەجیاتیان شەریفزادەکان هەر زۆر و زۆرتر بن. سوپاستان دەکەم و هەربژین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی ٦ی مای ٢٠١٩

## ژیان لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و خەبات کردن




**بیرو باوەرو بەرخۆدانی سمایل شەریف زادە دروشمی هەرمانی نەوەی نۆیە.**

بیرو هەزری سمایل شەریف زادە هەنووکە نەتەوەی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەبێ دریژەی پێ بدەین تەنیا ڕیگایەکە کە دەتوانێ کورد و شۆڕش بەرەوە هەلکشان بەریتەوە و لە ئامانجەکان نیزیکمان کاتەوە سڵاو لەو کورو کچانەی ئەم ڕیگایە دریژە دەدەن ودەی بووژینەوە.لەوەتا ئەم شیوە خەباتە لاواز بۆەکورد لە ئامانجەکانی دور کەتۆتەو تووشی هەڵخلیسکان و دابڕان وپڕشووبڵاوی بۆە تەنیا شیوەیکی خەباتە کە هەر دەم دەتوانێ هەستی ناسۆنالیستی و باوەڕ بەخۆ بوون زیندوو بکاتەوە.هەرچەند کورد باوەری بە شەر نییە وپیی وانییە لە ڕیگای شەرەوە بە ماف وئامانجەکانی بگات،بەڵام ناچارین پەنای بۆ بەرین وکوردستان لەو زیاتر نەبیتە گۆرەپانی ڕمبازینی دوژمنانی گەل و ئازادی نیشتمان زۆر جار ئەم باسە دیتە گۆڕی کە کورد شەڕخواز نییە ئەدی بۆ ئەوەندە پەنا بۆ جەک دەبا لە ڕاستیدا دەبێ بڵیین کورد دیفاعی کردۆو ئیستاش ئەوە مافی کوردە کە لە کوردستان دەوری هەموو شکڵ و شیوەکانی خەبات ببینی هەر چەند دوژمن مەجالی پێ نادات و بە هەموو توانایەوە بە هیزی داگیر کەرو هەموو جۆرەکانی چەک وتەقەمەنی هیرشی دەکاتە سەر و تەرو ویشک پیکەوە دەسووتینێ.هیچ سنوریک بۆ جاری گەردونی ماڤی مرۆڤ دانانێ بەڵام بەو حاڵەش دەبێ ئیمە نەیەڵین ئەم شیوە خەباتە لە وەزیاتر بە وەجاخ کۆری بمینیتەوە و ئیمە مافی خۆمانە بچینەوە ناو کوردستان و چالاکی بکەین بە بێ ئەوەی شەر بکەین مادام دوژمن مەجال بە هیچ چەشنە چالاکی سیاسی و مەدەنی نادات ئیمە ناجارین دیفاع بکەین ،قەت جاریک ئیمە نەچووین لە تاران و تەوریز شیراوز دیزفول و شارەکانی غیرە کورد هەلسورانی سیاسی تەشکیلات و تەبلیغاتی بکەین تەنیا هەریمی کوردستان ڕۆژهەڵات بۆە ئیمە خەباتمان تیدا کردۆە بەلام بەو حاڵەش ڤە دوژمنانی کوردو کوردستان ئەو مافەیان بە ئیمە کورد ڕەوا نەبینیوە هیرشیان بۆ کردوین فتوای ناشەرعی ونامرۆڤانەیان بە سەر کوردا داوە بە هەموو

سیوەیەک ژینۆ سایدیان کردوین و شارو گوندو هەردی کوردستان بۆردمان کردۆە بۆیە هەنووکو گەڵی کورد دەخوازی هێزە سیاسیەکان ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لیبوریوە لە هەڵەکانی ڕابردوو ئەم جارە بە یەکیەتی و یەک ڕیزیوە بەرنامەی ستراتیژیان هەبێ بۆ جالاکی بەربەرین و مادام دوژمنی ئیسلامی و دیکتاتۆرو تیرۆریست هیچ سنوریک ناناسی بۆ سەرکوتی کورد و کوردستان ئەم جارەیان نەوەی نوێ دەبێ بڕیاری مان و نەمانی خۆی بداو بە گژ هەموو پلانەکانی دوژمناندا بچیتەوە.

لە ساڵرۆژی شەهید بوونی سەرکردەی نەتەوایەتی کاک سمایل شەریف زادە دا سەری کرنۆش بۆ ڕووحی پاکی وڕێگای پیرۆزی دادەنونینو هەتا ماوین دریژە دەری ریبازی هەمیشە زیندووت ین ئەی کاک سمایلی ژیرو وریا ئەژنۆت بە دوژمن دادا. ئیستاش ڕێگاکەت چرای ڕیگای تیکۆشانمانە.

٣ی مای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# بە بۆنەی ساڵڕۆژی شەهیدبوونی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی وەچەیەکی ئەهلی کار و لەخۆبردوو



**ئاراس**

بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧ - ١٣٤٦لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان و لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا سەڕەرای کورتیی تەمەنی (١٨ مانگ) و سنوورداربوونی جوگرافیاکەی (ناوچەکانی سەردەشت، بانە، مەهاباد، بۆکان، پیرانشار) بە قوناخێکی گرینگ و شوێندانەر دێتە ئەژمار. گرینگیی ئەم بزووتنەوەیە دەکرێ بەم جۆرە فۆڕموولە بکەین:

**ئەلف**، لە دوای رووخانی کۆماری کوردستان راستە چالاکی و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بە هەموو هەڵکشان و داکشانیەوە رانەوەستابوو، بەڵام لە ئاست کاریگەری و رەنگدانەوەی ئەم بزاڤە لە کوردستان و ئێران زۆر کەمڕەنگ بوو.

**ب**، یەکەم جار بوو لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ڕێکخراوێکی حیزبی لە خەباتی ئازادیخوازانەی خۆیدا شێوازی خەباتی چەکدارانەی گرتبێتە بەر.

**ج**، ڕێژیمی پەهلەوی لەم ساڵانەدا تەواو هەستی بە سەقامگیری و ئاسایش دەکرد بە جۆرێک حەمەڕەزاشا ئێرانی بە دوڕگەی "ئارام"ی دەریای تۆفانلێدراوی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ناو دەبرد، بەڕێکەوت نەبوو کە پاش تێپەڕبوونی ٢٦ ساڵ لە

سەڵتەنەت، ساڵی ١٣٤٦ شا تاجی لەسەر نا. بزووتنەوەی ٤٦ - ١٣٤٥ ئارامیی ئەم دوڕگەیەی شێواند.

د: شوێنەواری ئەم بزووتنەوەیە تەنیا بە کوردستان سنووردار نەمایەوە، بەڵکوو بوو بەهۆی بەخشینی وزە و ورە بەو بیرۆکە چریکی‌یە کە هێشتا لە ئێران نەچووبووە قۆناخی کرداری‌یەوە و دوو ساڵ دواتر ڕووداوی (سیاهکل) بوو بە دەسپێکی خەباتی چەکدارانەی هێزە سەرانسەری‌یەکان بە دژی ڕێژیم.

ه: هەرچەندە ئەم بزاڤە لە رووی سەربازی‌یەوە تێکشکا، بەڵام لە رووی مەعنەوی‌یەوە بەشداربووانی ئەم بزووتنەوەیە بۆ دوو وەچەی پاش خۆیان بوون بە سیمبول و ئیلهامدەری خەبات و تێکۆشان.

و: ئەم بزووتنەوەیە کوردستانی تێکەڵ بەو ڕەوتە خەباتگێڕانەیە کرد کە لە دەیەی ١٣٤٠ی هەتاویدا لە "هانۆی"، "پراگ"، "هاوانا"، "ئەلجەزیرە"، "پاریس" و "غەنا" دا لە هەڵچوون و کەفوکوڵدا بوو.

لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنە لەسەر ئەم رووداوە بەهۆی کەمیی بەڵگە و دێکومێنت ئەستەم و دژوارە، بەتایبەتی کە بەشی زۆری ڕێبەرانی ئەم بزاڤە گیانیان لە دەستدا (١) و لە ڕێگەی ئەوانەوە هیچ چەشنە زانیاری‌یەکمان دەست ناکەوێ. ئەوەندەی هەیە چەند نامەیەکی سولەمان موعینی و سمایل شەریفزادەن کە بە نرخن و دوو سێ ژمارەی بڵاوکراوەی "تیشک" و هەروەها بیرەوەریی کەسانێک کە لە دوور و نزیکەوە پەیوەندی‌یان پێیانەوە هەبووە.

هەر ئەم کەمیی زانیاری‌یەش وای کردوە کە روانگە و بۆچوونی جیاواز لەسەر چۆنیەتیی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە بێتەگۆڕێ. بۆ وێنە: روانگەیەک پێی وایە "بارودۆخی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا لە لایەک و ئەو فشارە کە بۆ کادرەکانی حیزب دەهات لە لایەکی دیکەوە، هێندێک لە بەرپرسانی و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ناچار کرد، کوردستانی عێراق بەجێ بێڵن و بێنەوە کوردستانی ئێران". ئەوەی پرسیار دەخاتە سەر ئەم روانگەیە ئەوەیە ئەدی چۆن بوو بەدەیان ئەندامی رێبەری، کادر و پێشمەرگەی حیزب "ناچار" نەبوون باشووری کوردستان بەجێ بێڵن و تا کۆتایی بزووتنەوەکەش هەر لەوێ حاوانەوە. کەوابوو ئەو فورسەت و مەجالە بۆ ئەو تێکۆشەرانەش کە باشووری کوردستانیان بەجێ هێشت رەخسابوو و دەیانتوانی "ناچار" نەبن کوردستانی عێراق بەجێ بێڵن. ئەوەی کە خاڵی جیاکەرەوەیە لە نێوان ئەم دوو دەستەیە، فاکتەری ئیرادەیە کە لەلای بەشێکیان غایبە و ئەمە لە نامەیەکی "سولێمانی موعینی" دا بە روونی دەردەکەوێ: "مەگەر شەرایت نابێ ئەو پێشرەوانە بیخولقێنن و دروستی کەن، یا هەردەبێ ئوردووی سوور بێتەوە جا رزگار بین".

روانگەیەکی دیکە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بزووتنەوەکە دەسکردە و کەسانێک و ڕەوتێک لە پشتی بوون و دەڵێ: "حیزبی شیوعی ئەو کاتە هاوپەیمانیەتی دەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەبوو و بەم بۆنەوە لەگەڵ شۆڕش کە لە شەری حکوومەتی عێراقدا بوو کەوتبووە دژایەتی و ناکۆک بوون. تەبعەن حەزیان دەکرد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەرایەک ساز بێ، جا دەگاتە کوێ، کەیفی خۆیەتی، هەر هێندە کە دەگەڵ دەوڵەتی هاوپەیمانی خۆی بڕواتە پێش و ئومووراتی خۆی بۆ بڕوا بەسە. لە هەمان کاتدا لە بەرامبەر شۆڕشی باشوور کە رژێمی ئێران پشتیوانی لێدەکات، با ئەوانیش بە یاریدەی حکوومەتی عێراق لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، فیتنەیەک بنێنەوە." لەم پەیوەندییەدا دەبێ بگوترێ کە حیزبی شیووعی لەم ساڵانەدا نە تەنیا هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق نەبوو، بەڵکوو لە دوای کودەتای ساڵی ١٩٦٣ (١٣٤٢) کە بە هاوبەشی حیزبی بەعس و نەتەوەیی‌یەکان (عبدالسلام عارف) ئەنجام درا، حیزبی شیووعی بە توندی کەوتە بەر پەلامار و راوەدوونان، بە جۆرێک کە سەدان کادر و ئەندامی لێ زیندانی و ئیعدام کران. لەم ساڵانەدا (١٩٦٣ - ١٩٦٨ز) (١٣٤٢ - ١٣٤٧هـ) حیزبی شیووعی نە تەنیا ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات بوو، بەڵکوو لە کوردستان (لە شۆڕشی ئەیلوولدا) هێزی پێشمەرگەیان هەبوو و بەشداریی چەندین شەڕی گەورە وەک شەڕی "هەندرێن ١٩٦٦"یان کرد. ئەو هاوپەیمانەتی‌یەی حیزبی شیوعی و دەوڵەتی ناوەندی بۆ سەرەتای ٧٠کان دەگەڕێتەوە، واتە پاش کودەتای دووهەمی بەعسیەکان لە ساڵی ١٩٦٨دا؛ ئەوکات کە لەمێژبوو جولانەوەی چەکدارانە رۆژهەڵاتی کوردستان کۆتایی پێهاتبوو.

روانگەیەکی دیکەی سەرسوڕهێنەر دەڵێ: "بەرێوەبەرانی ئەم بزووتنەوەیە لە حەیفی ململانێی نێوخۆیی و حیزبی چوونەوە و خۆیان بە کوشت دا."بە پێچەوانە بەرێوبەرانی ئەم بزووتنەوەیە بە ئاگایی‌یەوە دەستیان داوەتە ئەم کارە و تەنانەت خۆیشیان بۆ گیانبەخشین لە پێناوی ئامانجەکانیاندا ئامادە کردوە. "سولەمان موعینی" لە نامەیەکدا بۆ "کەریم حیسامی" دەنووسێ: "زەمینەی هەموو شتمان ئامادەیە هەر تەنیا لە سەر مەسەلەی ئەودیو راوەستاوین، لایەکی وەلایەکی کەوێ، دەزگای قوڵی (مەبەست حەمەرەزا شایە) وە زەلزەلە دەخەین. ئەو ترس و هەرایەی هاویشتویەتی دڵی خەڵکی بەتایبەتی لە دەرەوە نایهێڵین، بە درێژایی سنوور تەنیومانە و بە جارێک بەسەریدا دەروخێین." "ئەمما مام حەمە کەریم ئەگەر شەهید بووین خەممان مەخۆ، مەڵێ بەخۆرایی چوو، ئێمە دەمانەوێ رێگا خۆش کەین... زانایانە و عادڵانە بێ ئەوەی خۆمان لەبەر چاو بێ دێینە مەیدانەوە..."

ئەمن بە پێچەوانەی ئەو روانگانەی سەرەوە لەمەڕ چۆنیەتیی پێکهاتنی بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧ -١٣٤٦ بیر دەکەمەوە و زەمینە و بەستێنی پێکهاتنی ئەم بزووتنەوەیە لە هۆکار و فاکتەری دیکەدا دەدۆزمەوە کە دەبێ بۆ تاوتوێکردنی بگەڕێینەوە بۆ هەل و مەرجی ئەوکاتی جیهان، ئێران و کوردستان.



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەر قبووڵمان بێ کە هەر دیاردەیەک تەنیا لە زەمینە و بەستێنی مێژوویی تایبەتیی خۆیدا دەکرێ بناسرێ، واتە پەیوەندیی نێوان دیاردە و ئەو بەستێنەی کە تێیدا پێکدێ مێژووی بڕاوەیە، هەروەها ئەگەریش قبووڵمان بێ کە هیچ ڕووداوێکی مێژوویی لە عەرزی ڕووت و قووت شین نابێ، واتە شتێکی "تجریدی" و "ابتدا بە ساکن" نیە، بەڵکوو پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێو قۆناغەکان و ڕووداوەکاندا هەیە. ئێستا لەبەر ڕۆشنایی ئەم لۆژیکەدا دەکرێ ئەو بارودۆخ و زەمینەیە کە بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٦ - ١٣٤٥ی تێدا پێکهات و لە دایک بوو، وێنا بکەین.

## ئەلف: فەزای سیاسی ئەو سەردەمەی ئێران

١- کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٢٢ شکستێکی مێژوویی بوو بۆ ئەو دێموکراسییە ڕێژەییە کە ماوەی ١٢ ساڵ بوو کەم و زۆر لە فەزای سیاسیی ئێراندا هەبوو و ڕێگەی بۆ سەرەڕۆیی و توندوتیژی خۆشکرد.

٢- کۆتاییهاتن بەو فەزا سیاسییە نیمچەکراوەیە کە لەنێوان ساڵەکانی ٤٢ - ١٣٣٩ بە هۆی ناکۆکیی نێوان حەمەڕەزا شا و عەلی ئەمینی، سەرۆک وەزیرانی جێی متمانەی ئەمریکاییەکانەوە پێکهاتبوو، کە تێیدا حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی قانوونی (بەرەی نیشتمانی) و بزووتنەوەی خوێندکاری سەرلەنوێ چالاک ببوونەوە.

٣- تێکشکانی خوێناویی ڕاپەڕینی جەماوەریی ساڵی ١٣٤٢ کە ڕووحانیەتی شیعە مودیریەتی دەکرد.

٤- حەمەڕەزا شا ڕێبەریی "شۆڕشی سپی"ی خۆی کردبوو کە ئەمریکاییەکان بەسەریاندا سەپاندبوو و لە پڕوپاگەندەی خۆیدا نەمانی سیستەمی فئۆدالیی بە گوێی جیهان ڕاگەیاند و لە درێژەی ریفۆرمەکانیدا ڕێگەی بۆ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خۆش کرد و ئەو سەرمایەدارییەی بە ئابووریی سەرمایەداری جیهانییەوە گرێ دا.

## ب: بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆن

دوو هێزی سەرەکی کە نەیاری حەمەڕەزاشا بوون بریتی بوون لە حیزبی توودە و بەرەی نیشتمانی. حیزبی توودە دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و ئەو زەبرەی لەلایەن ڕێژیمەوە لێیدرا لە ڕاستیدا تا شۆڕشی ساڵی ٥٧ نەیتوانی پشت ڕاست بکاتەوە و لەو سەردەمەدا وەک حیزبێکی دوورخراوە کە ڕێبەرانی لە "لایپیزیک"ی ئالمانی ڕۆژهەڵات بارەبنەیان خستبوو، زۆرتر لە دوورەوە چاوەدێر و بینەری ڕووداوەکانی ئێران بوو.

بەرەی نیشتمانییش کە لە ساڵی ٣٩دا سەرلەنوێ لە ژێر ناوی بەرەی نیشتیمانی دووهەمدا خۆی ڕێکخستبۆوە بەنیاز بوو لە ڕێگەی چالاکیی قانوونییەوە درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدا، کەوتە بەر پەلاماری دەزگا پۆلیسی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم و زۆربەی ڕێبەرانی گیران و زیندانی کران یان دوورخرانەوە و بەم جۆرە شکانی گشتیی ئۆپۆزیسیۆن عەمەلی بوو.

ئێستا دەکرێ بڵێین کە شکان و سەرکوتی خوێناویی راپەڕینی ساڵی ١٣٤٢ و بەدوای ئەودا سەرکوتی ئۆپۆزیسیۆنی قانوونی وەک دوایین ئەزموونی چالاکیی ئاشکرا و دیموکراتیک کە تا ئەوکات هەوڵیان دەدا لە رێگەی خۆپیشاندانی هێمنانە و مانگرتن و رێگە یاساییەکانی دیکەی نارەزایەتیدەربڕینەوە لە خەبات بە دژی رێژیم بەردەوام بن لەلایەک، و سەپاندنی کەش و هەوای فشار و سەرکوت و دەستئاوەڵایی ساواک بۆ راوەدوونان و گرتنی نەیارانی سیاسی لەلایەکی دیکەوە، نیشانەی داخرانی رێگەکانی خەباتی ئاشتیخوازانە و هێمنانە بوون و شکست و سەرنەکەوتوویی ئەو شێوازانەی خەباتی بۆ تێکۆشەرانی سیاسی دەرخست. بەم جۆرە رێگە بۆ دۆزینەوەی شێوازی نوێی خەبات کرایەوە کە ئەویش خەباتی نائاسایی و نائاشتیخوازانە بوو، بەتایبەت کە کەشوهەوای سیاسیی جیهانیش بەتایبەتی لە وڵاتانی "جیهانی سێهەم" کە تێیدا گوتاری شۆڕش و رادیکالیزم زاڵ بوو، بۆ پەنابردن بۆ شێوازی توندوتیژانە هاندەر بوو.

موهەندیس مەهدی بازرگان کە بە تاوانی ئەندامبوون لە "نهضت آزادی" دا گیرابوو ساڵی ١٣٤٣ لە پێشبینییەکی واقیعبینانەدا لە بەردەم دادگای نیزامی بەرپۆوەبوونی تارمایی سەردەمێکی نوێ لە خەبات رادەگەیەنێ و دەڵێ: "ئێمە دوایین کەسانێکین کە لە رێگەی قانوونی بنەڕەتیی مەشرووتەوە خەباتی سیاسی دەکەین، ئێمە چاوەڕوانیمان لە سەرۆکی دادگا ئەوەیە کە ئەم تێبینییە بە کاربەدەستانی سەرەوەش رابگەیێنێ"

### ج: خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە جیهاندا

لەم قۆناغە لە مێژوودا ئەگەر گوتاری زاڵ لە "جیهانی سێهەم" دا گوتاری شۆڕش و رادیکالیزمە، شەپۆلی رادیکالیزم و هەوڵ بۆ گۆڕینی نۆرم و بایەخەکانی باو و کۆن، ئەمریکا و ئورووپاشی گرتەوە. ئەو قۆناغە لە زەمان شاهیدی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە دەرکی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و پێویستیی خەبات لە دژی شێوەکانی کۆنترۆڵ و دەسەڵات بوو. لەڕاستیدا چەشنێک رووحی خەباتگێڕی دنیا و بەتایبەتی "جیهانی سێهەمی" گرتبۆوە:

- لە ئەمریکا بزووتنەوەی مافی مەدەنیی رەشپێستان کە ناوی "مارتین لوتێرکینگی" خستە سەرزمانان و بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان، بزووتنەوەی دژی شەڕی ڤییتنام، بزووتنەوەی هیپیگەری و چەند بزووتنەوەی دیکە لە دەیەی ٤٠ دا شکڵیان گرت.

- ساڵی ١٩٦٨ز (١٣٤٧ه) پاریس شاهیدی راپەڕینی بەربڵاوی خوێندکاران بوو، راپەڕینێک کە خوێندکارانی ئەمریکا و

مەکسیک لە خۆرئاوا تا لەهستان و چێکسلۆڤاکی و یوگۆسلاڤیی سوسیالیستی لە خۆرهەڵاتی گرتەوە. بە وتەی ئەریک هابزباوم: "راپەرینێک کە کوتایی بە فۆناخی ژنراڵ دۆگۆل لە فەرانسە و سەرۆکە دیموکراتەکانی ئەمریکا هێنا و لەگەڵ خۆی زۆر نۆرم و بایەخی نوێی هێنان".

- هەر لەو ساڵەدا (١٩٦٨) دێموکراسیخوازانی چێکۆسلۆڤاکی بەڕێبەریی "دوبچێک" لە بەرامبەر یەکیەتیی سۆڤیەتدا راوەستان کە "بەهاری خوێناویی پراگ"ی لێکەوتەوە.

### د: جیهانی سێهەم "دڵی گوتاری شۆڕش و رادیکالیزم"

- لە پاش کوتایی شەڕی دووهەمی جیهانی و لە ئاکامی سەرکەوتنی بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی و شکانی مێژوویی کۆلۆنیالیزم، دەیان وڵات بە وەدەرنانی داگیرکەران بە سەربەخۆیی گەیشتن، لوتکەی ئەم سەرکەوتنانە دەیەی ٤٠ بوو. "قەوام نکرومە" لە غانا، "سیکوتورە" لە گینە، "پاتریس لۆمۆمبا" لە کۆنگۆ و "جمال عبدالناصر" لە میسر بە ناوبانگترین سیما بەرچاوەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی بوون کە خەڵکانی جیهانی سێهەم ستایشیان دەکردن.

ئەوەی کە هەم نەیارانی شۆڕش و هەم شۆڕشگێرانی سەرسام کردبوو، شێوەی ئەسڵیی خەباتی شۆرشگێڕانە لە جیهانی سێهەمدا بوو، واتە شەڕی چریکی و پارتیزانی لەم سەر تا ئەو سەری جیهان. بە پێی ئامارێک کە لە ساڵەکانی ٥٠ گیراوە، لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە تا ئەوکاتە ٣٢ شەڕی گەورەی چریکی تۆمار کراوە. لە نێو ئەو شەڕە چریکیانەدا شۆڕشی چین، سەرکەوتنی خەباتی رزگاریخوازانەی "ئەلجەزایرییەکان" سەرکەوتنی گەلی ڤیێتنام بەسەر فەرانسەییەکاندا و دواتر تەنگەهەڵچنین بە ئەمریکاییەکان و شۆرشی کووبا بوون بە ئیلهامدەری شۆڕشگێڕان لە جیهانی سێهەمدا و یەک لەوان شۆڕشگێڕانی کورد کە وەک ئولگوویەک پەیرەوییان لێبکەن و ئەمە لە نامەیەکی سولەیمانی موعینیدا دەبینین کە دەنووسێ: "چاوگێرانێک بەسەر رابردووی گەلانی دیل و ژێر چەپۆکە و تێبینی و بیرکردنەوە لەسەر جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بۆ قەلاچۆکردنی خێرای ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، ئێمە بەسەر ئەو راستیەدا دەخا کە دەست و بردمان سەرکەوتنی تێدایە".

ناو و ناوبانگی "مائو"، "جیاب"، "کاسترۆ"، "چەگوارا" و "هۆشی مینە" کە سەرکردە و رێبەرانی ئەو خەباتانە بوون لە هەموو شوێنێک دەبیسترا و ببوونە سێمبوولی سیاسیی میلیۆنان لاو. "مسعود بهنود" مێژوونووس و رۆژنامەنووسی ئێرانی لەم بارەیەوە لەگەڵ ئەوەی گلەیی لە وەچەی لاوی ئێرانی ئەو سەردەمە دەکا، دیمەنێک لە کەشوهەوای سیاسیی ئەو ساڵانەش وێنا دەکا و



سەرچاوە Serchawe

دەنووسێ: "ئەو وەچەیە لە ڕۆژگارێکدا بێ ئەوەی شتێک لە بارەی" میرزا کوچک خان" بزانێ، کووچە و کۆڵانەکانی "هاوانا"ی دەناسی، هەموو یارانی کاسترۆی بەناوی بچووک بانگ دەکرد، خەبەری هەبوو کاسترۆ و چەگوارا لەسەر چی کێشەیان هەبووە، "کۆنگۆی" وەک ئاو لەبەر بوو، ئەوەندەی دوژمنی "موسی چومبە" بوو، هی "سپهبد زاهدی" نەبوو."

هەمدیسان "بهنود" دەنووسێ: "کاسترۆ ئۆلگووی کۆمەڵگەی بێ ئۆلگوو بوو و دواتر دەرکەوت کە لەو کۆمەڵگەیەی قارەمانیشی هەبوو، جێگا و شوێنی کاسترۆ لە تەنیشت قارەمانانی نەتەوەیی بوو، لاوەکانی میسری هیچ وێنەیەکیان لە وێنەی "عبدالناصر" لەلا خۆشەویستتر نەبوو، مەگەر ئەو وێنەیە کە ناسر لەلای ئەو کوبایییە بالابەرزە راوەستابوو."

با ئەو دانپێدانانە لە زمان "علی شریعتی" ئیدئۆلۆگی شۆڕشی ئیسلامییش ببیستین: "نەسلی خەباتگێر و رووناکبیری ئەو سەردەمە رووی لە مارکسیزم و ئێگزێستانسیالیزم کردوە و لە فیدێل کاسترۆ و لێنین و چەگوارا و وێت کونگ ئیلهامی وەرگرتوە".

لە بیرمان نەچێ کە ئەو کەشوهەوایە کاردانەوەی تەنیا بە "جیهانی سێهەم"ەوە نەبوو، ئەگەر "هۆشی مینە" چووە نێو گۆرانییەکی هونەرمەندی کورد "شوان پەروەر"، لە خۆپیشاندانەکانی "مانگی مەی ١٩٦٨"ی پاریسیش هاواری "هۆ" دەبیسترا و ئەگەر "مسعود بهنود" گازەندەی لە لاوانی ئیحساساتی هەیە، بۆ "ارنست همینگوای" و فەیلەسوف "ژان پل سارتر" کە خەڵاتی نۆبێلیان پێ بەخشرابوو، دەڵێ چی؟ خۆ ئەوانیش ستایشگری کاسترۆ بوون، با "فرانتس فانون و اریک هابزباوم"یش لەولا دانێین.

خاڵێکی دیکەی جێی ئاماژە کە هەر لەو ساڵانەدا رووی دا و شوێنەواری لەسەر ئەم کەشوهەوایە و گوتاری رادیکالیزم و شۆڕش دانا، کێشەی نێوان چین و یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. ئەم کێشەیە کە بە بیانووی "ڕێڤیزیۆنیسمی مۆدێڕن" خۆی لە هێنانەئارای تێزی "پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە" و رەخنەگرتن لە "ستالین" بەهۆی "خروشچوف" دا دەدۆزیەوە و لە دوای کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٥٦ دەستی پێکردبوو، گەیشتە لوتکە و سەرئەنجام کەرتبوونی کەمپی سۆسیالیستی و دیاردەیەک بە ناوی "مائۆئیزمی" لێکەوتەوە. شوێنکەوتووانی "مائۆئیزم بە تایبەتی لە "جیهانی سێهەم" شۆڕشی چین و ئەزموونەکانەکانی خەباتی حیزبی کۆمۆنیستی چین بە رێبەریی "مائۆ"یان دەکرد بە ئۆلگووی خەبات و پەیڕەوییان لێدەکرد کە بریتی بوو لە پشت بەستن بە هێزی جووتیاران و دروستکردنی پێگەی چریکی لە لادێ و گەمارۆی شارەکان بەهۆی گوندەکان و شەڕی درێژخایەنی پارتیزانیدا، ئۆلگویەک کە رێبەرانی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٧ - ٤٦ لە بڵاوکراوەی "تیشک" دا کە زمانحالی ئەو بزووتنەوەیە بوو، پروپاگەندەیان بۆ دەکرد.

"کورش لاشایی" لە ڕێبەرانی "سازمان انقلابی حزب توده" کە لە ژێر کارتێکەریی مائوئیزمدا لە حیزبی توودە جیا بوونەوە و چەند مانگێک لەگەڵ پێشمەرگەکان (سمایل شەریفزادە، حەمەدەمینی سیراجی و عەبدوڵڵای موعینی) لە ناوچەدا گەڕابوو دەنووسێ: "مارکسیزمی چینی بەلایانەوە مەنتقیتر بوو تا مارکسیزمی چەشنی رووسی" ئەو رۆژەی لە کوردستانەوە دەگەڕامەوە "عەبدوڵڵای موعینی" پێی گوتم: کاتێک گەڕایەوە هەرکام لە ئێمە دەسرۆکەیەکی سوور لە مل و کتێبێکی سوور لە دەست، شۆڕش هەڵدایسێنین (مەبەست کتێبی سووری مائۆیە).

بەم جۆرە لە هەلومەرجێکدا کە گوتاری رادیکالیزم و شۆڕش بە تایبەتی لە جیهانی سێهەمدا باوە و لە ئێران هیچ دەرەتانێک بۆ خەباتی قانوونی و هێمنانە نەماوە و سەرەرۆیەکی توندوتیژ فەرمانڕەوایە، وەچەیەکی نوێ لە تێکۆشەرانی سیاسی کە بەشێکیان خۆیان لە ڕەوتێکی چەپی نوێدا دەدیتەوە، هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگەی بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی حەمەرەزا شا، خەباتی چەکدارانەیە. "علی اصغرحاج سید جوادی" ساڵی ١٣٤٦ دەنووسێ: "رووحی زەمانە هیچ ڕێگەیەکی بۆ خەڵک نەهێشتۆتەوە جگە لەوە کە مافی خۆی لە جەنگەڵدا وەدەست بێنێ تاوەکوو لە پەرلەمان".

ئەم قەناعەتە لە نامەیەکی "سمایلی شەریفزادە" دا روونتر و پێداگرانەتر جەختی لەسەر دەکرێ: "ئەمڕۆ توفانێکی بە تەوژمی شۆڕشگێرانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتوە، کۆمەڵانی خەڵک هاتوونەتە سەر ئەوەی کە تەنیا ڕێگەی رزگاری دەستدانە چەک و وەشاخ کەوتنە. ڕێگەی رزگاریی هەموو نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکان هەر ڕێگەی راپەرینی کۆمەلاتی زەحمەتکێشە، واتە شەڕی پارێزانی کە لە پێشدا دەبێ لە دێهاتەوە دەستپێبکرێ و کۆمەڵانی هەراوی جوتیارە تێکۆشەرەکان هان بدا بۆ خەباتی چەکدارانە".

ئەم وەچە نوێیە کە لە سەرەتای دەیەی ٤٠ بەو مەبەستە هاتە مەیدان و ئامادە بوو لەگەڵ نیزامی پادشایەتی شەڕ ڕابگەیەنێ لە سفرەوە دەستی پێکرد، بێ ئیمکانات بوو، بێ ئەزموون بوو و تەنیا ورە و ئازایەتیی شک دەبرد و لەسەر پێیخۆڕاوەستان (٢). هەر بۆیە دەبینین دەیان هەستەو گرووپی مارکسیستی و تەنانەت چەند تاقمێکی ئیسلامییش دامەزران کە بەرنامەی خەباتی چەکدارانە و تەبلیغ و پشتیوانی لەو خەباتەیان هەبوو. بەڵام زۆربەی ئەو گرووپ و هەستانە تا کۆتایی دەیەی ٤٠ واتە تا ساڵی ١٣٤٩ کە ڕووداوی (سیاهکل) رووی دا نەیانتوانیبوو کارێکی جیددی بکەن و لەلایەن ساواکەوە کەوتنە بەر پەلامار و ئەندامەکانیان گیران و زیندانی کران (٣).

بەڵام لە کوردستان ڕەوتی ڕووداوەکان جۆرێکی دیکە بوو، ئەو وەچە نوێ و خوێنگەرمە کە لە بزووتنەوەی خوێندکاریی ٤٢ - ٣٩ دا بەشدار ببوون و لە ژێر کاریگەریی گوتاری شۆڕش و رادیکالیزمدا بوون و بەتایبەتی لەگەڵ گەرمبوونی خەبات و



سەرچاوە
Serchawe

سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان، بۆ پیادەکردنی ئەزموونەکانی شۆڕشی چین لەگەڵ ژمارەیەک لە کادرە بە ئەزموونەکانی حیزب لە باشووری کوردستان روویان لە شاخەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کرد و مەشخەڵی راپەڕینێکی چەکدارانەیان هەڵایساند و دورگەی ئارامی حەمەڕەزا شایان کە تازە پاش ٢٦ ساڵ هەستی بە دڵنیایی و ئاسایش دەکرد و "تاجگذاری"ی کردبوو، شڵەژاندو بەم جۆرە کوردستانیش تێکەڵ بەو رووحە خەباتگێرییە بوو کە لە "پاریس"، "پراگ"، "هاوانا"، "هانۆی"، "ئەلجەزیرە" و "غانا" لەو سەردەمانە لە هەڵچوون و کەفوکوڵدا بوو.(٤)

## پەراوێزەکان:

(١) حەمەدەمینی سیراجی یەکێک لە رێبەرانی سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە بوو و لەراستیدا تەنیا ئەندامی رێبەریی ئەم بزووتنەوە بوو کە بە سەلامەت دەرچوو. ئەو دەیتوانی زانیاریی بە نرخ بە دەستەوە بدا، بەڵام ئەویش لەم بارەیەوە هیچی لە پاش بەجێ نەما.

(٢) زۆر جار بیستراوە کە دەڵێن: "تەنیا چیاکان دۆستی کوردانن". ئەم وتەیە بۆ بزووتنەوەی (٤٧ - ٤٦) هیچ کات ئەوەندە لە جێی خۆیدا و لە راستی نزیک نەبووە.

(٣) دوو رێکخراوی "چریکهای فدایی خلق" و "سازمان مجاهدین خلق" کە خەباتی چەکدارانەیان لە دژی رژێمی حەمەڕەزا شا بەڕێوە دەبرد لە نیوەی یەکەمی دەیەی ٥٠ی هەتاویدا بە چالاکیی خۆیان رژێمیان هەراسان کردبوو.

(٤) ئەم وتارە تەنیا تەرخان کرابوو بۆ چۆنیەتیی دروستبوونی بەستێن و ئەو فاکتەرانە کە کاریگەریان لەسەر شکڵگرتنی ئەم بزووتنەوەیە هەبوو. بێگومان رەهەندەکانی دیکەی وەک کاریگەریی ئەم بزووتنەوەیە لەسەر کوردستان و ئێران، دەستکەوتەکان، کەم و کوڕی و هۆکارەکانی شکستهێنانی پێویستییان بە بابەت و لێکۆڵینەوەی دیکە هەیە.

(٥) سەرچاوەکانی ئەم وتارە لە رۆژنامەی کوردستاندا پارێزراون.

لە ژمارە ٦٧٩ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٦

# یادێک لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ و هێمای هاوبەشی بزووتنەوەی نەتەوەیی و خوێندکاری، شەهید سمایل شەریفزادە

**بەڕێزان! ئامادە بووانی ڕێوڕەسمی شەهیدبوونی سمایلی شەریفزادە**

مێژووی خەباتی نەپساوەو بێوچانی رۆڵەکانی گەلی کورد شایەدی بۆ دلسۆزی، ئازایەتی، لەخۆبردوویی‌و سووربوونیان لە سەر خەبات بۆ وەدیهێنانی مافو ئازادییەکانی ئەم گەلە زوڵم‌لێکراوە دەدا. خەباتکارانی گەلی کورد، هیچ کەندو کۆسپێک هەنگاوی پێ شل نەکردون، مەرگ نەی ترساندونو لە پێناوی بەرەوپێشبردنی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەیاندا، سەریان کردۆتە بەردەبازی ئازادی.

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی ( ١٩٦٧ - ١٩٦٨)ی رۆڵەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، یەک لەو فەسڵە خوێناوییانەی خەباتی ئازادیخوازیی تێکۆشەرانی گەلەکەمانە کە ڕاستیی ئەم قسەی سەرەوە دەسەلمێنن.

ڕووخانی کۆماری کوردستان، شەپۆلیکی گەورە لە گرتنو ئێعدامو ئاوارە بوونو دەربەدەریی تێکۆشەرانی کوردی بە دواوە بوو. جارێکی دیکە دیکتاتۆری بە سەرنیشتمانەکەماندا زاڵ بۆوە. لە نێوخۆی وڵات، دلسۆزانو نیشتمانپەروەران، لەژێر زەبرو زەنگو هەڕەشەی بەکرێگیراونی ڕێژیمی شایەتی‌دا، بە سەختی دەیانتوانی لەگەڵ کەسانی جێگای متمانەی خۆیان پەیوەندی بگرنوکاری سیاسی‌و ڕێکخراوەیی بکەن. سەردەم سەردەمی سەرکوتی هەر چەشنە جووڵەو چالاکییەکی سیاسیی ئازادیخوازانە بوو. بۆ ماوەی دوو دەیە، جگە لەسەردەمی پەرەگرتنی خەباتی نیشتمانی‌و دژەئیستیعماریی دوکتور موسەددیق، دەرەتانی بەرهەڵستبوونەوەیەکی جیددی بۆ خەڵکو هیزە خەباتگێڕەکان، بەرامبەر بە ڕێژیمی شایەتی نارەخسێ. لە نیوەڕاستەکانی دەیەی چلی هەتاوی ئەو بەشە لە تێکۆشەرانی دیموکرات کە ئاوارەی باشووری کوردستان ببوون، خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەو سازماندانی ڕێکخراوەکانی حیزب لە نیوخۆی رۆژهەلاتی کوردستان دەبن و چالاکیی سیاسی و تەشکیلاتی دەست پێ دەکەنەوەو ریکخراوەکانی حیزب دەبووژێننەوە. بوونی شەڕ لە نێوان شۆڕشی کوردو حکوومەتی عێراق لە لایەک و پێوەندیی ئەو شۆڕشە لە گەڵ ڕێژیمی شایەتی‌و گرنگیدانی لەڕادەبەدەری بە هاوکاری‌و پشتیوانیی دەولەتی ئێران، تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەرەوڕووی هەلومەرجێکی نالەبار کردەوە. ئەوان لە باشووری کوردستان لە گەڵ گوشارو بەربەستی

جۆراوجۆر و تەنانەت مەترسیو نائەمنی بەرەوڕوو بوون، هەر بۆیە بەشێکیان بۆ دەربازبوون لەو هەلومەرجە نەخوازراوە بڕیاری گەڕانەوە بۆ نیوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەدەن. بەڵام بە زوویی دەگەڵ ڕاوەدوونانو پەلاماری ئەرتەشی شایەتیو چەکدارە بەکرێگیراوەکانی بەرەڕروو دەبنو بەم جۆرە ڕاپەڕینێکی چەکدارانەیان بەسەردا دەسەپێ. شۆڕشگێڕانی بەشدار لەو ڕاپەڕینە لە سەردەمیکدا بەرەنگاری ئەرتەشی پۆشتەو پەرداخی ڕێژیمی شایەتیی ئێران بوونەوە، کە ئەو ڕێژیمە هەموو ئێرانی لە کۆنترۆڵ دابوو. شۆڕشگێڕانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە ڕاپەڕینی چەکدارانەی خۆیان لە کوردستان، خەویان لە چاوی شاو دەربارو ساواکو ئەرتەشەکەی تاراند. ئەوان، پێیان نابووە نێو قۆناغێکی سەختو دژوارو هیچ ڕێگایەکیان جگە لە خۆڕاگریو ڕووبەڕووبوونەوەی سەربەرزانە لەگەل لەشکرکێشیو پەلاماری ئەرتەشو هێزی دژە چریکی ئەو ڕێژیمە بۆ نەمابۆوە. بۆ ماوەی ١٨ مانگ، ڕووبەرێکی بەرین لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ورمێوە تا نزیک سەقز، بووە مەیدانی بەرەنگاریی شۆڕشگێڕانی دیموکرات. ئەو شۆڕشگێڕانە لە چەندین بەرەنگاربوونەوەدا بە جۆرێک وەدەست هاتنو زەبریان وەشاند کە ئەرتەشو دامودەزگای سەرکوت لە چەندشارو پادگانەوە هێزیان بۆ سەرکوتی ئەوان کۆدەکردەوە، هێلیکۆپتەریان دەناردە سەریان،گوند و مووچەو مەزرا و هەواری چەندین ناوچەیان لی دەتەنین. بەرەنگارییەکانی ئەم ١٨ مانگە، چۆنیەتیی قارەمانەتی نواندنی شۆڕشگێڕانو هاوکاریی خەڵکی دلسۆزو دیموکرات خۆشەویست لە گەڵ ئەوانو هەوڵو تەقەللای ئەرتەش و ساواک بۆ تێکشکاندنی ئەم ڕاپەڕینە، باسێکی تایبەت هەڵ دەگرێ کە لە م دەرفەتە کورتە دا بە داخەوە ئیمکانی نیە.

سەرەڕای ئەو نرخە گرانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سۆنگەی ئەو بەرەنگاربوونەوەیەدا، ڕاپەڕینی چەکدارانەی سالەکانی ٤٧ - ١٣٤٦ی هەتاوی فەسڵێکی پرشنگدارە لە میژووی ئەم حیزبەو خەباتی خەڵکی کوردستاندا. حیزبی دیموکراتی کوردستانو گەلی کورد بەشێکی بەرچاو لە باشترین ڕۆلەکانی خۆیان لە ڕەوتی ئەم ڕاپەڕینەدا لە دەستدا کە وەک نموونە دەتوانین شەهیدان مەلا ڕەحیمی وردی، سولەیمانو عەبدوڵلا موعینی، سمایل شەریف زادە، مەلا ئاوارە، مەلا مەحموودی زەنگەنە، قادرشەریف، نەحۆی شکاک، مینەشەم، ساڵەلاجانی ناو ببەین. بەڵام بەرەنگاربوونەوەی تێکەڵ بەگیانبەخشینی ئەوان، "دوورگەی ئارامی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست"ی شێواند، سەرنجی خەڵکی کوردستانی بۆ لای ژێردەستیو مافخوراویی خۆیان ڕاکێشاو بیری نەتەوەیی‌و ڕزگاریخوازیو بەرەنگاربوونەوەی ستەمو زۆرداریی لە نێو ئەواندا زیندوو کردەوە. ڕاپەڕینی ئەو بەشە لە بەڕێوەبەرانو تێکۆشەرانی دیموکرات، سەرمایەی خەباتخوازیو ئەزموونی شۆڕشگێرانەی حیزبی دیموکراتو گەلەکەیانی دەوڵەمەند کرد. بۆ خۆشیان بوون بە ڕەمز و هێما بۆ شۆڕشگێڕیو خۆنەویستیو نیشتمانپەروەریو تێکۆشان.

یەکێک لەو هێمایانە، تیکۆشەری دیارو ناسراوی ئەو بزووتنەوەیە، شەهید سمایل شەریف زادەیە کە بە مەلا عزیز ناسرا

بوو. سمایل شەریف زادە کە لە بنەماڵەیەکی دیارو خۆش بژیوی شاری مەهاباد لە دایک ببوو، خوێندکاری زانکۆی پۆلیتکنیکی تاران لە ڕشتەی مکانیکی بوو. پێش ئەوی زانکۆ تەواو بکا، ناچاربوو زانکۆو ئێران بە جێ بێڵێو ڕێگای خەبات لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەی بگرێتەبەرو تیکەل بە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەرمێن بێت.

ئەگەر ئاورێکی خێرا لە مێژووی دامەزرانی زانکۆکان لە ئێرانو نەخش و دەوری خوێندکارانی کوردو گەشەی بیری سیاسیو نەتەوەیی لە نێو خوێندکارانی کورد لەو سەردەمدا بدەینەوەو هەلوێستەیەک لەسەر بزاڤی خوێندکاریی سەراسەریوکوردستانی بکەین، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێ کە بیری سیاسیو نەتەوەیی شەریفزادەو هاوبیرەکانی لە چ ژینگەیەکدا گەشەی کردوە. دامەزرانی زانکۆکان لە ئێران دا بۆ دەیەکانی ٢٠ی هەتاوی دەگەڕێتەوە کە زیاتر لە ٧٠ ساڵ بەسەر دامەزرانیاندا تێپەر دەبێ. لە کوردستان ئەم مێژوویە زۆر لەوە کەمترەو لە کۆتایەکانی دەیەی چل و سەرەتاکانی دەیەی پەنجای هەتاوی لە شارەکانی کرماشانو ورمێ زانکۆ دادەمەزرێ.

حوزوری خوێندکارانی کورد لە ناوەندە زانستییەکاندا لە هەرکام لە قۆناغەکان دا جیاوازە. لە دەیەکانی چل و پەنجادا حوزوری خوێندکارانی کورد لە پێشتر بەر چاوتر بووە. حوزوری ئێستای خویندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران لە گەڵ رابردووش هەر بۆ بەراوردکردن نابێ. لە سەردەمێکدا کە سمایل شەریفزادەو خوێندکارانی دیکەی کورد پێیان ناوەتە نێو زانکۆ، گوتاری زاڵی ئەو کات لە نێو زانکۆکاندا گوتارێکی چەپیو مارکسیستی بووە و لە ژێر کاریگەریی شۆڕشەکانی کووبا، ڤێتنام و هتد، دروشمی "ڕێگای رزگاریی گەلان، خەباتی چەکدارییە" باو بوو.

لە ژێر ئەو فەزایەدا گیانی بەرەنگاری لە گەڵ زولمو سەرەرۆیی بە شێوەی چەکدارانە پەرە دەستێنێ. ئەوەش پێچەوانەی مێژووی بزاڤی خوێندکارییە کەلە زۆربەی قۆناغەکان داخوێندکاران وەک رەخنەگرێک دژی نەبوونی ئازادییە دیموکراتییەکان دەنگیان هەڵبڕیوە و بەرەوڕووی سیاسەت و بەرنامەکانی دەسەڵات لە بوارەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بوونەتەوە و وەک توێژێکی رووناکبیر و وشیار، ڕێبەریی نارەزایەتییەکانیان بە دەستەوە گرتوە.

لەو سەردەمەدا خوێندکارانی کورد - سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی - بیری ناسیونالیستیو نەتەوەیی ئاوێتەی گوتاری چەپ دەکەن و دەیکەن بە گوتاری خوێندکاری کورد. شەریفزادە هەر بەوەشەوە ناوەستێو پێوەندی بە ڕێبەرانو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستانەوە دەگرێو سەرئەنجام لە پێناوی بەشدارییەکی کاراتر لە خەباتی نەتەوەییو شۆڕشگێڕانەی گەلەکەیدا، زانکۆ بە جێ دێڵێو دەست دەداتە چەکو تێکەڵ بە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبێ. بە هۆی بەرزیی تێگەیشتنی سیاسیو ئەزموونی خەباتو تێکۆشان لە زانکۆدا، بە زوویی جێی خۆی لە نێو



سەرچاوە
Serchawe

هاوڕێیانیدا دەکاتەوەو ڕۆڵێکی شوێندانەری لە ڕێکخستنەوە و بووژانەوەی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو گرتنەبەری هەڵویستی شۆڕشگێرانەدا دەبێ. کاتێکیش کە سەرەڕای نالەباریی هەلومەرجی نێوخۆی کوردستانو ئیران، لە گەڵ هاوڕێیانو هاوبیرانیدا ناچار دەبن بگەڕینەوە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەو جۆرەی شیاوی ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێرو سیمایەکی دیار و سەرکردەیەکی بەوەجی تێکۆشەرانی دیموکراتە،کەسایەتیی خۆیو تواناکانی دەسەلمێنێ. هەر بۆیە شەهیدبوونەکەشی خەسارێکی گەورە بوو بۆ ئەو ڕاپەڕینەی ئەو کات.

**بەڕێزان!**
**خوێندکاران و هۆگرانی بزووتنەوەی خوێندکاری!**
**تێکۆشەرانی خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێرانە!**

کۆبوونەوەی هەر دوو تەیفی ئێوە لەم مرِاسمە و لە ژێر چەتری حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، شتێکی بە ڕێکەوت نیە. بە هۆی هەلومەرجی سیاسی،کۆمەلایەتی وفەرهەنگیی کوردستانو کاریگەریو پاشخانی خەباتی نەتەوایەتی لە نێو گەلی کورددا، بزووتنەوەی خوێندکاریو گوتاری خوێندکارانی کورد لە رابردوو و ئێستاش دا،گوتارێکی ئازادیخوازانەو نەتەوەیییانە بووە. زانکۆ سکۆیەک بووە بۆ بلاو کردنەوەی بیرو هزری سیاسیو نەتەوەیی و وەک سەنگەرێک بۆ داکۆکی لە شوناسی نەتەوەیی و پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بەکار هاتوە.

بزووتنەوەی نەتەوەیی و حیزبی دیموکراتی کوردستانیش هەموو کات خۆیان بە پشتیوانی خوێندکارانی خەباتکاری کورد و بزووتنەوەی خویندکاری لە کوردستان زانیوە. کەم نین ئەو خوێندکارە وشیارو بە هەڵوێستانەی لە زانکۆ کاندا خەریکی خوێندن بوون، لە سەر بیروباوەری سیاسیو کوردایەتی پەلکێشی زیندانەکان کراون و حوکمی درێژخایەنیان بە سەر دا سەپاوە، یا لە خوێندن بێبەش کراونو تەنانەت ملیان بە پەتی سێدارەوە کراوە. پێوەندی بەبزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بە تایبەتی پێوەندی بەحیزبی دیموکراتی کوردستان و، تێکۆشانو خەباتی ڕاستەوخۆ لە ڕیزەکانیدا، هەر تایبەت بە خوێندکارانی کوردستان نەبووە. ژمارەیەک لەدیارترین مامۆستایانی کوردی زانکۆ وخاوەنانی بەرزترین بڕوانامە زانستییەکان لە کوردستان و دەرەوەی ولات، کە د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی نموونە درەوشاوەکانیانن، بە شانازییەوە زانست و ئەزموونی ئەکادیمیی خۆیان خستوەتە خزمەت تێکۆشانی حیزبی دیموکرات و خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە.

جێی خۆشحاڵییە کە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی سیاسیو خەباتی نەتەوایەتیدا، خوێندکارانی کوردلە زانکۆکانی ئێران

لە خەباتی ئازادیخوازانەو نەتەوەییدا پێشەنگ بوون. ٤٦ ساڵ پاش شەهیدبوونی سمایل شەریفزادە، هێمای هاوبەشی هەر دووبزووتنەوەی خوێندکاریو نەتەوەیی، زانکۆکانی کوردستان و ئێران، سەنگەری خەباتو تیکۆشانی خویندکارانی کورد لە پێناوی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلەکەیان دان. شەریفزادەو هەموو ئەو خوێندکارو مامۆستایانەی لە زانکۆوە روویان کردە خەباتی شۆڕشگێرانەی نەتەوەکەیان و بوون بە ئالقەی پیوەندیی زانکۆ و چیا و بزووتنەوەی خوێندکاری و نەتەوەیی، وەک هێمایەکی خۆشەویست، لە بیر و روانینی خوێندکارانی کوردستان دا،جیگایان هەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێزانینو هیواو گەشبینیەوە دەڕوانێتە خەباتو تێکۆشانی ئەمڕۆی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران. وەک هێزێک کە لە زۆربەی قۆناغ و سەردەمەکان دا شانازیی تێکۆشانی خوێندکارانو مامۆستایانی زانکۆی لە ڕیزەکانی خۆیدا هەبووە، لەم بۆنەیە دا جارێکی دیکە لە سەر هاوپێوەندیی بزووتنەوەی نەتەوەیی و خوێندکاری پێ دادەگرێتەوە. هیوادارین کاری فکریو فەرهەنگی و زانستی لە سەر قووڵکردنەوەی هزری نەتەوەیی و بایەخدان بە شوناسی نەتەوەیی و داکۆکی لە ویست و داخوازە نەتەوەییەکان، هەر وا بەشێکی گرنگ لە ناسنامە و کارنامەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان بێ.

بەرز و بەڕێز بێ یادی شەهید سمایل شەریف زادە و هەموو شەهیدانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧. هەروەها یادی هەموو ئەو خویندکارانە بەرز ڕادەگرین کە لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەکەیان دا گیانیان بەخشیوە یا تووشی بەندیخانە و ئاوارەیی بوون.

بە هیوای هاوپێوەندیی هەر چی زیاتری بزووتنەوەی نەتەوەیی و خوێندکاری لە کوردستان.

دەفتەری سیاسیی

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

ی بانە مەری ١٣٩٣ هەتاوی

١٢

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد



سەرچاوە
Serchawe

## یادکردنەوەی شەهید سمایل شەریفزادە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان




لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو لە ڕێوڕەسمێکدا یادی شەهیدانی ڕاپەڕینی چەکداریی ٤٦ - ٤٧ ی شۆڕشگێڕانی حیزبی دێموکڕاتو سمایل شەریفزادە، وەک سەمبولو پێشەنگی بزووتنەوەی خوێندکاری بەرز ڕاگیرا.

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد ڕۆژی ١٤ی بانەمەڕ ڕێورەسمێکی بە بەشداریی دەیا کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهید سمایل شەریفزادەو شەهیدانی دیکەی جووڵانەوەی ەکداریی ٤٦ - ٤٧ ی شۆڕشگێڕانی حیزبی دێموکڕات پێکهێنا.

ئەو ڕێورەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکردو پاشان پەیامی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەو بۆنەیە لەلایەن کاک سۆهراب ڕەحمەتی، ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو یەکیەتییە خوێندرایەوە.

لەو پەیامەدا بە ئاوردانەوە لە خەباتی نەتەوەیی کورد بۆ وەدیهێنانی دەسەڵاتی سیاسیو خۆبەڕیوەبەریی کوردو مێژووی ڕاسانو شۆڕشی شۆڕشگێرانی نەتەوەی کورد لە چەند دەیەی ڕابردوودا تیشکی خستبۆ سەر ژیانو خەباتی شەهید سمایل شەریفزادە لە ساڵانی زەبروزەنگی ریژیمی پاشایەتی کە ئێرانی بە دوڕگەی ئارامی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست ناو

دەبرد.

پەیامی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد دەڵێ لەو کاتەدا هەڵمەتی بەرگریی ڕەوا و داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد لە نێو بزوتنەوەی ٤٦ - ٤٧ لە کوردستان، نە تەنیا "نا" گوتن بوو بە دەسەڵاتی دیکتاتۆرو ستەمکاری ئەوکاتی ئێران، بەڵکوو هەر ئەوەی کە سێبەری ساباتی ئەو بزوتنەوەیە لە کوردستان ببووە ژوانگەی هەموو ئەو هێزە ڕاونراو و غەیرە کوردانەی کە لە سایەی دەسەڵاتی پاشایەتیدا ئاوارەی هەندەران ببون، دەرخەری ئەوەیە کە دوا ئامانجی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، هێنانەدی ئاشتەوایی و دۆستایەتی لە گەڵ هەموو گەلانە.

لە بەشیکی دیکەی ئەو پەیامەدا بە خوێندنەوەیەک بۆ بارودۆخی سیاسیی ئێستای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هاتنە ئارای شێوازێکی دیکە لە خەبات بۆ بەرەنگاریی دژی کۆماری ئیسلامی باس لەوە کرابوو کە ئەرکی نەتەوەیی و مێژوویی لەو قۆناغەدا دەکەوێتە سەر شانی چالاکانی مەدەنیو لە پێشەوەی هەموویان توێژی خوێندکاری گۆشکراو بە چەکی زانست.

هەر لەو سۆنگەیەشە کە سەرکوتی خوێندکارانی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە ساڵانی رابردووش دا قوربانی لێکەوتۆتەوەو شەهیدان برایم لوتفوڵڵایی، کیانووش ئاسا، جەواد پەرەندوخت و سانع ژالە پێشەنگی قۆناغی نوێی ئەو بوارەن کە دەبێ وانەی لەخۆبوردوویی و کۆڵنەدانیان لێوە فێر ببین.

لە کۆتایی ئەو پەیامەدا هاتبوو کە یەکیەتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ڕۆژی ڕۆژی شەهید کرانی سمایلی شەریفزادە و هاوڕێیانی دا هاواری ئیرادەگەرایانەی خۆی بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی هاوکاری و هاوسۆزی خوێندکارانی نیشتمانپەروەر بخاتە سەر یەک تا بەوپەری توانامانەوە هەوڵەکانمان بۆ بە دەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان سەر یەک دەخەین.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات بەو بۆنەیە لەلایەن کاک حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە خوێندرایەوە.

لە پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبدا بە ئاماژە بە هۆکارەکانی دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی شەهید سمایل شەریفزادەو هاورێیانی لە ساڵانی ٤٦ - ٤٧ داو هەروەها بارودۆخی ئێرانو دەسەڵاتی پاشایەتی هاتبوو کە شۆڕشگێڕانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە ڕاپەڕینی چەکدارانەی خۆیان لە کوردستان، خەویان لە چاوی شا و دەربار و ساواک و ئەرتەشەکەی تاراند. ئەوان، پێیان نابووە نێو قۆناغێکی سەخت و دژوارو هیچ ڕێگایەکیان جگە لە خۆڕاگریو

ڕووبەرووبوونەوەی سەربەرزانە لەگەڵ لەشکرکێشی و پەلاماری ئەرتەش و هێزی دژە چریکی ئەو ڕێژیمە بۆ نەمابۆوەو بۆ ماوەی ١٨ مانگ، ڕووبەرێکی بەرین لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ورمێوە تا نزیک سەقز، بووە مەیدانی بەرەنگاریی شۆڕشگێڕانی دیموکرات

پەیامی حیزبی دێموکرات بە ئاماژە بە تێکشکانی خەباتی چەکداریی ئەو قۆناغەی حیزبی دێموکڕات تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە سەرەڕای ئەو نرخە گرانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سۆنگەی ئەو بەرەنگاربوونەوەیە دا ، ڕاپەڕینی چەکدارانەی سالەکانی ٤٧ - ١٣٤٦ی هەتاوی فەسڵێکی پرشنگدارە لە مێژووی ئەم حیزبە و خەباتی خەڵکی کوردستان دا.

لەو پەیامەدا دوای خوێندنەوەیەک بۆ کەسایەتیی سیاسیی شەهید سمایل شەریفزادەو باسکردن لەو تایبەتمەندییەی کە کە ئەو لە زانکۆڕا ڕیزی خەباتی نەتەوەیی هەڵبژاردبوو، هاتبوو کە زانکۆ سکۆیەک بووە بۆ بلاو کردنەوەی بیرو هزری سیاسیو نەتەوەییو وەک سەنگەرێک بۆ داکۆکی لە شوناسی نەتەوەیی و پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بەکار هاتوە. بزووتنەوەی نەتەوەیی و حیزبی دیموکراتی کوردستانیش هەموو کات خۆیان بە پشتیوانی خوێندکارانی خەباتکاری کورد وبزووتنەوەی خویندکاری لە کوردستان زانیوەو کەم نین ئەو خوێندکارە وشیارو بە هەڵوێستانەی لە زانکۆ کان دا خەریکی خوێندن بوون، لە سەر بیروباوەری سیاسی و کوردایەتی پەلکێشی زیندانەکان کراون وحوکمی درێژخایەنیان بە سەر دا سەپاوە، یا لە خوێندن بێبەش کراون و تەنانەت ملیان بە پەتی سێدارەوە کراوە.

لە کۆتایی ئەو پەیامەدا هاتبوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێزانینو هیوا و گەشبینییەوە دەڕوانێتە خەباتو تێکۆشانی ئەمڕۆی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێرانو وەک هێزێک کە لە زۆربەی قۆناغو سەردەمەکان دا شانازیی تێکۆشانی خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆی لە ڕیزەکانی خۆی دا هەبووە، لەم بۆنەیە دا جارێکی دیکە لە سەر هاوپێوەندیی بزووتنەوەی نەتەوەیی و خوێندکاری پێ دادەگرێتەوە.

شایانی باسە کە دوو سروودی حەماسی لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانو خوێندنەوەی شێعریکی مامۆستا هێمن لە پەسنی شەهید سمایل شەریفزادە لەلایەن محەمەد ئەفەندی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمە بوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی ٤ی مای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## سمایل شەریفزادە، هێمای خوێندکاری کورد

**کانیاو**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چ لە سەردەمی سیستمی پادشایی و چ لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە خاوەن بەرخۆدان و سەرهەڵدان، خەبات و تێکۆشان بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی، ئازادی و دیموکراسی بووە. ئەو بەشە لە وڵاتی پارچە پارچە کراویی کوردستان بە گشتیی ئەگەرچی تا ئێستا نەگەیشتۆتە ئامانجەکانی بەڵام بە شاهیدی مێژوو هەمیشە لانکەی بەرخودان و شۆڕش و کوردایەتی بووە. هیچ کات ڕۆڵەکانی ئەو گەلە ،ئیزنی ئەوەیان نەداوە کە دوژمنانی ماف و ئازادی کورد و کوردستان بە ئاسوودەیی سەر لەسەر سەرینی مێژوو بنێن. ڕۆڵە ئازا و خۆنەویستەکانی کورد، بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەبات، داکۆکییان لە ماف و مانی نەتەوەی زوڵم لێکراوی کورد لە کوردستانی ئێراندا کردوە. پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بە شێوەی نهێنی درێژەی کێشا و لە ساڵەکانی ٤٧ - ١٣٤٦ی هەتاویدا ئەم خەباتە نهێنیە بەشێوەی چەکداری دەرکەوت و ورەیەکی نوێی بە خەباتگێڕان و ئازادیخوازانی نەتەوە کورد دا. باسکردن و ئاوڕدانەوە لە خەباتی ڕزگاریخوازی نێشتمانی و چەکدارانە، لە نێوان ساڵەکانی ٤٧ - ١٣٤٦ی هەتاوی لە کوردستانی ئێران کە لە مێژووی هاوچەرخی خەباتی ڕزگاریخوازی نێشتمانی خەڵکی کورددا جێگە و پێگەی تایبەتی هەیە. چوونکە ڕووداوێک و بڕگەیەکی مێژوویی دروشاوە و گرینگە لە خەباتی پڕ لە شانازیی چەکداریی ڕۆڵە خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕەکانی نەتەوەیی کورد بە دژی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ، لەخۆبایی و دیکتاتۆر لە ئێران کە لەو سەردەمەدا حەمەڕەزا پەهلەوی بانگەوازی بۆ دوورگەی پڕ لە ئارامی لە ئێران دەکرد. ڕاپەڕین و بەرخۆدانی ڕۆڵە خۆنەویستەکانی نەتەوەی کورد لەو ساڵانەدا، هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە، لاپەڕەیەکی زێڕین لە خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی و مێژوویەکی پڕ لە شانازی لە خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. سمایل شەریفزادە، یەکێک لە ڕێبەرانی خەباتی پڕ لە شانازی ساڵەکانی ٤٧ - ٤٦ی کوردستانی ئێران بوو. سمایل شەریفزادە ئەو خوێندکارە بلیمەت و ئازادیخواز و شۆڕشگێڕەی کورد بوو کە لە سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی حەمەڕەزاشادا بە وردبینی و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەوکاتی ئێران و کوردستان و بە پەیوەستبوون بە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، خوێندنەوەیەکی تایبەتیی لەو قۆناغەدا بۆ خەباتی ڕۆڵەکانی نەتەوەیی کورد هەبوو. کەڵکوەرگرتن لە پلان و گەڵاڵەی شەڕی پارتیزانی وەک دیاردەی هێزە چەپ و شۆڕشگێڕەکان دژی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا و سەرکەوتنەکانی ئەو قۆناغەی خەباتی چەکداریی گەلانی ئازادیخواز و شۆڕشگێر لە ئامریکای لاتین و ئاسیا و ئافریقادا

هەوێنی بیروڕای شۆڕشگێڕانەی سماییل شەریفزادە و هاوڕێیانی بوو کە بە هۆی خوێندکارانی کوردی زانستگای تاران چەکەرەی کردبوو. لە لایەکی دیکەوە پێشێلکردنی مافە نەتەوەیی و سیاسی و فەرهەنگی و مرۆییەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا لە لایەن ڕێژیمی حەمەڕەزا پەهلەوی و هەنگاونانی ئەو ڕێژیمە بۆ زیاتر میلیتاریزەکردنی کوردستان پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و گرتنەبەری سیاسەتی ڕاوەدوونان و گرتن و ئەشکەنجە و زیندانیکردنی ڕۆڵە ئازادیخواز و مافخوازەکانی نەتەوەی کورد، سماییل شەریفزادە و هاوبیرانی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای بەرەنگاری دژ بە دەسەڵاتی سەرەڕۆ و لەخۆبایی حەمەڕەزاشای پەهلەوی خەباتی چەکدارییە. سماییل شەریفزادە لە نامەیەکدا بۆ ڕێبەری ناودار و هەمیشە زیندووی نەتەوەی کورد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو دەنووسێت: "ئەورۆ تۆفانێکی بەتەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتووە و کۆمەڵانی خەڵک هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری، دەستدانە چەک و وەشاخکەوتنە، نەک هەر بۆ ئێمە بەڵکوو ڕێگای ڕزگاریی هەموو نەتەوەیەکی ژێردەستە و...". هەر بۆیە جووڵانەوەی چەکداریی ساڵەکانی ٤٧ - ١٣٤٦ی هەتاوی، سەرەتا و دەستپێکی خەباتی چەکداری و پارتیزانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران بە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە ئێراندا بووە. بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاویدا سماییل شەریفزادە وێڕای چەند پێشمەرگە، لە گوندی دارینەی ناوچەی بانە، پاش شەڕێکی قارەمانانە لەگەڵ سێ هاوسەنگەری دیکەی لە لایەن جاش و ژاندارمەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشاوە شەهید دەکرێن. کاریگەری و شوێندانەریی کەسایەتیی شەهید سماییل شەریفزادە بۆتە حەقیقەتێک و هێمایەک بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری کورد، هەر بۆیە خوێندکارانی کورد شانازی بە ڕێگا و ڕێبازی خەباتەکەی دەکەن. یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هەست بە بەرپرسایەتیکردن و بە ڕوانینی بۆ بزووتنەوەی پێکهاتەشکێنی خوێندکارانی کورد، شەهید سماییل شەریفزادەی وەک هێمای خوێندکاری کورد و ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی وەکوو ڕۆژی خوێندکاری کورد ناودێر کرد. لە ساڵڤەگەڕی شەهیدبوونی سماییل شەریفزادە و هاوڕێیانیدا، پەیمان نوێ دەکەینەوە تا سەرکەوتن درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی شەهیدان بین. یادیان لە دڵماندا زیندووە و ڕێگای خەباتیان پڕ ڕێبوارە.


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# ٤٦ - ٤٧ی شۆڕشگێران و سمایل شەریفزادەی خوێندکار

**٥١ ساڵ دوای شەهید کرانی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی جێی خۆیەتی وەبیر خۆمانی بێنینەوە**



**شەمزین ئەحمەدنەژاد**

**یەکەم**: لە مێژووی خەبات و شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەڤگەری ٤٦ و ٤٧ خاوەنی تایبەتمەندییەک بوو کە لە ڕووداوە سیاسیی و شانازی خوڵقێنەکانی پێش خۆی و دوای خۆی بە کەمی دەبیندرێت ئەویش پشت بستنی تەواو بە ئیرادەی شۆڕشگێرانە و هێزی گەلە.

لە ڕاستیدا شەریفزادە و موعینی و ئاوارە لە کانتێکستێکی تەواو تودەییدا و بە بنەما گرتنی توانایی و پتانسیەلی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی داگیرکاری و ئیستیعمار ڕادەپەڕن. لە کاتێکدا فەزای سیاسی ئێران لە سەردەمەدا نە هێند پیچیدە بوو کە مەیدانی مانۆڕی سیاسی زۆربێ نە هێندە پڕ لە بازیگەری سیاسی چالاک و شۆڕشگێر و مەیدانی کە بیر لە درووست کردنی هاوپەیمانی و بەرە و هەر شتییکی دیکەی لەو چەشنە بکرێتەوە. ڕێک لەو کاتەدا بە بێهیوا بوون لە ڕەوتی پاسیڤ و سڕ بووی نێو حیزبی دێموکرات کورد کوتەنی پێچەوانەی ڕەوتی ئاو دەست بە مەلە دەکەن.

**دووهەم**: لە لایەن کۆمیتەی شۆڕشگێڕەوە و بە پێی بیروەرییەکانی زیندە یاد کەریم حیسامی دووکتور قاسملو وەک بەرپرسی

بەشی پەروەردە دیاری دەکرێت و مخابن هاتنەوەی دوکوتر لە دەرەوە ڕا لەگەڵ کۆتایی هاتنی جوڵانەوە و گیان بەخت کردنی پێشەنگانی ئەو حەرەکەیە نەتەوەیی سۆسیالیستییە ڕوو بەڕوو دەبێتەوە.

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە دوکتور ئەو سەردەمیش بیری ڕادیکاڵی دوکتور قاسملوو هیچ بوارێکی بە تەمبەڵی سیاسی و نەبوونی کردەوەی شۆڕشگێرانە نەداوە و هەر ئەوش وای لێدەکات لە ئەوروپاوە بێتەوە بۆ عێراق. ئێمپاتی دوکتور قاسملو و شەریفزادە و باوەڕەکانی ناخی ئەو جوڵانەوە و دواتر شەڕی چەکداری حیزب لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە لیدێری دوکتور قاسملو ناسنامەی مێژوویی حیزبی دێموکرات و ڕێنیشاندەری خەباتی ئەوڕۆشمانن.

**سێهەم**: خوێندکار بوون و دوکتور بوون لە لای ئەوان لە چاوتروکانێکدا بەقوربانی خەبات و شۆڕش دەکرێن و شەرعەیەتی شۆڕشگێر بوونیان بە کەوتنە داوی زەرق و بەرقی دوونیایی ناخەنە ژێر پرسیارەوە.

ژیان کردن لە ناو کۆمەڵانی خەڵک و خەبات کردن لە پێناو ئازادیان باشترین زانکۆیە! ئەوە ئەو پێرسپێکتیڤە سیاسی و شۆڕشگێرانەیە کە کاکڵی بیروباوەڕ و کارئەکتەری شۆڕشگێرانەی شەهید شەریفزادە دەردەخات.

ئەوان نابنە ڕووناکبیرێکی ژێر سەقفی و نابنە ڕەخنە گرێکی دوورەپەرێز و ماهەوی، نابنە تەکنۆکراتێکی دەست و پێ سپیلکە و ژیانی سیاسیان خۆیان و گەلەکەیان لەگەڵ ئەو ڕستەیە کە دوکتور قاسملو دەفەرمێ" گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخەکەشی بدات میزان دەکەن.

بەڕێز بێ یادی ١٢ی بانەمەڕ ڕۆژی خوێندکاری کورد و سەمبولی ئەو ڕۆژە شەهید سمایل شەریفزادە

ڕێبواری ڕیگەیان دەبین ئەگەر وردیش بین.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢ی مای ٢٠١٩

# سمایل شەریفزادە، دێموکرات و عەداڵەتخواز



**شاهۆ مەتین**

ئەمڕۆ زیاتر لە نیو سەدە بەسەر شەهیدبوونی تێکۆشەرێکی بلیمەت و ناوداری کورد، کاک سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی (ئاڵا هەڵگرانی شۆڕشی پارتیزانیی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان) تێدەپەڕێ.

سمایل شەریفزادە ئەو ڕۆشنبیرەی کورد و کوردستان بوو کە پاش چوونی بۆ زانکۆ و تێگەیشتنی زیاتری لە بواری هزرییەوە، لەو دۆخە هەستیارەی دنیای دووجەمسەری (کاپیتالیستی و سۆسیالیستی) ئەو کاتدا، کە تێیدا ڕۆلگێری ئەساسی بوون و لەلایەکی تر بەو خوێندنەوە ڕیالیستییەی لە دۆخی ئێران، کوردستان و هەروەها گەلی کوردی هەبوو، ئاڵوگۆڕێکی پڕمانای بەسەر خۆی و بیروباوەڕیدا هێنا و، چووە قۆناغێکی تر لە بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی و نیشتیمانییەوە.

سمکۆی ڕۆشنبیر و وریای کورد پاش تێگەیشتن لە بەشمەینەتی نەتەوەکەی، وێڕای چەند کەس لە هاوڕێیانی بڕیاریان دا ئاوێتەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بن و، لەم ڕێگەیەوە ماف و کەرامەتی کورد و کوردستان، وەک هەموو گەلانی دنیا بۆ نەتەوەی خۆیان دابین بکەن، پاش چوونیان بۆ نێو ڕیزی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕیاریان دا، کومیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکرات پێک بێنن، هەرچەند ئەو بڕیارە لە خوێندنەوەی قووڵی کاک سمایل و هاوڕێیانی، سەرچاوەگرتوو لە دۆخی ئەو کاتی ڕێژیمی پاشایەتی کە ئیسلاحاتی زەوی و زاری کردبوو و هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە،



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆڵ و نازنـاوی ژانـدارمی نـاوچەی پـێ بەخشـرابوو و، لە لایەکـی تریشـەوە بـاش لە ئیـدئۆلۆژی حەمەڕەزاشـا و ڕێژیمـی پاشایەتی تێ گەیشتبوون، کە سیستمێکی وا ملهۆڕ، ناتوانێ باوەڕمەند بە دانی مافی گەلی کورد لە ڕێگـای جاڕنـامەی مـافی مرۆڤەوە بـێ؛ هەربـۆیەش لە ژێـر ڕووناکـایی ئەم خوێنـدنەوە دروستە لە نەزمی نـوێی جیهـانی و دۆخـی ئێـران و کـورد ئەو بڕیارە گرینگەی دەرکرد و، بە بەختکردنی گیانی خۆی و هاوڕێیانی ئەو بیر و بـاوەڕەیان هەتـا هەتـایی کرد.

کاک سمکۆ مرۆڤێکی دەروەستی نەتەوەیی بوو، سەرەڕای ئاشنا بـوونی بە بیروبـاوەڕی چەپ، کە ئەو کـات بـاسی گەرمی نێـو زانکۆ و دنیای خوێندکاری بوو، هاوکات لە وڵاتـانی سۆڤیەت و چین وەک ئەزمـوون تـاقی دەکرانەوە و، شوێنکەوتووانی لە ئێران و کوردستان تەنیا ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکانیان لەژێر بەیـداخی چەپ بوونـدا دەبینـی و، ئەوەنـدە بـاسی شۆڕشـی سووریـان دەکـرد ئەوەنـدە بەشمەینەتیی نەتەوەیـی و شونـاسی خۆیـان وەک گەلێکـی چەوسـاوە و بەشخوراو نەدەبینـی، ڕێـک بە پێچەوانە شەریفزادەی قارەمان وەکوو مرۆڤێکی کوردی عەداڵەتخواز، تێگەیشتوو و پێگەیشتوو، باوەڕمەند بەوەی کە دەبێ سەرەتـا نەتەوەکەی ڕزگـار بێ و شونـاسی نەتەوەیی هەبێ، پاشان لە ستراتیژیی ئەم گەلە ئـازاد و بەختیـارەدا، عەداڵەت و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکرێ؛ دێتە ڕیزی حیزب و خەبات و تێکۆشان دەکا.

لەم ڕاستایەدا دەتوانین بڵێین، شەهیدی ڕێبەرمان کاک دوکتور قاسملوو پاش هێنانی بەرنامەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک بـۆ نێـو ئەساسـنامە و پێـڕەوی حیزبـی دێـموکراتی کوردسـتان، وەک بەرنـامەی دواڕۆژی حیـزب بـۆ نەتەوەی کـورد، ئـاواتە وەدی نەهاتووەکەی کاک سمکۆی قارەمانی کردە مانیفێستی حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد.

**خوێنەرانی هێژا!**

گەر لە لایەک بە وردی ئانتۆلۆژیی کەسایەتیی شەهید سمکۆی قارەمان بکەین و لە لایەکی تر تاکتیک و ستراتیژیی حیزبـی دێموکراتی کوردستان ئانالیزە بکەین، هێمایەکت پێ دەبەخشێ، کە دەڵێی یەکیـان پـراکتیکە و، ئەوی تـر تیـۆرییە بـۆ ئەم پراکتیزە بوونە.

بەحەق گەر کەسـایەتیی شـەهید سـمکۆ لە ڕوانگەیەکـی کـردارییەوە ببینـین و سـاختار و سـتراتیژیی حیزبـی دێـموکراتی کوردستان کە هێزێکی (نەتەوەیی، دێموکرات و عەداڵەتخوازە) شرۆڤە بکەین، دووانەی دانەبڕاوی یەکتر دێنە بەر چاومان.

بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای ئەوەی کە هیوا و ئامانجەکانی شەهید سمکۆ و هاوڕێیانی بە ئەمەگەوە پاراستووە

و درێژەیان پێدەدا، ڕۆژی ١٢ی گوڵانی، وەک ڕۆژی خوێندکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نیشانەی وەفایەک بۆ شەهید سمایل شەریفزادە، شەهیدی قەڵەم و چەک ناودێر کردووە، فەلسەفەی ئەم ناودێرکردنەش بۆ بواری خوێندکاریی کاک سمایل دەگەڕێتەوە کە چەک و قەڵەمی ئاوێتەی یەکتر کرد و ئەرکی خستە سەر شانی خوێندکارانی کوردی تامەزرۆی ئازادی و سەربەستی؛ کە دەبێ بە قەڵەم و چەکەوە بۆ گەیشتن بە ماف خەبات بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئەپریلی ٢٠١٩

# گیڤاراکان



**ناسر باباخانی**

کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ی زایینی لەباری فکری سیاسییەوە، زاڵبوونی گوتاری چەپی بزووتنەوە دژبەرەکانی ئەو وڵاتە دیکتاتۆرییانەی کە بە تەعبیری ئەوان سەردەمان گرێدراوی ئۆردوگای ئەمپریالیستی بوون، رەنگە دیارترین بیروڕای سیاسی بێ، بەتایبەتی لە چاخێکدا کە شەڕی سارد لە نێوان دوو جەمسەری ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەتدا لەوپەڕی خۆیدا بوو. دیارە سەرکەوتنی شۆڕشی کووبا، خۆڕاگریی خەڵکی ڤێتنام، شەڕی جەزایر، شۆڕشی ١٩٦٨ی فەرەنسا، سازبوونی ساف لە فەلەستین و... لەسەر زاڵبوونی ئەم گوتارە دەورێکی بەرچاویان هەبوو.

خۆ ئەگەر زۆری خایاند تا بۆ ئەم بزووتنەوانە دەرکەوت کە یەکێتی سۆڤیەت بەرلەوەی خەمی چارەنووسی گەلانی ژێردەستەی هەبێ، مەبەستی زیاتر بەرپەرچدانەوەی بیرۆکەی ئەمپریالیستی بوو لەو وڵاتانەی کە حکوومەتەکانیان راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ئەمریکا نێزیک بوون، بەڵام بزووتنەوە رزگاریخوازەکانیش بۆ بەرگری لە خۆیان و دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی حاکم لەڕاستیدا هیچ پەنا و پەسیوێکی تریان شک نەدەبرد، بۆیە دەکرێ بڵێین جۆری پەیوەندیی بزووتنەوەکان و ئۆردووی چەپ زیاتر لەڕووی ناعیلاجیی هەردوو لاوە بوو! هەرچەندە کەم نەبوون ئەوانەی بەڕاستی ئیمانیان بەم ئۆردووە هەبوو، لە ئەنجامیشدا سەریان لەم پێناوەدا نایەوە.

***

ئێرنێستۆ گیڤارا (١٩٢٨ - ١٩٦٧) لەوسەردەمیدا ببوو بە هێمایەک بۆ ئەو گەنجە خوێنگەرم و ئارمانخوازانەی خوازیاری

گۆڕینی "دۆخی هەنووکەیی" وڵات بە شێوەیەکی رادیکاڵ بوون و لەسەر بنەمای ڕێنوێنییەکانی ڕۆجێ دوبرۆی (ڕووناکبیری چەپی فەڕەنسی و قوتابی لویی ئالتۆسێری فەیلەسووفی مارکسیست) شۆڕشی چەکدارییان کردبوو بە ئامرازێکی تاکتیکی و ستراتیژیک بۆ - لانیکەم - نەقورچکێک لە حکوومەتە ئەمپریالیستییەکان، بۆیە کتێبە بەناوبانگەکەی ڕۆجێ دۆبرۆی "شۆڕش لە شۆڕشدا" وەک "کتێبی پیرۆز"ی ئەو نەوەیەی لێهات و خەباتی چەکداری بۆ ئەوان، هەم بوو بە تاکتیک و هەم ستراتیژی! هەرچەندە پاش ماوەیەک ڕۆجێ دۆبرۆی لە کتێبێکی دیکەیدا "رەخنە لە چەک" تا رادەیەکی زۆر پاشگەز بووەوە و دواتر بووە گەورە راوێژکاری فڕانسوا میتران سەرکۆماری ئەو کاتی فەڕەنسا! بەڵام کتێبی دووەمی هەرگیز لەلایەن چەپەکانی ئەو سەردەمەوە ئاوڕی بەخێری وێنەدراوە و شۆڕش جێی بە سازان لێژکرد!

***

هەر لە کۆتایی شەستەکانەوە و پەلکێشی بیری سیاسی بۆ لای چەپ، لە زۆر شوێنی دنیا ئەم بیرۆکەیە خۆی خزاندە ناو چینی گەنج و خوێندەواری ئەم کۆمەڵگایانەی کە ستەمی چینایەتی و ستەمی نەتەوایەتی ئازاری دەدان، ئەوان شۆڕشگێرگەلێکی ئارمانخواز بوون کە بەدووی سازکردنی دنیایەکی باشترەوە بوون لە هەر ڕوویەکەوە. ئاماژە بە چەند نموونەیەک سەرەڕای جیاوازیی ژینگەی جوگرافیایی و سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەتوانێ بۆ باسەکەمان یارمەتیدەر بێ: شەهید سمایل شەریفزادە (١٩٤٢ - ١٩٦٨) مەسعوود ئەحمەدزادە (١٩٤٦ - ١٩٧٢) دێنیز گەزمیش (١٩٤٧ - ١٩٧٢) کە لە سێ هەڵکەوتەی جوگرافیایی جیاواز واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باکووری ئێران و تورکیا دەستیان کرد بە خەبات. ئەوان لەباری سیاسی و فکرییەوە ڕەچاوی بۆچوونەکانی ڕۆجێ دۆبرۆیان دەکرد و لەباری نیزامی و چەکدارییەوە گیڤارایان کردبووە سەمبولی خۆیان. ئەوانە لە وڵاتی خۆیان بە گیڤارا ناسرابوون... ئەوان گەنج، خوێندکار، ئارمانخواز و چەپ بوون کە لە ئاکامیشدا لەلایەن دەسەڵاتەوە کوژران.

***

دیارە ئەم حەولانە بەپێی ئەوەی کە لە جوگرافیایەکی بەرتەسک و سنووردارداا بەڕێوەچوون و بە سەرانسەری نەکران و لەلایەکی دیکەوە بە هیچ شێوەیەک هاوسەنگیی هێزی لەڕووی نیزامییەوە تێدا نەبوو، هەروەها خەڵکەکە ئاستی فەرهەنگی سیاسییان لەهەمبەر ئەم بزووتنەوانە یەکجار نزم بوو، هاوکاری و خەمخۆرییان بەرلەوەی بەرهەمی ناسین وەک دیاردەیەکی مەعریفی بێ زیاتر بەرهەمی هەست و سۆز بوو بۆ چەند گەنجێک کە بە دژی زوڵم ڕاپەڕیبوون، بۆیە ئەو پشتیوانییە جەماوەرییەی دەبووایە لەگۆڕێدا با، نەیانبوو. هەروەها بەردەنگی سەرەکی ئەم بزووتنەوانە زیاتر چینی لادێیی و وەرزێر بوو تا چینی ماناوەندی شار، کە دەیتوانی بەپێی جەوهەری زاتی خۆی لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان شوێندانەر بێ. ئەوەی ئەوان لە کتێبەکەی ڕۆجێ دۆبرۆی وەک ئایەتێکی پیرۆز و نەگۆڕ هەڵیانکڕاندبوو "شەڕی چەکداری بوو بەبێ کۆمەڵانی

خەڵکی ئاسایی و ڕەشۆکی"، تەنانەت لایان وابوو ئەم شەڕە نابەرامبەرەش تا ئەو جێیەی دەکرێ دەبێ درێژخایەن بکرێتەوە چون دواجار درێژخایەنبوونی شەڕی چەکداری بە قازانجی خەباتی سیاسی و هۆشیاریی کۆمەڵانی خەڵک یەکلا دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر لە هەندێ شوێن و لە هەندێ قۆناغی زەمەنیشدا تووشی شکست دەهاتن، هیوابڕ نەدەبوون و پێیان وابوو بە زەبری چەک دەکرێ ڕۆچنەیەک بدۆزنەوە لە شەوەزەنگی دیکتاتۆریی زاڵ بەسەر وڵاتدا. وتەیەکی مەشهوور هەیە کە دەڵێ: رادیکاڵیزم گەورەترین هێمای حەقانییەتی بزووتنەوەکانە. ئەو رادیکاڵیزمەی لە خەباتی ئەو گەنجە خوێندکارە ئارمانخوازانەدا بەدیدەکرا، ئاوێتەی چەشنێ حەماسە و ڕۆمانتیسمیش ببوو و مەبەستی ئەوە بوو کە بە "مەرگێکی خۆهەڵبژاردە" بەستەڵەکی دیکتاتۆری وڵات بشکێنن و خەڵک لەخەو ڕاپەڕێنن، هەربۆیە بە ئامێزێکی ئاوەڵاوە بەرەوپیری مەرگ چوون.

وەک دوا وتە: ئێستا نیزیک بە پێنج دەیە بەسەر نەمانی ئەم چەپە ئارمانخوازانە تێدەپەڕێ و دۆخی دنیا لە هەموو رووبەکەوە گۆڕدراوە. کە سەیر دەکەی ئەوان وەک "مێشک" ئامادە بوون بەڵام خەڵک وەک "لەش" مەودایەکی زۆری لەگەڵیان هەبوو.

کەچی لەم سەردەمەدا هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە بووە و ئەمجارەیان ئەوە خەڵکن کە لە پێشەوەن، وێدەچێ ئەم وڵاتانە و وەک نموونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کتێبێکی پیرۆزی پێویست بێ تا وانەکانی شۆڕشێکی سەرلەنوێی بۆ بڵێتەوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ١٧ی ئەپریلی ٢٠١٦

# پەنجایەمین ساڵوەگەری شەهادەتی سمایلی شەریفزادە



۳ی مەی ۱۹٦۷ ڕۆژی شەهید بوونی ئیسماعیل شەریفزادە.

**حەسەن قازی**

سمایلی شەریفزادە لە ساڵی ۱۹٤۲ی زایینی لە مەهاباد لە بنەماڵەیەکی بازرگان دا هاتە دنیاوە، زۆر منداڵ بوو بابی کۆچی دوایی کرد. ئەو دەورەی سەرەتایی و ئامادەیی تا پۆلی پێنجەمی دەبیرستان لە مەهاباد خوێند و دوایە لە دەبیرستانی شەووڕۆژی ئەلبورز لە تاران دیپلۆمی وەرگرت. سمایل لە سەردەمی خوێندن دا هەمیشە لە باشترین شاگردانی پۆل بوو و لە بەشی ئێلێکترۆنیک لە زانستگەی فەننی زانکۆی تاران درێژەی بە خوێندن دا و چوار مانگ بەر لەوەی دەرسی زانکۆ تەواو کا دەستی لە خوێندن هەڵگرت و چوو بۆ باشووری کوردستان.

سماییل هەر لەو ساڵانەی لە دەبیرستان دەیخوێند لە بەر خوێندنەوەی کتێبی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ بێ بەشی گەلی کورد و ئەو زوڵم و زۆرەی ڕێژیمی دیکتاتۆری حەمەڕەزاشا لە خەڵکی دەکرد، ئاشنا بوو و بۆیە لە خەباتی نهێنی سیاسییەوە گلا. ئەو هەر بە چوونی زانستگەی فەننی لە گەڵ گرووپە مارکسیستییەکانی زانکۆی تاران دۆستایەتی پەیدا کرد، ساڵی ۱۹٦۱ کاتێک کۆماندۆکانی ڕێژیمی شا هێرشیان بردە سەر زانکۆی تاران چەند ڕۆژێک گیرا. سماییل یەک لە تێکۆشەرانی هەرە هەڵسووڕاو بوو لە نێو خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران لە مانگی ڕەشەمەی ۱۳٤۲ی هەتاوی دوای هێرشی ساواک بۆ سەر تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و گەلی کورد لە تاران و، لەشار و گوندەکانی کوردستان

ئەو وەبەرنەهات و توانی خوی بگەیێنێتە باشووری کوردستان.لەوێ لەگەڵ خەباتی سیاسی و بەرەوژووربردنی ئاستی تێگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی، لە گەڵ نووسەری ئەم دێڕانە دەقی پارێزگارینامەی خوسرەوی ڕووزبە ی لە دادگەی عەسکەری کردە کوردی.

سمایل و هاوڕێیانی لە ساڵی ١٩٦٧ هاتنەوە نێو کوردستانی ئێران و لە بەشێک لە گوندەکانی ناوچەی سەردەشتسەردەشت، بانەبانە و مەهاباد لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا دەستیان کرد بە کاری ڕێکخستن و سیاسی، بەڵام لە بەر ئەو گوشارەی لە کوردستانی عێراقەوە لە سەریان بوو بۆ بەرگری و مانەوەی خۆیان زۆر زوو لە گەڵ هێزەکانی ژاندرام و نیزامی ڕێژیمی شا تووشی تێکهەڵچوون هاتن. سمایل هەمیشە دەیگوت: ژیان لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و خەبات کردن بۆ ئازادییان باشترین زانکۆیە

سمایل لە بەشێک لە نامەیەکدا کە لە ١٣ - ٢ - ١٩٦٥ بۆ دۆستێکی خۆی لە ئورووپای نووسیوە دەڵێ: ئەمن هەر بە عیشقی ئازادی دەژیم و لەو پێناوە دا چەرمەسەرییەکی زۆرم دیتووە. بەڵام هەر وا لە سەر ئەو ڕێگایەی گرتوومەتە بەر سوورم و هەتا دێ بەحەق بوونی ئەو خەباتەم زیاتر بو ڕوون دەبێتەوە و بە هیوای گەیشتن بە سەرکەوتن دەژیم.


لە بەهاری ١٩٦٧یش لەو سەر و بەندە دا کە خەریکی خۆ ئامادە کردن بوون بۆ چوونەوەی کوردستانی ئێران هەر بۆ ئەو دۆستەی دەنووسێ: برا گیان بۆ خۆت دەزانی ئەمن خەریکی کار و کاسبیم و لە هەر کوێ بازار گەرم بێ و کڕیار زۆربێ بار و کووتاڵی خۆم لە سەر زەوی دادەنێم. ئێستاش کە وەزعی ئێرە بە داخەوە بۆ کارو کاسبی لەبار نییە بە پێویست دەزانم شوێنی کارو کاسبی خۆم بگۆڕم و ڕوو لە چیا کەم. هۆی سەرەکی ئەو کۆچ کردنە ئەوەیە لێرە گوشارمان زۆر لە سەرە و تاب هێنانی زۆر ئەستەمە.... سەفەرێکی دوورو درێژمان لە بەرە. ئێستا چیا و کوێستان ناخۆش نین و هەورە تریشقە زۆرە و زیاتریش دەبێ..، و لە بەشێک لە دوایین نامەیدا کە لە کوردستانی ئێرانەوە لە بەهاری ١٩٦٨ نووسیویەتی دەڵێ: وەرزێران بە گەرمی پشتیوانیمان لێدەکەن. وەزع زۆر باشە، ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە ڕێبەرایەتییەکی دڵسۆز و دروستی هەبێ دەتوانێ پۆلوویەک بێ گڕ لە سەرانسەری ئێران بەر دا

لە ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی ژاندارمەکانی ڕێژیم لە نزیک گوندی دارێنە لە ناوچەی بانە ئەو چیایەیان گەمارۆ دا کە سمایل و هاوڕێیانی لە یەکێک لە ئەشکەوتەکانیدا دامەزرابوون.سمایل و هاوڕێیانی لێیان وەدەست هاتن و دوای شەڕێکی قارەمانانەی ٦ سەعاتە لە نێوان ٥ پێشمەرگەی فیداکار و هێزێکی ٣٥٠ کەسی لە هێزی ژاندرام و دەستنێژی ڕێژیمی حەمە ڕەزا شا، گولەی بازووکا سینگی ئەو ڕۆڵە قارەمانەی گەلی کوردی پێکا و چرای تەمەنی کورت، بەڵام پڕ لە

شانازی وی کووژایەوە. لەو شەڕە دا سمایلی شەریفزادە، میرزا محەمەدی شادمانی، حوسێنی ڕەحمان ڕابی و عەلی عەولا کۆلی کووژران و یەکێک لە پێشمەرگەکان توانی لەگەڵ ئەوەشدا کە بریندار ببوو ئاڵقەی گەمارۆ تێک بشکێنێ و نەکەوێتە دەست دوژمن. تەرمی سمایلیان نەداوە بە بنەماڵەکەی، بەڵکوو بە نهێنی لە گۆڕستانی کوچکە ڕەشی شاری سنەی قارەمان ناشتیان.

## لەبیرت ناکەین سمایل گیان

تێبینی لە ساڵانی ١٩٧٠ی هەتاوی جارێک لە لەندەن چاوم بەعیسمەت خانمی شەریفزادە(خەرازی) خوشکی گەورەی سماییل کەوت و بە دیتنی من وەبیر برای جوانەمەرگی کەوتەوە و بەکوڵ گریا، ئەو دیمەنەم زۆر جار لە پێش چاوە و لە زەینم نـاڕەوێتەوە. لە ٢٦ی ڕەشـەمەی ١٣٩٠ی هەتـاوی عیسـمەت خـانمی شـەریفزادە (خەڕازی) هاوسـەری بەڕێـز حـاجی ڕەحیمـی خەڕازی دوای ماوەیەکی درێژ نەخۆشی سەری نایەوە[١]





سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٢ی مای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe


# بەڵگەیەکی ساواک لە مەڕ شەهادەتی سمایل شەریف زادە و هاوڕێیانی




**حەسەن قازی**

لە زستانی ساڵی ١٣٩٤ (٢٠١٥) موءسسە مطالعات و پژوهشهای سیاسی کتێبێکی بڵاو کردووەتەوە بە ناوی "حزب دمکرات کردستان ایران"، بە قەڵەمی کەسێک بە ناوی محمود نادری، ئەو کتێبە بە شێوەیەکی لایەنگرانە و بە مەبەستی شێواندنی مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە کوردستانی ئێران نووسراوە، بەڵام هەر چەند چڵ و نیوەچڵێش بێ زۆر بەڵگەی گرینگی تێدای. لەوانە چەند لاپەڕەی لێپرسینەوە لەگەڵ نەمر سولەیمانی موعینی لە زیندانی بارزانی و هەر وەها ڕاپۆرتی بەرپرسی ساواک (سازمانی ئیتلاعات و ئەمنییەتی کێشور) ی ئۆستانی کوردستان، لیقوانی بۆ سەرەوەی خۆی لە مەڕ شەهادەتی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی. بە داخەوە لاپەڕەی یەکەمی ئەوسەنەدەی ساواک لەو کتێبە دا نەهاتووە.

لێرە دا بەڵگەکە وەکوو خۆی بڵاو دەکەینەوە. بۆ چاکتر خوێندنەوە هەمووی نووسراوەتەوە. لە سەنەدەکە دا باسی کەسێک کراوە بە ناوی مەلا حسن، مەلا جەلال کە مەبەست لە ڕەوانشاد دوکتور کوروش لاشایی لە ڕێبەرانی سازمانی ئینقلابی حیزبی توودەی ئێرانە کە وێنەی ئەو سەرو بەندی لێرە لەگەڵ ئەو بابەتە بڵاو دەکرێتەوە.دەقی ئەو بەڵگەیە دواتر دەکەینە کوردی.





نخست وزیری

سازمان اطلاعات و امنیت کشور

مهر سری

در باره --------- ۲ -

در زمینه مراجعت متواریان ایرانی نیز باحمد احمدی آموزش لازم داده شده بود تا آنکه در حدود ٤٠ روز قبل بساواک استان مراجعت و بمنظور مراجعت شخصی بنام کدخدا شریف شهرت صالحیان تقاضای عفو و تامین نمود چون شخص مذکور متواری و دارای سوابق شرارت بود باحمد احمدی اظهار شد که این شخص بایستی خدمت شایان توجهی بنماید تا نسبت به عفو وی اقدام گردد.

احمدی پیغام ساواک را به شریف صالحیان ابلاغ و مشارالیه نیز آمادگی خود را بمنظور نابودی اشرار اعلام میدارد سپس قرار تماس با شریف با شماره رمز ۳۲ بین ساواک بانه و احمد خان گذارده میشود.

۲- سوابق کدخدا شریف صالحیان

برابر سوابق موجود و اقاریر وی شخص مذکور در حدود بهار سال ٤٠ بعلت کینه‌ای که از حاج رضا کدخدای کلبه نشین داشته و ناراحتیهائی که این شخص برای شریف بوجود میاورد باتفاق دامادش محمد حسن پناه بعراق متواری و پس از مدتی مراجعت و ضمن دستگیری پسر حاج رضا بطرف خود حاج رضا تیراندازی پس از مدتی بهبود مییابد. ضمنا دو بار اقدام بسرقت مسلحانه نموده است.

۳- وقوع حادثه

پس از ابلاغ شرایط عفو وسیله احمد احمدی بشریف صالحیان نامبرده بمنظور نفوذ و اخذ تماس با عوامل حزبی حرکت و در بانه زیر بآنان برخورد و خود را به اسمعیل شریف زاده معرفی و شریف زاده از او استقبال مینماید تا اینکه در اوائل اردیبهشت نامه‌ای بعنوان سازمان امنیت و فرمانده گردان و احمدی نوشته، فرستاده و در آن نامه قصد خود را که از بین بردن یک یا چند نفر از اشرار بوده اعلام داشته و پس از آن در تاریخ ۲۲ - ۲ - ٤٧ شریف صالحیان خود را به فرمانده گروهان مامال معرفی میدارد و اظهار میدارد بهمراهی ۳۲ نفر به سرپرستی ملا عزیز (اسمعیل شریف زاده) از گندمان

سردشت بقریه غر در ۳۸ کیلومتری شمال باختر بانه (مرز سردشت بانه) آمدیم بعدا ملا عزیز، شریف جمعا ۸ نفر بمنظور استقبال از فایق که قرار است با عده ده نفری که خلیل شوباش نیز جز آنها بوده بایران وارد شوند بقرینه دارینه ۲٤ کیلومتری شمال باختری بانه آمدند ساعت ۱۱،۲۳ که نوبت نگهبانی شریف بود از پنجره اطاق با تیر بطرف میرزا محمد و ملا عزیز که با سه نفر دیگر در یک ردیف خوابیده بودند تیراندازی و فرار میکند، ضمنا داماد شریف بنام محمد حسن پناه جزو آنها بوده که پس از تیراندازی شریف طبق قرار قبلی تصمیم بفرار میگیرد گروهان مامال پس از اطلاع از جریان تقاضای عوامل کمکی نموده و سه اکیپ (احمد احمدی - عبدالله شهیدی - محمد یونسی) با سرپرستی دو نفر از افسران ژاندارمری و نفرات عملیات مخصوص اقدام به تعقیب نموده و متفقا به محل واقعه حرکت و مشاهده میکنند خونریزی زیادی روی لحاف موجود پسر صاحب خانه اظهار کرده یک (تیر بدست و پهلوی یکی از آنها اصابت کرده و قادر به تکلم نبوده و ممکن است بمیرد) پس از یک سلسله تجسس در بین راه محمد فرزند حسن شهرت حسن پناه داماد کدخدا شریف بدون اسلحه و مهمات خود را بمامورین معرفی و محل اختفای اشرار را اعلام میدارد در ساعت ۱۲۱٤۳۰ ماموران با اشرار تصادف ضمن زدو خورد ابتدا احمد محمودی از اهالی نجنه علیا مسلسل چی احمدی که گلوله بصورتش اصابت کرده بود بشهادت میرسد زد و خورد تا ساعت ۱۱۹۰۰ ادامه چهار نفر باسامی ذیل مقتول و اسلحه و مهمات و لاشه آنان بدست می آید.

۱- اسمعیل شریف زاده با نام مستعار ملا عزیز مسئول حزبی منطقه بانه و مغز متفکر عوامل حزبی با یک قبضه مسلسل سمینوف و سر نیزه و ۱۵٦ تیر فشنگ و یکرشته فانسقه و یک جلد دوربین دو چشم و یک عدد نارنجک دستی جنگی.

۲- میرزا احمد اهل سردشت با یک قبضه تفنگ ۱۱ تیر و ۸٤ تیر فشنگ و دو رشته فانسقه‌چرمی
۳- حسن رحمن رابی با یک قبضه تفنگ برنو متوسط و ۳ تری فشنگ و یک رشته فانسقه چرمی
٤- علی فرزند عبداله کۆڵی اهل بناویله سردشت با یک قبضه ۱۱ تیر و و ۲۹ تیر فشنگ با فانسقه و یکنفر دیگر بنام عبدالله اهل بانه زیر که احتمالا کشته شده و اشرار ویرا با اسلحه برودخانه انداخته‌اند. فرد دیگری بنام مصطفی اهل لیلانه ناحیه سردشت نیز فرار کرده است. ضمنا ٤٥ برگ اسناد و مدارک از جیب این افراد کشف که صورت و بهره برداری و بانضمام عکس مقتولین در آن میباشد بپیوست تقدیم میگردد.

لاشه مقتولین پس از انجام تشریفات قانونی بسنندج حمل و بطور گمنام دفن گردیدند
٤- خلاصه بازجوئی از شریف صالحیان

نامبرده ضمن تائید چگونگی وقوع حادثه که فوقا معروض گردید اظهار میدارد که در حدود ٤٠ روز قبل احمدی به من مراجعه و اظهار داشت که من با مسئولین سازمان امنیت کردستان تماس گرفته‌ام و آنها میگویند تو بطرف حاج رضا تیراندازی و چند فقره سرقت مسلحانه انجام داده‌ای بنابراین بایستی خدمت بزرگی بمنظور جبران انجام دهی که در باره عفو تو اقدام گردد منهم قول دادم که خدمت کنم و واقعا هم کردم.

نامبرده اضافه مینماید در این مدت که من با عوامل حزبی بودم به آبادیهای زیادی رفتیم آنها در هر آبادی یکنفر را مسئول قرار داده‌اند در آبادی ویسک عزت پسر محمود فرج. بندژاژ - دو برادر هستند یکی بنام صالح و دیگری رحمن. ورچک سه نفر مسئول میباشند که هر سه نفر کریم نامیده میشوند و یکی از آنها پایش لنگ است. رشکی شخصی بنام فقیه کریم بوالحسن کدخدا صالح و پسرش. گرشیلان حسن نام. ابراهیم خسار علی دارونه. سونو عاج سلیم بیگ و علی شلماشی. گروه هشت نفری ما از طوتو از عبدالله معینی جدا شدیم و بطرف هالو پینج پس از آن بدارینه بمنزل کدخدا حسین دارینه رفتیم و در ساعت ٢/٥ بعد از نیمه شب بطرف ملا عزیز تیر تیراندازی کردم. کدخدا شریف در بازجوئی اظهار داشت که این افراد سه دستگاه بیسیم دارند که یکی نزد مراد شیریژ یکی در اختیار عبدالله معینی و یکی نیز در اختیار سلیمان معینی میباشد. اسمعیل شریف زاده روزها در کوه بما تعلیم جنگ پارتیزانی میداد و قرار بود که تا یک ماه دیگر بپاسگاههای ژاندارمری حمله کنند.

طبق اظهار نامبرده تا دو روز قبل از واقعه مورخه ١٢ - ٢ - ٤٧ شخصی بنام ملا حسن که دکتر نیز نامیده میشد با مشخصات سبیل و ابروی مشکی و پر پشت ، قد متوسط سن در حدود ٣٠ سال همراه آنان بوده و بچند زبان خارجی مسلط میباشد (بنظر میرسد این شخص با این مشخصات همان ملاجلال نماینده حزب منحله توده باشد که در انتظار مراجعت فایق است)

با عرض مراتب فوق بنظر میرسد بعلت دیر رسیدن مامورین تعقیب مقداری از اسناد و مدارک حزبی مفقود و یا معدوم گردیده است این ساواک اقداماتی بمنظور بدست آوردن مدارک مذکور بعمل آورده در صورت کشف بانضمام رونوشت سایر مدارک مکشوفه متعاقبا تقدیم میگردد. ع

رئیس سازمان اطلاعات و امنیت استان کردستان. لیقوانی

امضاء



سەرچاوە
Serchawe



سمایل شەریفزادە و هێندێک لە هاوڕێیانی، هاوینی ١٩٦٤ی هەتاوی لە سەر تەپۆڵکێک کە دەروانییە سەر شاری قەڵادزێ لە ڕاستەوە: شەهید عوسمان ئازیزان، سالار حەیدەری، سمایل نەمەشیری، قەفتان، ئەفسەری شیوعی عێراقی (عەرەب)، حەمەدەمین سیراجی، ئەحمەد جبووری ئەفسەری شیوعی عێراقی (عەرەب)، شەهید خەلیل مستەفا زادە (شەوباش)، وسێن ئاغای سیسێری، سەید حەسەن هاشمی، حەسەن قازی، سمایل شەریفزادە لە بەر گەڕی داوەتێ دانیشتووە



سمایل شەریفزادە لەگەڵ دایکی یای زارای جەعفەری کچی سەید جامی و یەک لە براکانی ڕەوانشاد ڕەحمان شەریفزادە



کورش لاشایی – کردستان ۱۳۴۷ (۱۹۶۸)

**ڕەوانشاد دوکتور کوروش لاشایی (۲۰۰۲ - ۱۹۳۸) یەکێک لە دامەزرێنەران و ڕێبەرانی سازمانی ئیقیلابی حیزبی توودەی ئێران  کە لەم سەنەدەی ساواک دا وەک مەلا حەسەن و مەلا جەلال ناوی هاتووە.**

**سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە  -  ڕێکەوتی: ٢ی مای ٢٠١٩**

## سمایل شەریف زادە و هاورێیانی ٤٦ - ٤٧ کە خەوێ خۆشی شای ئێرانیان تێک دا!




**کەریم ئەڵڵاوەیسی**

سمایل شەریف زادە و ئەو قارەمانانەی کە گۆمی قۆل و مەندی دیکتاتووی شایان شەلەقاند!جولاوەنەی ٤٧ - ٤٦، لە مێژووی کورد وبەتایبەتی رۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان لاپەرەیکی زۆر پرشنگدارە.

شای دیکتاتور و زالم کە خۆی وباوکە زالمەکەی رەزا شا لە کوشتاری و خەیانەت لە کورد لە هیچ فێل وتەلەکەیەک خۆیان نەپاراست لە ٤٠ کانی هەتاوی لە سالەکانی ١٣٤٠را تووشی غرورێکی زۆر ببوون و ئێرانیان بە جەزیرەیەکی مەند لە رۆژهەلاتی نێوەراستی پر کێشە وهەرا دەزانی.

بەڵێ قارەمانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەرچەند لەبەر ناچاری و ناعێلاجی ئەم جولانەوەی پێشمەرگایەتیان هەڵبژدارد بەڵام لە ماوەی ١٨ مانگی سالەکانی ٤٧ - ٤٦ ئاوریان لەسەر پشتی دیکتاتوور کردوە و ئەو گوومە مەندەیان شەلەقاند و هەموو قسە زەلامەکانیان لە سەر جەزیرەی مەند ناوچە لە شا پووچەل کردوە.

کاک سمایل شەریف زادە تێکوشەری خویندکاری تاران خەلکی مەهاباد لەگەل شورشگیرانی دیکە کاک سولیان موعینی مەلا ئاوارە، مینە شەم سالح لاجانێ و عەولا مەعینی و زۆر لە هاورێیانی دیکە نیشانیان دا کە بۆ ماقی گەلە چەوساوەکەیان گیان دەبخشن، بەڵام ناهێلن زور و زوڵم و بێ ویژدانی بە کورد بکرێ.

کاک سمایل شەریف زادە و ٣ هاوریی لە ١٢ی بانەمەر لە شەڕی دارینەی بانە پاش شەرێکی زۆر قارەمانەنە لەگەل بەکرێگیراوەکانی شای خائین شەهید دەبن و لاپەرەیەکی گەشی دیکەبە لاپەرەکانی پڕ لە شانازی خەبات بۆ گەل وحیزب تێکوشەرەکەیان تەرخان دەکەن.

هەر لەو سەروبەندە بە هوی رێکخراو ی چریکە فیدایەکان گەلی ئێران پایگای سیاهکل لە شیمالی ئێران دەگێری، کە ئەوەش بایخ وگرینگی زۆری هەبوو بەلام جالب ئەوە بوو جولانەوەی ٤٧ - ٤٦ کوردستان کە زۆر لەناوچەکانی کوردستان گرتبووە وزۆر بەرێن بووو لە ماوەی ١٨ مانگ ی خایاند نەیانەویست گەوەرەی نیشان بدەن، بەلام ئەوان گرتنەوەی سیاهکەیان کە تەنیا لە گوندیکی بوو ئیجگاریان پێ گرینگتر بوو چاکیان گەورە کردوە. لە لەسەرتای شورشی گەلانی ئیران هەبوو حیزبی دیکە کەوایان نیشان دەدا کە کاک سمایل شەریف زادە لەگەل ئەوان بووە!،

سلاو لە کاک سمایل شەریف زادە وهەموو خەباتیگرانی ئەم جولانەوە و حێزبی دیموکراتی کوردستان سەری نەوازش بۆ هەموو ئەو قارمانە دەدەنوینم.

# «ئەحمەد خانی قارەمان»




**رزگار ئەمین نژاد**

**ئیپیزۆدی یەکەم:**

ڕەنگە دایکم بە دەیان جار ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕابیتینەوە و، هەموو جارێکیش ئەم چیرۆکە نە زیادی دەکرد و نە لێی کەم دەبۆوە. بیرەوەری ئەم ڕووداوە وەها کاری لە دایکم کردبوو کە نە بە جارێک و نە دە جاران گێڕانەوەش ئۆقرە ناگرێ.

ئەو ساڵە باوکم هەڵاتبوو بۆ عێراق. لەساڵانی ١٣٤٥ بۆ ١٣٥٠ هێرشی ساواک و ژاندارمە (ئەمنییە) بۆ سەر لاوانی کورد بە ڕادەیەک بوو کە هەر کەس شتێکی لە خۆیدا شک دەبرد، پەریوەی ئەو دیوو (عێراق) دەبوو. وادیارە باوکیشم شتێکی لە خۆیدا شک دەبرد کە وەها بە هاسانی دەسبەرداری ماڵ و منداڵی دەبێ و پەریوەی ئەو دیوو بووە. دایکم کوتی تۆ هێشتا لە دایک نەببووی، سەرەتای بەهاری ١٣٤٧ دەنگۆیەک بە شاردا بڵاو بۆوە و خەڵک لە ترسانا بە شەوان هاتووچۆی یەکتریان نەدەکرد، دەرگایان توووند دەکرد و تا بەیانی وەنەوزیان نە دەدا. دەیانگووت «چەتە» هاتووە و دایکم دەیگێڕایەوە کە خەڵکیش بەڕاستی باوەڕیان کردبوو کە چەتە هەن. نازانم چۆن ساواک توانی وەها دەنگۆیەک لە نێو خەڵکدا بەهێز بکا، چوونکە خەڵک قەت باوەڕیان بە پیاوانی حکوومەت نەدەکرد. دیار بوو لە ڕێگای دەرەبەگەکانەوە ئەو دەنگۆییەیان بڵاو کربۆوە. دایکم جوان لە بیری ماوە، تەنانەت ڕۆژەکەشی دەزانێ. ئێوارەی پێنج شەممە، ١٢ی بانەمەری ١٣٤٧ بوو، کوتیان چوار چەتەیان کوشتووە و تەرمەکانیان هێناوەتەوە بۆ مەزراکەی ئێمە کە دەکەوێتە خوارووی کێوی «دووزین». کوتی خەڵک بە پۆل بەرەو مەزرای ئێمە دەڕۆشتن. دایکم چاوی بە دادە «نەسرەتی شەریفزادە» دەکەوێ کە بە شین و شەپۆرەوە لەگەڵ مێردەکەی کاک «ڕەحیمی ئەمینی»، لە پردەکەوە دەپەڕنەوە. دادەنەسرەت خەڵکی مەهاباد بوو، لە بانە مێردی بە

کاک رەحیمی ئەمینی کردبوو. کاتێ دایکم دەبینێ دادە نەسرەت بە خۆیدا دەدا و بە شین و شەپۆرەوە بەرەو مەزرای ئێمە دەڕوا، خۆی پێ ڕاناگیرێ و دوایان دەکەوێ.



کاتێ دایکم دەگاتە مەزراکەمان، ئەو پیاوەی کە وەک نیوەکار کاری بۆ دەکردین، بەرەو پیری دایکم دێت و پێی دەڵێ: ئەوە بزورگ خانم بۆ هاتووی؟ خەتەرە.... ئەو کەسانەی دایکم دەناسن دەزانن کە ئەو ژنێکی بە غیرەت و هەروەها ڕوونابیرە، هێندێ جار هەستم دەکرد تەنانەت لە باوکیشم بە غیرەت ترە. گوێی بە قسەی نیوەکارەکەمان نابزوێ و لە تەرمەکان نزیک دەبێتەوە. بەگزادە بەرماوخۆرەکانی بانە، وەک سەگی ڕاوچی ئەو چوار تەرمە بێ گیانەیان گەمارۆ دابوو و ڕێیان بە کەس نەدەدا لە تەرمەکان نزیک ببنەوە، بەڵام ئەو بەگزادانە شەرمیان لە دایکم دەکرد و ڕێزیان لێ دەگرت چوونکە دەیانناسی کچی کێیە و ژنی کێشە. دایکم چاوی بە تەرمی لاسە شۆڕێکی نیشتمان دەکەوێ کە غەنیمی دژمنانی کورد بوو. دایکم ئێستاش ئەو دیمەنەی لە چاوان وون نابێ، تەرمێکی خوێناوی، تەپوتۆزاوی، سارد، شلک وەک ڕێواسی کوێستانان و لە پەنای سێ ترمی دیکەدا بە بێ گیانی ڕاکشا بوو. دایکم باسی چاوەکانی، برۆی قەترانی، ڕوومەتی گەش و ڕوخساری ناز لێشێواوی دەکرد و دەیگووت: «هێندە جوان بوو تەنانەت خوشکی خۆشی حەزی لێ دەکرد». دایکم دەچێتەوە لای دادە نەسرەت. کوتی کەس نەیدەوێرا خۆی لێ بدا، خەڵک دەترسان و بە ماتی ڕاوەستا بوون. لەو بێدەنگییەدا لە دوورەوە دادە نەسرەت برا غەریب و بێنازەکەی خۆی دەلاواندەوە. دایکم باوەشی بۆ دەکاتەوە و پێی دەڵێ: نەسرەت گیان دژمن بە خۆت خۆش مەکە. دادە نەسرەت بە چنگ و ددانان چەند جار هۆمەن بۆ یەکێک لە بەگزادەکان دەبا، بەڵام خەڵک دەیگرن. دایکم گێڕایەوە کاتێ دادە نەسرەت زانی دەستی ناگاتە ئەحمەد خان، بەسەریدا دەقریشکێنێ و دەڵێ: «گەواد، شەرت بێ ئەو کراسە ڕەشەم دانەکەنم، تا پیاوێک پەیدا دەبێ و تۆڵەی براکەمت لێ بستێنێتەوە».

دایکم کوتی ماشینی ساواک و دوو ماشینی جیپ و سێ زیلی ئەرتەشی هاتن. دەورەی خەڵکەکەیان گرت، ڕەئیسی ساواک و

چەند ئەفسەر دابەزین و لە تەرمەکان نزیک بوونەوە. دیار بوو پزیشکی قانوونیان لە سەقزەوە هێنا بوو کە مەرگی ئەو چوار کەسە بسەلمێنێ و هەر لەوێ «سوورەت جەلەسە» واژۆ بکەن. دایکم شتێکی سەیری گێڕایەوە و کوتی یەکێ لە ئەفسەرەکان کە بە تەمەن لەوانی دی لاوتر بوو، کاتێ لە تەرمەکان نزیک دەبێتەوە، لە پەنای تەرمی بێگیانی کوڕە جوانەکە ووشک دەبێ، بەسەر تەرمەکەیدا دادەمووکێتەوە و دوو چەپۆک بەسەری خۆیدا دەدا و بە دەنگی بەرز دەڵێ: «اسماعیل!... قوربان کوا ئەوانە چەتەن، من ئەمەیان دەناسم، لە زانکۆ لەگەڵ یەک بووین، موهەندیسە و...» دایکم کوتی فەرماندەکەیان بەگژیدا هاتەوە و رەئیسی ساواکیش پیلی ئەفسەرە لاوەکە دەگرێ و سوار ماشینەکەی خۆی دەکا. دایکم کوتی یەکێ لە بەگزادەکان بۆ خۆشیرین کردن فیشەکێک بە تەرمی بێگیانی «سمایلی شەریفزادە»وە دەنێ و دەڵێ ئەوەیان سەرۆکی چەتەکان بوو. دادە نەسرەت لەو کاتە دا گڕ دەگرێ، چنگان لە عەرزی دەگرێ، دەقیژێنێ و دەستی بەکەس ناگا. فەرمەندەکە تاوێ لە دادە نەسرەت رادەمێنێ، ئەوجار روو لە بەگزادەکە دەکا و بە گرژییەوە پێی دەڵێ: «لەبەرچاوی ژنان خۆت فش دەکەیتەوە خوێڕی، ئەگەر پیاوی ئازایەتییەکت دانێ بۆ شوێنی خۆی». دواتر «سوورەت جەلەسەیان» ئیمزا کرد، بارەقەلایان بە دەرەبەگە رووتەکانی بانە کوت، دەستووریان دا تەرمی بێگیانی شەهیدان لە پشت یەکێ لە زیلە ئەرتەشییەکان بهاوێن، بۆخۆشیان سوار بوون و رۆشتن. لەو ئێوارە خەماوییە دا، لە ژێر چارشێوی زەردپۆشی رۆژئاوابوونی بانە و لە بن تەپوتۆزی ماشینەکاندا، خوشکە دڵسووتاوەکەی «سمایل شەریفزادە» بە بێدەسەلاتی بەجێ ما.

کاتێ ئەنقلابی ساڵی ١٣٥٧ سەرکەوت، لە بیرم دێ شەر بوو لەسەر ناوی «سمایلی شەریفزادە» چریکی فیدایی دەیگووت هی ئێمە بوو، باڵێکی حیزبی توودە دەیگووت هی ئێمە بوو، کۆمەڵە دەیگووت هی ئێمە بوو، حیزبی دێمۆکرات دەیگووت هی ئێمە بوو، بەڵام ئەو شتەی کە روون بوو ئەوە بوو کە ئەو شەهیدە بێنازەی کە لە خۆرئاوای ئێوارەیەکی بانە دا راکشابوو «سمایلی شەریفزادە» بوو، هێندە گەورە بوو کە بەشی هەموو خەڵکی ئێران و کوردستانیشی دەکرد.

## ئیپۆزۆدی دووهەم

ئەمەیان ئیتر چیرۆکی منە، چیرۆکی سەردەمی راپەرینی گەلانی ئێران و دوارۆژەکانی حکوومەتی پەهلەوییە. ئەم چیرۆکە لە بیرەوەری زۆربەماندا ماوە، ساڵی ١٣٥٧ بوو، ئێمە نەدەچووینەوە بۆ قوتابخانە چوونکە هەموو رۆژێ خەڵک دەرژانە سەر شەقام و بە دژی شای ئێران دروشمیان دەدا. من ئەو کات پۆلی سێی سەرەتایی بووم، تەمەنم نۆ ساڵان بوو. گشت رێپێوانەکان دەچووم، بەڵام ئەوەی راستی بێ نەمدەزانی وەک ئەو خەڵکە درووشمەکان بڵێمەوە، دەستم وەک ئەوان هەڵدێنایەوە و بەدوایاندا دەرۆشتم. لە بیرمە یەکێ لەو رۆژانەی کە خەڵک رژابوونە سەر شەقام، لە نەکاو چەند کەسێک دەنگیان هەڵبڕی و خەڵکەکەیان بەرەو پادگان (سەربازخانە) دنە دەدا. وا دیار بوو کە بە تەما بوون وەک شارەکانی دیکە پادگانی بانەش چەک بکەن. هێندەی پێ نەچوو کە بوو بە تەقە. من تا ئەو کات گوێم لە تەقەی چەک نەببوو، نازانم

منیش وەک ئەو خەڵکە ترسا بووم یا هەر دوای خەڵکەکە دەکەوتم. خەڵک بڵاوەیان کرد و منیش بەرەو ماڵ گەرامەوە. دایکم لەبەر درگا چاوەڕێی من و براکانمی دەکرد، کوتی هەڵێ وەرە ژوورەوە، پرسیاری برا گەورەکانمی لێ کردم، نەمدەزانی لە کوێن و نەشم بینی بوون. باوکم بە پەلەداوان خۆی بە ماڵەوەدا کرد و بە دایکمی کووت: «دەمانچەکەم بۆ بێنە». دایکم کە پێشتر دەمانچەکەی شاردبۆوە، بۆی هێنا و باوکم لەگەڵ چەند کەسی دیکە بەرەو پادگان چوون. دواتر پیاوێکی باڵابەرز و جامانە قیتم بینی کە بە بەر درگاکەی ئێمەدا بەرەو پادگان دەڕۆشت، چەکەکەی لە دەمانچەکەی باوکم گەورە تر بوو دواتر زانیم ئەو پیاوە کەڵاشینکۆفی پێ بوو، سڵاوی لە دایکم کرد و بە غاردان بەرەو پادگان ڕۆشت. دایکم لەبەر خۆیەوە کوتی ڕەببی نەگەڕێیتەوە. کوتم بۆچی؟ کوتی تۆ کارت بەو شتانە نەدا بێ، بڕۆ ژوورەوە. کوتم کێ بوو؟ کوتی ئەحمەد خانە!

تەقە هەر دەهات و گەرمتر دەبوو، ژنانی گەرەک بە گریانەوە خۆیان بە ماڵی ئێمەدا دەکرد و دایکم دڵنەوایی دەدانەوە. پێم سەیر بوو کە بۆ دەبێ ئەوان بێن بۆ ماڵی ئێمە، دواتر کە گەورە بووم زانیم هۆکاری هاتنیان بۆ ماڵی ئێمە نەترسی دایکم بوو و ئافرەتەکانی گەڕەک لای ئەو سووکناییان دەهات. ماڵی ئێمە پڕ ببوو لە ژن و منداڵی گەرەک و لەبەر دەنگی گریان جارەز ببووم. ماڵی ئێمە بەرز بوو، منیش نەدەترسام، چووم لە هەوەرەبانەکەوە سەیری پادگان بکەم، هیچ دیار نەبوو هەر دەنگی تەقە دەهات. دایکم کوتی ڕۆڵە وەرە خوار، گوللەی وێڵت بۆ دێ! گوڵلەی وێڵ؟ بەلامەوە سەیر بوو، تا ئەو کات شتی وام نەبیستبوو و لەو کاتەشدا نەمدەزانی بۆ دەبێ لە گوللەی وێڵ بترسێم. ئێوارە دەنگی تەقە بڕا، خەڵک پادگانیان گەمارۆ دابوو و لەو ڕۆژەدا زانیم نیوەی خەڵکی شار چەکیان لە ماڵەوەدا هەبووە و تا ئەو کاتە شاردبوویانەوە. ئیتر چیرۆکی من و چەک لەو ڕۆژەوە دەستی پێ کرد. لە سەرەتای تەقەکەدا کوڕێک بە ناوی «ڕەحمانی فاتە ئالاسکە» کووژا. دواتر دەنگۆی کووژرانی «ئەحمەد خان» بڵاو بۆوە. شەوێ کە باوکم هاتەوە، بە مردنی ئەحمەد خان پەشۆکاو بوو، بەڵام دایکم دیار بوو پێی ناخۆش نییە.

ڕۆژی دواتر خەڵکی شار ڕژانەوە سەر شەقام، بەڵام دروشم و هێماکان گۆران، بیرم دێ ژێرکراسێکی (فانیلە) خوێناویان بە دارێکدا بەرز کردبۆوە و بە شەقامدا دەیانگێڕا. گۆیا ئەوە ژێرکراسی ئەحمەد خان بوو. خەڵک هاواریان دەکرد: «ئەحمەد خانی قارەمان، تانگی دوژمنی شکاند!» ئیتر ئەم درووشمە بوو بە دروشمی ڕۆژ و وێنەی ئەحمەدخان بە هەموو شوێنێکەوە هەڵواسرا بوو. ڕۆژی دوای مردنی ئەحمەد خان، چووم بۆ ڕیپێوان، باوکم دەستی گرتبووم، قەرار بوو تەرمی ئەحمەد خان ببەن بۆ گۆرستانی سلێمان بەگ. منیش لەگەڵ باوکم ڕۆشتم، دایکم نەهات و من هەستم دەکرد کە نەدەبوایە باوکیشم بچێ، نازانم بۆ بەڵام بە خەمساردییەکەی دایکم دا وام هەست دەکرد. باوکم دەستی توووند گرتبووم، جەماوەرێکی زۆر ڕژابوونە سەر شەقامی جادەی سلێمان بەگ، وێکڕا هاواریان دەکرد: «ئەحمەد خانی قارەمان، تانگی دژمنی شکاند!» لە ڕێی



سەرچاوە
Serchawe

قەبراندا دیمەنێکی سەیرم بینی، دادە نەسرەت بە تەمای هاتن بوو بۆ سەر قەبران، دایکم لە کنی راوەستا بوو، دیار بوو رێیان لێ دەگرت، لەگەڵ کاک رەحیمی مێردی دەمبۆڵەیان بوو، جوانم لە بیر نەماوە کە چیان پێ دەگووت چوونکە ئەو کات منداڵ بووم، بەڵام لەبیرم دێ کاک رەحیم و هێندێ لە پیاوانی دی زوو زوو لە بەری دەپارانەوە و دەیانگووت «عەیبە». کاتێ تەرمەکەی ئەحمەد خان هات، دادەنەسرەت بەرۆکی کراسە رەشەکەی دادڕی و دواتر دایکم بۆی دەگێڕامەوە کە دادە نەسرەت لەو کاتەدا کوتوویەتی: «ئۆخەی، ئەمرۆ شایی سمایل گیانە». دایکم دەیگووت لەو رۆژەوە ئیتر دادە نەسرەت جلی رەشی لەبەر نەکردەوە.

خەڵکەکە زۆریان پێ ناخۆش بوو کە دادە نەسرەت وای کرد، دەرەبەگەکان وەک بڵێی نە بایان دی بێ و نە بۆران، خۆیان رادەنا و هۆمەنیان بۆ دادە نەسرەت دەبرد، هێندێ کەس جنێویان بە دادە نەسرەت دەدا و هێندێکیش تف و لەعنەتیان دەکرد، بەڵام کەس چیرۆکی خۆرئاوا دەڵتەنگەکەی ساڵی ١٣٤٧ی بانەی لە بیر نەما بوو. ئێستا ئیتر ئەحمەد خان ببوو بە قارەمان، شەهید، نەترس، ئازا، ئەفسانە و... من ئەو رۆژە و رۆژانی دواتریش هەر بە دوای تانگییێکی شکاو دا دەگەرام کە ئەحمەد خان تێکی شکاندبێ. ئەوەی راستی بێ قەت قەت ئەو تانگە شکاوەم نەبینی، چوونکە هیچ تانگێک لە ئارا دا نەبوو، زرێپۆشێکی نەفەر هەڵگر لە رۆژی تەقەکەدا لە پادگان دێتە دەر، بۆ ئەوەی خەڵک چاوترسێن بکا کەمێ تەقە لە دار و دیوار دەکا و دەچێتەوە ژووری پادگان. دوای ساڵانێکی دی زانیم ژێرکراسەکەش درۆ بوو، خوێناوی نەبوو، هی ئەحمەد خانیش نەبوو، بەڵکە ژێرکراسێکی بێ خاوەن بوو کە بە رەنگ سووریان کردبوو.

ساڵەکان تێپەرین و منیش فێری سیاسەت و کتێب خوێندنەوە ببووم. کاتێ رۆمانی «گورستان غریبان»ی برایم یونسیم دەخوێندەوە، باسی پیاوێکی دڵرەق و سەر بە گێچەڵی تێدا بوو کە وەک یەکێک لە پێرسۆناژە نەگەتیڤەکانی رۆمانەکە دەوری هەبوو. پیاوێکی کەللە رەق، نمادێکی پیاوسالاری، بێ بەزەیی و وەک پووشێکی بێ نرخ بە دەم بای رووداوەکانەوە دەرۆشت و قەتیش شتی باشی لە دوای خۆی بەجێ نەدەهێشت. ئەو پیاوە سەربەگێچەڵەی کە لە رۆمانی «گورستان غریبان» سەری خوشکەکەی دەبڕێ و دەیباتەوە بۆ دایکی و هەرەشە لە دایکیشی دەکا کە ئەگەر بێت و بۆی بگری، سەری ئەویش دەبڕێ. کاتێ دایکم رۆمانی «گورستان غریبان»ی دەخوێندەوە، بۆی باس کردم کە ئەو بەسەر هاتە راستە، ئەو کچە خوشکی ئەحمەد خانی ئەحمەدی بوو، کورە رەعیەتێک حەزی لێدەکا و نایدەنێ، خوشکی ئەحمەد خان رەدووی کورە دەکەوێ و دواتر ئەحمەد خان بە فێڵ دەیهێنێتەوە و سەری دەبڕێ.

ئەحمەد خان لەو رۆژانەی ئینقلاب دا قارەمان بوو، بەڵام شتێکم زۆر پێ سەیر بوو کە بۆچی باوکم و زۆر یەک لە کادرەکانی حیزبی دێمۆکرات هەوڵیان نەدەدا لەو رۆژانەدا ئەو خەڵکە روون بکەنەوە و باسی رووداوە راستییەکانی مێژوو

بکەن. بە بێدەنگی بە پەنای ڕووداوەکان دا دەڕۆشتن، هەروەک بڵێی هیچیان لە بیر نەماوە. بەڵام دایکم قەت قەت لە بیری نەچوو و ئێستاشی لەگەڵدا بێ کاتێ باسی ئەحمەد خان دەکا دەڵێ: ئەو گۆڕ بە گۆڕە! دواتر ساڵی ١٣٥٨ لە شاری مەهاباد دادگای شۆڕش، دۆسییەکی بۆ لێکۆڵینەوەی شەهید بوونی شەهید سمایلی شەریفزادە و هاوڕێکانی کردەوە، دەرەبەگە ڕووتەکانی بانەیان ڕاکێشی مەهابادی ئازاد کرد و دادگایی کران، لە گشت قۆناغەکانی لێپرسینەوەی دادگادا گۆیا یەک ناوی نەگبەت و بێزراو بە بەردەوامی وەک تاوانبار دووپات دەبووەوە: «ئەحمەد خانی ئەحمەدی». ئیتر لەو ڕۆژەوە کەم کەم ناوی ئەحمەد خان لە بانەش کوێر بۆوە و دواتر وەها سڕایەوە کە هیچ لایەن و حیزبێک ئامادە نەدەبوو خۆی لێ بە ساحێب بکا. دەستی چارەنووس وابوو کە کاتێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی شارەکانی کوردستانی داگیر دەکرد، ناوی ئەحمەد خان زیندوو بێتەوە و ناوەکەی چووە نێو لیستەی شەهیدانی ئینقلابی ئیسلامی ئێران و مووچەی شەهیدانەیان بۆ بنەماڵەکەی بڕییەوە. چارەنووسی ئەحمەد خان وای لێهات کە ببێ بە میراتی ڕژیمێکی مرۆڤکووژ و بەدخوو کە لەباری هەڵسوکەوتەوە زۆر وەک کەسایەتی ئەحمەد خان دەچێ.

کاک سمایلی شەریفزادەش بە گشت کاراکتێرە جوانەکانییەوە بوو بە میراتی کورد و کوردستان و هەموو ساڵێ یادی دەکەینەوە، ڕێزی دەگرین و پێی دەڵێین: کاکە گیان، لە سەردەمی کورتە باڵاکاندا تۆ هێندە گەورە بووی کە لەو بێدادییەدا، لەو شەوەزەنگە شوومانەدا، زانکۆت بەجێ هێشت و باوەشت بە چیا دا کرد بۆ ئەوەی شەر بۆ عەداڵەت، ئازادی و ناسنامەیەکی نەتەوەیی بکەی کە حاشای لێ دەکەن و هەشە.

**تێبینی**:

وێنەکە گۆیا لە یەکێ لەرۆژنامەکانی سەردەمی شای ئێران بڵاو بۆتەوە. ئەو شوێنەی کە شەهیدەکانی لێ ڕیز کراون، یەکێکە لە مووچەکانی دەوروبەری گوندی دارێنە. پێشمەرگەکان لەو مووچەیەدا گەمارۆ دەدرێن و شەهید دەبن. دواتر تەرمەکانیان دەبەنەوە بۆ مەزرای ئێمە کە لە تەنیشت شاری بانە بوو، واتە فرودگای بانە.

تێبینی :وێنەکە لە وێبلاگی ڕوانگە وەرگیراوە

وێبە هەڵگر: قەڵادزی زاهیر ڕەسام

سەرچاوە: وێبنووسی ڕزگار ئەمین نژاد - ڕێکەوتی: ٣ی مای ٢٠٢٠

## قەدر گرانەکان بەشەهامەتەوە ڕچەیان شکاند!

**لە هەر ئاستێک دەمەوێت ناڵەی دەروون بشارمەوە سینە دەڵێت: من هەناسە بڕکێمە، هاوار کە!**



**ڕەشاد مستەفا سوڵتانی**

بزووتنەوەی" دارێنە"ی سەردەشت ساڵی ١٣٤٧ - ١٣٤٦ هەتاوی و، بزووتنەوەی باکوری ئێران بە ناوی "سیاکەل" لە ساڵی ١٣٤٩ هەتاوی ڕووی داوە. بزووتنەوەی دارێنەی سەردەشت لانی کەم دووساڵ بەر لە جەرەیانی سیاکەل دژی سیستمی پاشایەتی و، وەک خاڵی وەرچەرخانی یاسا شکێنی، بەرخودان و خەباتی پێشمەرگانە و پارتیزانی دەناسرێت. چەپی ئێران سەبارەت بە بەرخودان وڕچەشکاندنی "دارێنە" هەڵویستیان لە جێگای شیاوی خۆیدا نیە وتائیستا هەر سکوتیان کردووە کەجێگای سەر سوڕمانە. بەپێ پێوەرە ڕئالیستیەکان دەبوا چەپی ئێران هەڵویستی ئاشکرایان سەبارەت بە بزووتنەوەی دارێنە هەبوایە، کە سکوتە نارەواکەیان لە وەزنی قورسی سیاسی دارێنە کەم ناکاتەوە. هەر بزووتنەوەیەک خاوەنی لایەنە کز و بەهێزەکانە. خاڵە بەرز و لایەنە پوزیتیڤەکانی بزووتنەوەی دارێنە لە ئارشیوی مێژوودا تۆمار کراوە.

ناسۆری ڕاپۆرتی هەواڵە سیاسیەکان و سکوتی نارەوای ماسمیدیای ئیرانی لە دەورانی دیکتاتوری شا، لە سەر دڵی ئازادیخوازان هەر. مێژووزان جەناب عەبباس میلانی، بەلەونێکی جوان مێژووی پاشایەتی نوسیوە، ئەمما لەڕووداوە گرینگەکانی ئێران باس لە جمهوری ئازەربایجان دەکات و، کۆماری مەهاباد و بزووتنەوەی دارێنەی باس نەکردووە.

کاک سمایل و هاوڕێکانی دەیانویست وڵامی غورووری شکاوی شارۆمەندانی کورد بە جۆرێک بدنەوە کە، کۆمەڵگای کوردستان ئیتر تەمایەری پرچ، زەرگ، ڕیش، تەکیە و خانەقا نەبێت چونکوو هیچیان، دەوای دەردی هەژارانی کورد ناکەن و هەموویان لە قەڵای خورافات پۆلبەندی دەکرێن. پەناگاکانی پێشڕەوانی داڕێنە ئیمان و ورەی قایم و متمانە بە خۆ بوو. کە لە لێرەوار، جەنگەڵ و دارستانە چڕ و پڕەکانی سەردەشت بەمەبەستی داڕشتنی پلانەکانیان کەڵکیان وەردەگرت. جەناب موهەندیس سمایل شەریف زادە و هاوڕێکانی لە ڕووبارێکی سووردا، بە شوێن بوارەکان و دووره دەراوەکان دەگەڕان. لە وەرزی ساڵ کە بەرەو فێنکی دەچوو، بەرخودان و شەڕیان دەس پیکرد. هیوای شارۆمەندانی کورد ئەوە بوو کەلە گێژی گێژاو نەکەون و سەرکەون و بەر زلە شەپۆلی کۆنەپارێزی نەکەون.

کوردستان میلیتاریزە کرابوو تەنانەت لە سەر کێوی بەرزی گاڕان هیزی سپای ئێرانی بۆسە و کەمینیان دانابوو. لە هەر پەنجا گەز سەربازێک بەچەکەوە ڕاوەستابوو. میلیتاریزمی تۆخی دەورانی بزووتنەوەی داڕێنە پەیوەندی بە وەزعی سیاسی و ئەمنیەتی کوردستانەوە هەبوو. دوای ماوەیەیەک دەرکەوت کە بەرخودانی موهەندس سمایل شەریف زادە و سەربەرزانی بنەماڵەی موعینی لە جەند لاوە گەمارۆ دراون. ئیتر بەسرکە سرک لە نێو جەماوەردا باس دەکران. ئامانجی سیستمی پاشایەتی کە دوژمنی زانست و تێگەیشتن بوو، جگە لە کوشتنی لەشی شۆڕشگێڕان، کوشتنی بیری نوێخوازیشیان بوو. هێزی حکومەتی لەترسی هەستی نەتەوایەتی وئوتوریتە و پێگەی بەرزی سیاسی و کۆمەڵایەتی شوڕشگێرانی داڕێنە ترسنۆکانە خۆیان دەشاردەوە. شۆڤار، جاسوس و هەڵخەلەتاوانی کورد، ژاندارمری، ئەرتەش، ساواک و ڕیبەری کوردی باشور لە پلانێکی داڕێژراو بەمەبەستی شکست پێدانی بزووتنەوەکە هاوکاری یەکتریان دەکرد. لە ئاکامدا ئازادیخوازان و پێشمەرگەکان هەڵۆ گیرکران و ماسمێدیای ئێرانیش بێ شەرمانە هەر سکوتیان کرد.

ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە شاری سنە بەرنامە و پلانی ڕێز گرتن لە موهەندس سمایلی شەریفزادە و هاوڕێکانی داڕێژرا و لە گۆڕستانی تایلەی شاری سنە مەراسم و ئاهەنگێکی شیاو و شکۆدار بۆ یادی ئەو پێشڕەوانە گێرا و، شارۆمەندانی سنە وتاقمێک لەپێشڕەوانی مەریوان، کامیاران، سەقز و بانە تێدا بەشداریان کرد. لە ساڵی ٥٧ی هەتاوی پەیکەرێک لە برونز و پۆڵا لە لایەن کۆمەڵەوە دروست کرا. کە لە سەر پەیکەرەکە ناوی چوار پێشمەرگەی گیانبەخت کردوو نوسرابوو. چوار مشتی گرێ کراو لە قامەتی پەیکەرەکە نەخشابوو و خۆی دەنواند. شاخ و داخی کوردستان وەک پەناگای پێسمەرگە گەلاڵە کرابوو کە ئیلهامی لە تۆپۆلۆژی وجیولۆژی کێوەکانی ناوچەی سەردەشت و سنووری دەسکرد وەرگرتبوو. ناوی پێشمەرگە کانی داڕێنە کە لەسەر پەیکەرەکە هەڵکنرابوون ئەمانە بوون؛

١- کاک سمایل شیریف زادە

٢- کاک هومەر

٣- کاک مستەفا

٤- کاک مەحەممەدی شاتمان. دووکەسی تریان کوێخا شەریف و برای هاوسەری کوێخا، بە نهێنی بۆ ساواک و ئەرتەش ئیشیان دەکردو وەک خەتی مایل (ستوونی پێنجم) بۆ داگیرکاران هەڵدەسوڕان. هاوڕێ کانی کاک سمایل سەرجەم هەشت کەس بوون و مەلا مەحمودی زەنگەنە لە شوێنێکی تر شەهید کرا و لە مەهاباد نێژراوە. پەیکەرەکە لە لایەن جمهوری سێدارە بە بولدۆزیر ورد و خاش کرا و ئیستا ئاسەوارێکی نەماوە. ڕێزدارانی پلان دارێژی ئەو مەراسمە کە لە ماڵەکەی من لە گەرەکی چوارباخی سنە بە پێشنیار وڕێنوێنی ڕاستەوخۆی کاک فوئاد کۆ بونەوە بریتی بوون لە:

عەبدوالڵەی بابان.

موسلیح شێخ الا سلامی.

ماجید مستەفا سوڵتانی.

سەید حسین پیر خزرانیان.

عەتا رۆستەمی.

سەدیقی کەمانگەر.

سەید ئەیوب نەبەوی.

فوئاد مستەفا سوڵتانی و چەند کەسی ترکە مێشکم یارمەتیدەرم نەبوو تا ناوەکانیان بنوسم. لە گۆڕستانی تایلە ی سنە دەقی بەرنامەی مەراسمەکە لە لایەن کاک عەتا ڕۆستەمی یەوە لەگەڵ سرودی ئەی شەهیدان ڕاگەیەندرا . وتاری مەراسمەکە لە لایەن رێزدار ماجید - مستەفا سوڵتانیەوە خوێندرایەوە. وێنەکانی ئەو مەراسمە نیشانی دەدا تا چ ئاستێک شارۆمەندانی کوردستان لەو ئاهەنگە پێشوازیان کردووە. جەناب کاک موسلیح شیعرەکەی خۆی بە ناوی "دارینە" ی خوێندەوە ئەم هەڵبەستە بە دەنگی ڕیبەری سادیقی کۆمەلە کاک "حەمەحسین کەریمی" لە نەوارێکدا بە دەنگی خۆی تۆمار کراوە و لە ئاستی کوردستان بڵاو بوەتەوە. تیژ باڵ و خێرا وەک پەڕەسیلکە فرین و، لە گەڵ گژەبا ڕووپەری کوردستانیان پێوا و تێپەڕاند. بزووتنەوەی دارینە لەلایەن میلیتاریزمی پاشایەتی و کۆنەپارێزانی ناوچە، سەرکوت کرا. کە خەبات وبەرخودانیان لە لاپەڕەکانی مێژووی هاوچەرخ ئاماژە بە هزر و بیری گۆڕین و وبەرز ویستیان دەکات.

* گۆڕستانی تایلە لە شاری سنە - ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (زاینی ١٩٧٨)
وێنەی ڕیزدار موهەندیس سمایلی شەریف زادە و هاوڕێکانی دیارە.

ماڵپەڕی یەکگرتن کرێکاری - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠٢١

# بە بۆنەی ساڵڕۆژی شەهادەتی سمایلی شەریفزادە و یارانی. دوونامەی بۆ کەریمی حیسامی



حەسەن قازی

٢ی مەی ١٩٦٨( ١٢ی بانەمەری ١٣٤٧ ی هەتاوی) ڕۆژی شەهادەتی سمایلی شەریفزادە و هاوڕێیانێتی. یادی سمایل بووە بە بەشێک لە هەست و نەستی من. ئەمساڵ لەو بۆنەیە دا دوو نامەی سمایل بۆ کەریمی حیسامی کە تا ڕادەیەک تێڕوانینەکانیشی دەدرکێنێ بڵاو دەکەمەوە. کەریمی حیسامی لە بەرگی سێی بیرەوەرییەکانی (ستۆکهۆڵم ١٩٨٨ (بە دوورو درێژی باسی پێوەندی خۆی و دوکتور قاسملوو لەگەڵ تێکۆشەرانی بزووتنەوەی چەکدارانەی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەگێڕێتەوە. دوو خاڵی جێی سەرنج لەو نامانە دا ئەوەیە سمایل نەک بە کوردیی موکریانی بەڵکوو بە شێوازی کوردیی بابانی ئەو نامانەی نووسیوە، ئەویش لە بەر ئەوەی لە کاتی بوونی لە باشوور دەستی کردووە بە کوردیی نووسین. لە نامەی دووەم دا داوای کردووە لە کەریمی حیسامی لەگەڵ هاوڕێیانی دیکە حەول بدەن بۆ ساز کردنی کۆمەڵەیەک لە خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەو داوخوازەی بە دانانی " ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردستانی ئێران" جێ بە جێ کراوە.

کەریمی حیسامی لە یەکێک لە سەفەرەکانی بۆ بەغدا لە ٢٧ی ئاوریلی ١٩٦٧ چاوی بە سمایلی شەریفزادە دەکەوێ و

تاگەڕانەوەی بۆ ئورووپا لە ۱۹ی مەی هەمان ساڵ زۆر جار لەگەڵ سمایل دادەنیشێ و لەمەر بار و دۆخی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەرەپێدانی خەبات لە ڕۆژهەڵات بەیەکەوە دەدوێن. کەریمی حیسامی دەنووسێ: " لەگەڵ سمایل هێندێ ناوی ڕەمزی و بە قەستی مان دانا، بڕیار درا کە بە ناوی " شیروان، ئاشنا، ساڵح، شنۆیی، نامە بۆ من بنووسن، منیش بە ناوی " ئاسۆ سەعید"، "سیروان "نامە بۆ ئەو بنووسم".

## نامەی یەکەم

کاکە صاڵح گیان. نامەکەتان گەیشت و زۆر شادی کردین. بە داخەوە نەناردنی قەرزەکەی دوکتوری ئامۆزاتان ئێمەی خستە پەرۆشەوە و ئەم هەواڵەشم بە هۆی کاکە " خوسرەو"وەوە لە ڕۆژی ۱ - ٦ - ٦٧ پێ گەیشت و تا ڕادەیەک بوو بە هۆی کەسادی کاروباری کەسابەتەکەمان. کاکە گیان، خۆتان بە باشی ئاگاداری وەزعی کارو کاسبی هەن. و بە باشیش ئەزانن ئەگەر بێتوو نە هەل و مەرج لە بار بێ و نە کڕیار هەبێ وەزعەکە تا ڕادەیەک ئاڵۆز ئەبێ. لە لایەکی ترەوە خۆتان لە دنیای کەسابەتا ئاگادارن هەموو کات تاجری دەوڵەمەند تێ ئەکۆشێ بۆ لە ناوبردنی تاجرەکانی تر و بە تایبەتی ئەگەر بێتوو تاجرێکی فرە دەوڵەمەند و بە هێزی وەک " مچە" لە ئارا دا بێ وەزع هێندەی تر شپرزەتر ئەبێ. ئێستاکەش ئێمە ئاوهامان لێ هات. بێ بازاڕی، ئاڵۆزی و زەخت لە هەموو لاوە هەڕەشەی لێکردین و ناچاری کردین کە دەرگای ئەم دووکانە تا ڕادەیەک دا بخەین و بی گوێزینەوە بۆ شوێنێکی تر و بە تایبەتی ئێستاکە کە گەرما هاورووژاوە خێڵەکەمان بار کەین و بەرەو کوێستان کۆچ کەین. ئاشکرایە پاش لێکدانەوەیەکی دووری تاجرانە ئەم ڕێگەیەمان بە دوایین ڕێگەی ژیانی کەسابەتەکەمان زانی.

کاکە گیان. ڕەنگە ئەم سەفەرەی ئێمە دوور و درێژ بێ. ڕەنگە بش زانی کە بۆ؟ جا بۆیە داوات لێ ئەکەم هەتا ئاگادارتان نەکەمەوە نامەم بۆ مەنێرە.

صاڵح گیان. ئەگەر دەست بدا ئەوا ڕەنگە بێمە لاتان. چونکو ئەم سەفەرە زۆر پێویستە. ئەوەش بزانە ئەمساڵ کوێستان زۆر سارده و بۆ تواندنەوەی بەفر پێوئستی بە ئاگر و گەرما و ڕەعد و بەرق هەیە. تو خوا لێگەڕێ با لە تواندنەوەی ئەم سەهۆڵ و بەفرانە ئێمەش بەشێکمان پێوە هەبێ.

کاکە گیان. دەستەکانت بە گەرمی ئەکوشم. گەرمترین سڵاو بۆ هاوڕێ کانت. سڵاو بۆ دوکتوری ئامۆزات. چاوەڕوانی نامەمان بکەن.

بە هیوای دیتنتان

برات - ئاسۆ سەعید

ئیمزا

٢٣ - ٦ - ١٩٦٧

تێبینی: مەبەست لە "دوکتوری ئامۆزاتان " دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، مەبەست لە کاکە " خەسرەو"، دەکرێ محەمەدی ئیبراهیمی بێ. مەبەست لە " مچە" مەلا مستەفا بارزانی یە. وشە ڕەمزیەکانی دیکە لە بەر ڕوون بوونیان پێویستیان بە شرۆڤە نییە.



کەریمی حیسامی و سمایل شەریفزادە لە بەغدا

مەی ١٩٦٧

## نامەی دووەم

ئاشنا گیان، دەستەکانت بە گەرمی ئەکوشم و بەتین ترین سڵاوی شوڕشگێڕانەم لێ وەر بگرە .ماوەیەکی زۆرە لێک بێ

خەبەرین و ئێستاکە وا دەرفەتمان بۆ پێک هات ئەم نامەیەم بۆ نووسی.

ئاشنا گیان، هەر کە لە بەغا گەڕامەوە وەزع شێوا بوو، لە سەر بڕیاری برادەران لە گەرمێن بارمان کرد و بەرەو کوێستان کۆچمان کرد. ڕۆژێک پێش کۆچ کردنمان لە گەرمێن ڕا نامەیەکم هەر بە ناوو نیشانی ئەم نامەیە بۆ بەڕێ کردی و تیا ڕوونم کردبووە کە بۆچی بەرەو کوێستان بار ئەکەین. کورتیەکە و کوردی یەکەی ئەمەیە کە مچە بە تەواوی کەوتۆتە باوەشی ئێران و ئاغاکەی و لە مەدا هیچ شکمان نەماوە و هەر بە دەستوور و لە سەر داخوازی ئێران بوو کە دەستی کرد بە گرتن و تەحویل دانەوەی هەموو لایەنی و پان و بەرینی برادەران. جا نازانم ئێوە بیروڕاتان چییە؟ بە داخەوە ئەو جەناحەی " کاکە شوان" کە پشتی مچە ئەگرێ بە تەواوی لە سەر مەسەلە ڕوون نین. تێ بینێ: " لەم ئاخریە دا کاکە شوان ئینشیقاقی تێ کەوتوە و بۆتە دوو جەناح" بەڵام هەڵوێستی جەماعەتی " مام " بەرانبەر بە ئێمە زۆر باشە و بە ئاشکرایی و بە ڕاشکاوی پشتیوانی خۆیان لە عاست ئێمەوە دەر ئەبڕن.

ئاشنا گیان، هەر کە هاتینەوە بڕیارمان دا لە سەر هاتنەوەی تۆ و دوکتوری ئامۆزات و وا بزانم برادەرێک "م " لە لایەن ئێمەوە ئێوەی ئاگادار کردووە و ئێوەش ئەبێ لەم بارەیەوە اقدام بکەن. ئەورۆ تۆفانێکی بە تەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەی وڵاتەکەمانی داگرتووە و کۆمەڵانی خەڵکی هاتوونە سەر ئەوەی کە تەنیا ڕێگەی ڕزگاری دەست دانە چەک، و وەشاخان کەوتنە. نەک هەر بۆ نەتەوەی ئێمە بەڵکوو ڕێگەی ڕزگاری هەموو نەتەوە ژێر دەست و چەوساوەکان هەر بە ڕێگەی ڕاپەڕینی چەکدارانەی کۆمەڵانی زەحمەتکێش واتە " شەڕی پارتیزانی" یە کە لە پێشا ئەبێ لە دێهاتەوە دەست پێ بکرێ و کۆمەڵانی هەروای جووتێرە تێکۆشەرەکام هان بدا بۆ خەباتی چەکدارانە. لەو بارەیەوە نامەیەکم بۆ " بیرۆ " نووسیبوو بە زمانی فارسی جا ئەگەر پێ یان گوتی بزانە نامەی منە و بیروڕای خۆمم بۆ دەرخستوون جا نازانم وەڵام و هەڵوێستیان چۆن ئەبێ. حکوومەت کەوتۆتە توند و تیژی یەوە. ، لە لایەک خەڵکی سوێند و تەڵاق ئەدا کە نان نەدەن بە پێشمەرگەکان و یارمەتیان نەدەن و لە لایەکیش بە شێوەی ئەمریکاییان بە هێلیکوپتر تەعقیبی برادەران ئەکەن. لە هەر لاوە جاش دروست ئەکا و خۆ قایم ئەکا. پۆستەکان لەسەر سنوور " پاسگاە "نەفەراتیان زۆر ئەکا و بڕیارە هەر پاسگایەک هێلیکۆپتێرێکی لێ بێ. هێندێ هەواڵ هەن کە وا دەر ئەخەن حکوومەت بە نیازە لە سەرە بەهار دا لە لایەک زمانی کوردی، لباسی کوردی یاساخ بکا و زمانی فارسی و لباسی پەهلەوی بخاتە کایەوە و لە لایەکی ترەوە دەست بکا بە گرتن و تەبعید کردنی نیشتمان پەروەران. دەنگی خۆتان بەرز کەنەوە و ڕای گەیێنن و خەڵکی ڕوون کەنەوە.

ئاشنا گیان. ئەوەتان بخەمە بەرچاو کە لە سەرە بەهار دا تفەنگچی یەکانی "مچە" بۆ تەعقیبی ئێمە ئەهاتنە دیوی کوێستانێ و ئێستاکەش ئەم مەسەلەیەمان هەر لە بەر چاوە کە لە دوا ڕۆژا ئەگونجێ لێمان نەگەڕێ و ئەمەش، بە کرێ

گیراوی ئەم کابرایە دەر ئەخا.

کاکە گیان. قەرار وابوو کە، کۆمەڵەیەک لە خوێندکارەکانی خۆمان پێک بێنن جا نازانم حەول و تەقەلاتان چی لێ هاتۆتەوە و بە کوێ گەیشتوە بۆ هاوڕێ ژیان "یش م دووپات کردۆتەوە. حەولی بۆ بدەن. لە ناردنی نامە، ڕۆژنامە،گۆڤار و کتێب ڕامەوەستە و دەنگ و باسیشمان بۆ بنووسە. دیسان لە قولایی دڵەوە سڵاوی گەرم. شیللێر و کەماڵ ماچ ئەکەم و ئەحواڵی خوشکە خدیجە ئەپرسم

براتان - سیروان ئیمزا

ڕێ بەندانی ٤٦ [ژانڤییەی ١٩٦٨]

تێبینی:. مەبەست لە " مچە" مەلا مستەفا بارزانی، مەبەست لە " کاکە شوان "، حیزبی شیوعی عێڕاق ، مەبەست لە "مام" جەلال تاڵەبانی، مەبەست لە " دوکتوری ئامۆزام "دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، مەبەست لە برادەرێک "م "حەمەدەمین سیڕاجی، مەبەست لە " بیرۆ "بۆرۆی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودەی ئێران، مەبەست لە "ژیان" محەمەد موهتەدی، مەبەست لە شلێرو کەماڵ منداڵەکانی کەریمی حیسامی و مەبەست لە خەدیجە هاوژینی کەریمی حیسامی یە.

--------------------

سمایلی شەریفزادە لەگەڵ دایکی سەیدزادە زارای جەعفەری کچی سەید جامی و یەکێک لە براکانی ڕەحمان شەریفزادە

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی حەسەن قازی - ڕێکەوتی: ٢ی مای ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## شێعرێکی سوارەی ئێلخانیزادە بۆ سمایلی شەریفزادە

شەنگەسوار
کوا شەنگەسوار؟
کە درەوشانەوەی پەڕی سەری ئەسپی
چاوێک بخاتە بیری تلووعێ.
ئەی سەرزەوی پڕوپووچ!
ئەی هەر هەنایەسەک نەفەسی دواییت!
تەرمێ ئەچێ،
ژنێ ژانی منالّی پێیا دێ،
ئاخۆ هەموو ئەمە بوو ئەمبیست؟!
دامێنی ژینی ئادەمیزاد
هەڵناتەکێ لە منالّ،
لە ژیانی کرچوکالّ.
دیتم کە پڕمە دێ،
من گەرمی بیر و هیوا بووم،
پڕمەی کەحێلی سواری مەریوانە؟!
بێچارە خۆم!
پڕمەی گرینی گەنجی عەشیرەت بوو!
ئەی سەردەمی هەموو بەرئاوەژوو!
داخێ، مەخابنێ، خەفەتێ
بۆ چاوی شینی تازەبەهار،
کوا شەنگەسوار؟
وا کەوتە بەر تەڵەزمی سماتەی غار
ئاسمان ئەوەندە خۆڵەمڕە
قاز و قورینگ تەپوتۆزاوین!
چەخماخەدانی هەوری نەزۆک
ئەستێ و بەرد و پووشوون

بە دەستی پیری لەرزۆک.
ڕووخان بەداخەوە بێ قرمە
ڕووخان کۆشکی لە پۆڵا
دیواری چین و پەیکەرەی بولهەول!
ئاخۆ فرمێسکی ڕوونی دواباوەڕ
بۆ مەرگی زرێ بڕێژم
یا ڕووباری چووکی بەفیڕۆچوو؟!
ئەمڕۆ هەر شەویلکە لە کارایە
دەس پیرەڵۆکی ئارەقی بەرپشتێن
دڵ هەمانەی کولووانە
سەر گڕکەتاڵە
دەمار بێ خوێن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی حەسەن قازی - ڕێکەوتی: ٢ی مای ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe

## بۆ سمایلی شەریفزادە(١٩٤٢ - ١٩٦٨)

**موسلیحی شێخولئیسلامی(ڕێبوار)**

بەهارێکی ڕووە بە خەم بوو
ئاسۆ لێڵ و ڕووە بە تەم بوو
قژی دارێنە خوێناوی
بە سەر سمکۆدا دەیڕوانی
سمکۆ ماندووتر لە جاران
ڕێگای دەبڕی دەگەڵ یاران
چەکی دانابوو سەر شانی
شۆڕەلاوی موکریانی
دۆڵی دارێنە تەنگەبەر
سمکۆ دلێر و کۆڵنەدەر
ئاواتی ئازادیی وڵات
خستبوویە سەر ڕێگای خەبات
جار جار بە ڕێدا دەیڕوانی
بۆ بەرزاییی نیشتمانی
دڵی خۆش بوو بە وڵاتی
بە تێکۆشان و خەباتی
کۆشکی خەیاڵ و ئاواتی
سەربەستی بوو بۆ وڵاتی
نێوی زوو دەرکرد لە شاران
ڕووناکبیری زانکۆی تاران
سمکۆ یاری کرێکاران
پشتیوانە بۆ هەژاران
لە پڕ "شەریف"ی کوردفرۆش
کوردستانی هێنایە جۆش

زنجیری عەدڵی خوای کورد
ڕزا، پسا، کرا ورد ورد
مافی کوردی پێشێل کرا
کوژرا برا بە دەست برا
پلاپیتکەی چەکێ لەرزی
ئەشکەوتی دارێنە لەرزی
بەرامبەر بە ئاسۆی زەڕین
لاوانی کورد دە خوێن گەوزین
هێشتا گیانی لەبەردابوو
خوێنی لە پل نەوەستابوو
بە دوو چاوی ڕوون و جوانی
بۆ ئاسۆی ڕوونی دەڕوانی
ئاسۆی ڕوونە نیشتمانی
وەک بەهەشتە کوردستانی
هەروا دەتکا خوێنی لەشی
چیا گرتبوویە باوەشی
تین و تاوی لەشی سمکۆ
بە گوڕ دەکشا داوێنی کۆ
بە کۆش گوڵاڵەی خوێناوی
بۆ سمکۆی ئازای دەڕوانی
دەیکوت سمکۆ! وا مەزانە
تەنیا تۆی لەو کوردستانە
بۆ گەلی هەژار هەستاوی
گیانت دەدەی لە پێناوی
باب و باپیران تاکوو بوون
هەوڵیان دا بۆ ڕزگاری بوون
دڵی زۆر بێنەوا لەرزی
خوێنی زۆر لاو ڕژا عەرزی
بەڵام هیچ کات لە تێکۆشان
کوردی هەژار نەیدا وچان
مادام خەبات ماوە باوی



سەرچاوە Serchawe

سمکۆ نامری، هەر ماوی.

سەرچاوە: یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕێکەوتی: ٢٩ی ئەپریلی ٢٠١٦

# تابلۆیەکی ٤٧ - ٤٦




"ئەم تابلۆیە پێشکەشە بە گیانی پاکی شەهیدان و خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، بە تایبەت جەنگاوەرانی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٧ - ٤٦ "

**بەشی یەکەم. ڕاسان/ هەناوێک لە دوو زەمەن**

**هادی عەزیزی**

مێژووی کوردستان بە گشتی لە زۆر شوێندا تووشی ناڕوونی بووە و زۆر جار لە لایەن داگیرکەرانەوە یان لەبەر نەبوونی لێکۆڵینەوەی قووڵ و زانستی لە لایەن خودی کوردەوە نەیتوانیوە لە ساتێک کە وا کەوتۆتە ژێر لێکۆڵینەوە، ئامانجەکانی خۆی لە حەقیقەتی مێژووییدا بپێکێت.

بەشێکی ئەم مێژووە دەکەوێتە چەرخی نوێ و سەدەی ڕابردووەوە و سەرەڕای هەبوونی دێکۆمێنت وبەڵگە و بیرەوەری و تەنانەت زیندووبوونی کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمە، هێشتا هەژارییەکی زۆری پێوە دیارە.

ئامانجی ئەم نووسینە، زیندووکردنەوە و هێنانەوە کایەی بەشێک لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بە تایبەتی لە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە ڕووی دەسەڵاتەوە هەتا نزیک کۆنگرەی سێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خۆ دەگرێت. ئەم ساڵانە کارگەلێگی زۆر بنەڕەتی و کۆڵەکەیی بە بووژاندنەوەی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام دەدرێت کە زۆر بەکرچ و کاڵی باسی لێ کراوە و لە زۆر شوێنیش بە هۆکاری تایبەت بەردی لە سەر داندراوە.

کۆماری کوردستان ئەگەر وەک حکوومەتێکی مۆدێرنی کوردی لەڕۆژهەڵات ناوی ببەین، دیارە ئەم دەستەواژەی مۆدێرن بوونە



سەرچاوە Serchawe

تەنیا چارتی تەشکیلاتی و حکوومەتی لە خۆ ناگرێت، بەڵکوو کۆمەڵێک خاڵی کردەوەیی و ڕوانینی کۆمار بەرامبەر بە خوێندن و مافی ژنان و منداڵان و فەرهەنگی کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار لە خۆ دەگرێت.

گۆشەی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە سەرەڕای کەم بوونی تەمەنی کۆمار، کۆمەڵێک هەنگاوی پێشکەوتنخوازانە و سەردەمییانە ئەو کات هەڵگیراوە، کە ئەگەر پلانی حکوومەتی پەهلەوی و بریتانیا بۆ ناوچەکانی خوارەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا بوو، سەری نەگرتبا و پاشەکشەیان بە حەمەڕەشیدخان و جافرسان ومەحموود خانی دزڵی نەکردبا، بە یەقینەوە دەتوانین بڵێین، ئەم سیستەمە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەگرتەوە.

لە دوای کۆماری کوردستان زنجیرەیەک کار و چالاکی ئەنجام دەدرێن کە دەتوانین وەک میرات و بناغەی بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧ چاوی لێ بکەین.

لەڕیزی یەکەمی ئەو چالاکییانە کە دەتوانین وەک ساغ کردنەوەی حیزبی دێموکرات لێی بڕوانین، کۆبوونەوەیەکی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوییە کە لە ماڵی غەنی بلووریان بەڕێوەدەچێت و کەسانێکی وەک؛
غەنی بلووریان.
محەممەد شاپەسەندی.
سەدیق خاتەمی.
عەزیزیوسفی.
سەید خدر نیزامی(سەید پیرە).
سەید محەممەد ئیسحاقی تێیدا بەشدارن و وەک کۆمیتەی سەرەتایی ساغ کردنەوەی حیزبی دێموکرات بڕیار دەدەن.

لە سەرەتادا پەیوەندی بە ئێحسانی تەبەری وەک سەرکردایەتیی حیزبی توودەوە دەکەن، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نادەنەوە، دواتر بەرەو باشووری کوردستان دەچن و چاویان بە شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود دەکەوێ.

لە ٢٣ - ١٠ - ١٩٤٨ یەک ژمارە گۆڤار بە ناوی ڕێگا بڵاو دەکەنەوە کە تێیدا بانگەواز و چالاک بوونەوەی حیزبی دێموکرات بڵاو دەکەنەوە.

دوای ئەو بڵاو بوونەوەیە، زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ساغ کەرەوە دەگیرێن و بەشێکیشیان بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران

دوور دەخرێنەوە.

ساڵی ١٩٥١ ی زایینی و دوای ئازادبوونی ئەندامانی کۆمیتەی ساغکەرەوە، کەسانێکی وەک؛

غەنی بلووریان.

ڕەحیم سوڵتانی.

کەریم وەیسی.

ڕەحیم خەڕازی.

عەزیز حیسامی.

عەبدوڵڵا ئیسحاقی و دواتریش عەزیزیوسفی کە درەنگتر لە زیندان ئازاد دەبێ، کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دێموکرات زیندوو دەکەنەوە و پەیوەندی بە هەموو کۆمیتەکانی سەردەشت، سەقز، نەغەدە و ژمارەیەک لە گوندەکان کە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبیان مابوو، دەکەنەوە و کۆمیتەی مهاباد جیا لە بەڕێوەبردنی ئەرکی خۆی، ڕێبەرایەتیی گشت کۆمیتەکانیش لە ئەستۆ دەگرێت.

لەم زنجیرە گیرانانەدا ڕاستییەک دەبیندرێ، ئەویش ئەوەیە کە ڕژێمی شا بەو گرتن و فشار هێنان و زیندانی کردنانە، نەیتوانی مەترسیی بوونی ڕێکخراوی سیاسی لە سەر خۆی کەم بکاتەوە.

مێژوویيترین کارێک کە کۆمیتەی مهاباد لەو سەروبەندەدا کردی ئەوە بوو کە بەرپرسیارێتیی هەموو کۆمیتەکانی حیزبی لە ئەستۆ گرت و ڕێبەرایەتیی دەکرد.

دکتۆر قاسملووی نەمر، لە چل ساڵ خەبات بۆ ئازادیدا دەفەرموێت:

"ڕۆژی ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٩ی هەتاوی ڕەزم ئارا کوژرا، لە دواییدا دەرکەوت هەر نەبێ دوو دەستەی سیاسی پێیان خۆش بوو، ڕەزم ئارا بکوژرێت یان ڕاستەوخۆ دەستیان لە کوشتنیدا هەبوو.

یەکیان مەزهەبییەکان بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا کاشانی کە دوژمنایەتیی خۆیان لە گەڵ ڕەزم ئارا نەدەشاردەوە و ئەوەی دیکەشیان حەمەڕەزاشا بوو کە پێی خۆش بوو ڕەزم ئارا بکوژرێ.

چونکە بەرە بەرە ئەو شەخسییەت و نفوزەی کە ڕەزم ئارا لە نێو ئەرتەشی ئێراندا و هەروەها لە نێو وڵاتدا پەیدای

کردبوو، مەترسییەک بوو بۆ دەسەڵاتی شا و پاشایەتی. پاش کوژرانی ڕەزم ئارا، حوسێنی عەلا کە دەستپەروەردەی ئینگلیز بوو، ڕۆژی ٢١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٩ بوو بە سەرۆکوەزیر، بەڵام نە ئەو نفووز و شەخسییەتەی هەبوو و نە لە هەلومەرجی ئەو کاتەدا دەرەتانی ئەوەی هەبوو کە بتوانێ پشتگیری لە پەرەئەستاندنی جوڵانەوەی خەڵکی ئێران بۆ میللی کردنی نەوت بکا. پاش نەمانی ڕەزم ئارا ڕێگە بۆ میللی کردنی نەوت خۆشتر بوو و جەبهەی میللی و بەتایبەتی شەخسی دکتور موسەددیق لەو هەلومەرجە باشترین کەڵکیان وەرگرت."

لە ١٥ - ٣ - ١٩٥١ هەتا ٢٠ - ٣ - ١٩٥١ نەوتی ئێران خۆماڵی کرا.

بە خوماڵی بوونی نەوتی ئێران و دەست کرانەوەی دکتۆر موسەددیق و جەبهەی میللی پێشڕەو، دەرگایەکی گەورەش بۆ چالاکیی هەموو ڕێکخراوە دێموکراتییەکان کراوە و دواجاریش هەر جەبهەی میللی کارێکی وای کرد کە لە ٢٨ - ٤ - ١٩٥١ موسەددیق وەک سەرەکوەزیری ئێران هەڵبژێردرێ.

لە دوای ئەو هەلومەرجە، حیزبی دێموکرات لە دوای هەرەس هێنانی کۆمارەوە توانی بۆ یەکەم جار بە ئاشکرایی بە بیانووی پشتیوانی لە خۆماڵی بوونی نەوتی ئێران یەکەمین خۆپیشاندانی جەماوەری لە ١ - ٥ - ١٩٥١ بەڕێوە ببا کە سێ هەزار کەس تێدا بەشدار بوون.

لە دوای ئەم خۆپیشاندانە حیزبی توودە سەرنج دەداتە کوردستان و لەڕێی سارمەدین سادق وەزیری و شەهید سەدیق ئەنجیری ئازەر پەیوەندی بە حیزبی دێموکڕاتەوە دەکەن.

لە سەردەمی موسەددیقدا(١٩٥١ - ١٩٥٣) خەباتی ڕێکخراوەیی و مەدەنی لە ئێران زۆر باش بوو و هەتا کودەتاکەی ٢٨ی گەلاوێژ ١٣٣٢(١٩ - ٨ - ١٩٥٣) حیزبی دێموکرات باشترین کەڵکی لە دۆخەکە وەرگرت.

دواتر کە شا و زاهیدی لە دژی موسەددیق کودەتایان کرد و سەرکەوتن، زۆرینەی نووسینگەکانی حیزبی توودە داخران و زۆرینەی بەرپرسەکانیان گیران و هەندێکیان لەڕادیۆ و تەلەڤزیۆن پەشیمانیی خۆیان ڕاگەیاند، بەڵام بە پێچەوانەی حیزبی توودە، حیزبی دێموکرات هەرگیز چالاکییەکانی ڕانەوەستا.

مانگی فێبریڤەری ساڵی ١٩٥٤ غەنی بلووریان، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەزیزیوسفی و سەدیقی ئەنجیری ئازەر لە

تەورێز یەک دەگرنەوە و ٥ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چاپ دەکەن.

لەو سەردەمە کە ئەوان لە تەورێز بوون لە ماڵی خانمێک بە ناوی ماروسیا لە گەڕەکی ئەرمەنییانی تەورێز دەژیان.

هەر لەو سەروبەندەدا عەبدوڵڵا ئیسحاقی، لە سنە هاوکاریی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی دەکرد و لە ماڵی عوبەیدی خالقی برای مەزهەری خالقی مابووەوە.

قادر شەریف (هاشم ئەقلوتوللاب/حەقتەڵەب) و ئەسعەد خودایاری بیجاڕ، وەک بەرپرسانی کۆمیتەی بڵباس لە دەور و پشتی مهاباد مابوونەوە.

لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی، کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە سەر داوای غەنی بلووریان کۆبوونەوەیەکی گرینگی لە ماڵی سەدیقی ئەنجیری لە تاران بەڕێوە برد، کە هەر کامە لە؛
غەنی بلووریان.
عەبدولڕەحمان قاسملوو.
عەبدوڵڵا ئیسحاقی.
سلێمان موعینی.
محەممەد ئەمین ڕاتبی.
ئەسعەد خودایاری.
سەدیق ئەنجیری ئازەر تێیدا بەشدار بوون و بە کۆی دەنگ بڕیاری ئەوەیان دا کە پەیوەندی لە گەڵ حیزبی تودە بپچڕێنن، چونکە تودەییەکان لە بەرامبەر کودەتا لە دژی موسەددیق بێدەنگ بوون.

دوای کۆبوونەوەکەی تاران دوو کۆبوونەوەی دیکە دەگیرێ کە هەمان ناوەرۆکی کۆبوونەوەی تارانە و لە هەندێک شوێن هەر دوو کۆبوونەوە وەک کۆنفڕانسی یەکەمی حیزبی دێموکرات ناوزەد دەکرێ کە یەکەمینیان لە گوندی کەوتەری مەنگوڕایەتی و ئەوەی دیکەشیان لە کێوی قەڵاتەڕەشی پشت گوندی سەیداوای پیرانشار لە لایەن سەیدڕەسوڵی بابی گەورەوە بەڕێوە دەچێت.

دواتر بۆ فستیڤاڵی لاوانی ١٩٥٧ی مۆسکۆ، کۆمیتەی ساغکەرەوەی حیزب بڕیاری بەشدار بوون دەدا و لەو سەروبەندەشدا

بەشێک لە سەرکردایەتیی حیزب دەگیرێن، هەر بۆیە بەرەو باشووری کوردستان شۆڕ دەبنەوە و هێدی هێدی لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشوور و ئێراق تێکەڵاوی دروست دەکەن.

ساڵی ١٩٥٨ی زایینی لە دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ ئێراق و پێکهاتنی کورد و عەرەب، دەرگایەکی ئاواڵە بەرەو ڕووی کورد لە باشووری کوردستان و ئێراقدا کراوە.

ساڵی ١٩٥٩ لە دوای چەند هەڵەیەکی نەخوازراو زنجیرەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لەڕۆژهەڵات دەگیرێن کە ئەمە یەکەمین زنجیرەی گەورەی گیرانی ئەندامانی حیزبە لە دوای خۆساغکردنەوە، هەر بۆیە بەشێکی دیکەی بەرچاو لە ئەندامان بەرەوە باشوور دەڕۆن.

تێکچوونی پەیوەندیی عەڕەب و کوردی باشوور لە ئێراقدا، شۆڕشی ئەیلوولی هەڵگیرساند و بەشێکی زۆریش لە حیزبی دێموکرات بەو شەڕەوە تێوەگلا، کە هەر ئەمەش بووە بە هۆکاری ئەوەی دوو دەستەیی بکەوێتە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە و حیزب بەرەو پەرتەوازەیی بڕوات.

حیزبی دێموکرات ئەو کات لە دوو بنکەی سۆنێ و زینوێ جێگیر ببوو و کاری ڕێکخستن و تێکۆشانی لەو دوو بنکەیەوە بەڕێوە دەبرد.

لەم هەلومەرجەدا لە سەرماوەزی ١٣٤٣ی هەتاوی(نۆڤامبری ١٩٦٤) دووهەمین کۆنگرەی حیزب بەسترا و بەشێکی زۆریش لە کادیران و ئەندامان نەیانتوانی تێیدا بەشدار بن کە بۆ کێشە ناوخۆییەکانی حیزب دەگەڕایەوە.

لە دوای کۆنگرەی دوو خوێنێکی تازە لە دەماری حیزبی دێموکراتدا وەگەڕ کەوت و سەر لە نوێ بنکە و بارەگاکانی حیزب ڕێکخرانەوە. کۆمیسیۆنێک لە لایەن کۆنگرەوە هەڵبژێردرا کە هەموو ئەندامانی ناڕازی بگەڕێننەوە بۆ ناو حیزب... کۆمیتەی ناوەندی بە گوێرەی جوگرافیای ڕۆژهەڵات پێشمەرگەکانی لە سێ لک و دەستەیەکد ارێکخست.

**لکی یەکەم** بە فەرماندەیی نحۆ پاشایی ناسراو بە باپیر شکاک، لە گەڵ چوار پێشمەرگەی دیکە بۆ ناوچەی سۆما و برادۆست.

**لکی دووهەم** بە فەرماندەیی مەلا ڕەحیم وێردی "میرزا ئەحمەد مەنجەڵان" لە گەڵ چەند پێشمەرگە بۆ ناوچەی بانە و سەقز.

**لکی سێهەم** بە فەرماندەیی سلێمان موعینی بۆ ناوچەکانی سەردەشت، مهاباد، نەغەدە و بۆکان.

مەلا سەید ڕەشید لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەک بۆ ناوچەی مەریوان و هەورامان.

ئەمیر قازی لە مەقەڕی سۆنێ سەرپەرەستیی کارەکانی دەکرد.

ئەم ڕەوتە بەردەوامە هەتا ساڵی ١٩٦٥ی زایینی کە پلۆنۆمی یەکەمی حیزب لە گوندی دێلۆ لە دیوەخانی حەمەدی کاحسێن کە دەبەسترێ، لە نێوان ئەحمەد تەوفیق و سەدیق ئەنجیری ئازەردا دەمەقاڵە و هەرا ساز دەبێ و دوای ئەوە ئەحمەد تەوفیق بە بیانووی پشوودان ڕیزەکانی حیزب بەجێ دێڵێ و ڕوو لە شۆڕشی باشووری کوردستان دەکا و بەرەو حاجی ئۆمەران دەڕوا.

لێرە بە دواوە هەموو ئەرکی حیزب دەکەوێتە ئەستۆی شەهید سلێمان موعینی. دوای ڕۆیشتنی ئەحمەد تەوفیق لە حیزب، هەندێک لە ئەندامانی حیزب وەک ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی دەگەڕێنەوە، بەڵام مافی بڕیار دانیان نابێ. شەهید سلێمان موعینی وەک بەرپرسی یەکەمی حیزب هەموو ڕێکخستنەکان کارا دەکا و خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبووژێنێتەوە.

سەرکردایەتیی باشوور ئەحمەد تەوفیق بۆ بادینان دەنێرێ و وەک دوور خستنەوە هەتا ئەو کاتەی نامێنێ، چاوی بە ڕیزەکانی ڕۆژهەڵات ناکەوێتەوە. مەلا ئەحمەد شەڵماشی کە ناسراوە بە مەلا ئاوارە، لەو زەمەنەدا بە تەنیا چالاکیی دەکرد و لە ناوچەی سەردەشت بوو، مەلا ئاوارە وەک هونەری ڕێکخستن، بۆ یەکەمجار سیستمی ڕێکخستنی نهێنی لە شانەی یەک کەسیدا پێک هێنا.

بەهاری ١٩٦٦ی زایینی،بە پیلانی ساواک لە ناوچەی باڵەکایەتی سەدیقی ئەنجیری ئازەر بۆ هەمیشە بێ سەروشوێن دەکرێ و تا ئێستاش مەیتەکەی نەدۆزراوەتەوە، کاتی خۆی فەرماندەیی باشووری کوردستان بە ئەمیر قازییان گووتبوو کە سەرێکی براویان لە قەندیل بینیوەتەوە کە لە شەهید سەدیق ئەنجیری دەچێت. پێشتریش لە ساڵی ١٩٥٩ ئەسعەد خودایاری کە خەڵکی بیجار و لە ئەفسەرەکانی کۆماری کوردستان بوو، لە باشووری کوردستان لە گوندی چۆم خڕگە تیرۆر کرابوو.

ڕۆژی ١٤ - ٩ - ١٩٦٦ لە سەرووی گوندی خەلان بە یاوەریی چوار کەس کە بریتی بوون لە فراکسیۆنی کۆنگرەی دووهەمی حیزب، لە لایەن سالار حەیدەری، سماییل شەریفزادە، مەلا ئاوارە و حەمەدەمین سیراجییەوە، کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکرات پێک دێت.



سەرچاوە
Serchawe

**کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە سەر دوو خاڵ پێک هاتبوون.**

**یەکەم**: ڕێکخراو دروست بکەن

**دووهەم**: ڕۆژنامەیەک بە ناوی تیشک دەربکەن کە زمانحاڵی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بێت، کە شەهید شەریفزادە سەرنووسەری بوو و قەتیش بڵاو نەکراوە.

لەو کاتانەش سلێمان موعینی وەک لکی ٣ ی حیزب ڕۆژنامەی ڕۆژی بڵاو دەکردەوە کە بە دروشمی پەسەند کراوی کۆنگرەی دووهەم، یەکیەتی و خەبات و سەربەخۆیی دێموکراتی، بڵاو دەبۆوە.

## شۆڕشی ٤٦ - ٤٧

بزووتنەی ٤٦ - ٤٧ لە کاتێکدا سەری هەڵدا کە حیزبی دێموکرات بە هەموو شێوەیەک دەیویست، خۆی لە دۆخی باشوور و پیلانی ساواک بڕەوێنێتەوە و لە سەر کار و چالاکی بۆ ڕۆژهەڵات بەردەوام بێ. ڕۆژی ١٧ - ٦ - ١٩٦٦ مەلاڕەحیم وێردی بەر لە دەستپێکردنی بزووتنەوەکە شەهید کرا. ١٨ - ٥ - ١٩٦٧ نحۆ پاشایی ناسراو بە باپیر شکاک، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووهەم، لە گەڵ چوار پێشمەرگەی دیکە بە ناوکانی مەلا ئیسماعیل، ڕەزا، فەوزی و ناجی لە ناوچەی سەڵماس شەهید بوون.

١ - ٥ - ١٩٦٨ شەهید سمایل شەریفزادە، ناسراو بە مەلا عەزیز، بە هۆی دزە کردنی بەکرێگیراوێک بۆ ناو پەلەکەیان تووشی شەڕێکی قورس دەبن و لە گەڵ سێ پێشمەرگەی دیکە بە ناوەکانی حوسێنی ڕەحمان ڕابی، میرزا محەممەدی ئەستێ مەنگوڕ، عەلی عەوڵا کۆڵی، لە گوندی دارێنەی بانە شەهید بوون و لەو شەڕەدا تەنیا پێشمەرگەیەکی گەنج خۆی دەرباز کرد کە نازناوی ئاڵیاز بوو و ئێستاش لە ژیاندا ماوە.

مانگی ٧ی ١٩٦٨ی زایینی عەبدوڵڵای موعینی و مینەشەم لە دوای شەڕێکی قارەمانانە لە گوندی قالوێی عەوڵاغا کە بە قالوێی موعینی ناسراوە لە مووچەی ئەحمەد کەوازەرد شەهید کران و پێشمەرگەیەکیش بە ناوی حەسەن خوڕخوڕەیی بە برینداری بە دیل گیرا کە دوای ئەوەی بە ماشێن ڕایدەکێشن، دواتر لە پادگانی مهاباد تیرباران کرا، شەهید حەسەن لە کاتی شەهید کردنیدا نەیهێشتبوو چاوی ببەستن.

٨ - ٦ - ١٩٦٨ مەلا ئاوارە لە گوندی دیوالان لە گەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە بە ناوەکانی محەممەد ئەحمەد(مەلا کەچە) و ڕەحمان وتمان چاوشین دەستگیر کران و لە ٢ - ٩ - ١٩٦٨ لە سەردەشت گوللەباران کران و شەهید بوون.

ناخۆشترین دۆخی ئەو سەردەمە شەهید کردنی شەهید سلێمان موعینی بوو کە وەک کەسی یەکەمی حیزبی دێموکرات دەهاتە ئەژمار. بە شەهید بوونی سلێمان موعینی ئاوێکی سارد بە سەر دەستی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتدا کرا.

ساڵی ١٩٦٩ی زایینیش قادر شەریف ناسراو بە هاشم ئەفلوتوللاب لە سلێمانی بە دەستی بەکرێگیراوێک بە نارنجەک شەهید دەکرێ.

زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی و ڕێبەرایەتی شەهید بوون و دەبوا وەک بەردەوامی جێگرەوەیان بۆ دابنێن. هەر بۆیە دواتر لە کۆنفرانسی سێ و کۆنگرەی سێ، کە شەهیدی ڕێبەر دکتۆر قاسملوو وەک فریادڕەسێک نەیهێشت خوێنی ئەوان بە فیڕۆ بڕوات و حیزبی دێموکراتی لەسەر بنەمای سیاسەت کردنی سەربەخۆ جارێکی دیکە ڕاست کردەوە.

ئەوەی ئێمە لە درێژایی زەمەنی تەمەنی حیزبی دێموکراتدا بەدی دەکەین کە هەمیشە میراتی سیاسی و نەتەوەیی بە بەرەی پاش خۆی بەخشیوە و نەیهێشتووە بەرەی خەباتی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کزی بدات.

هەر وەک هەموومان ئاگادارین لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا "ڕاسان" وەک ئالترناتیف و جووڵەیەکی سیاسی و نیزامی خوێنی تازەی بە دەماری کورد لەڕۆژهەڵات بەخشی و لە توێی شاخ و شاردا هاوئاهەنگییەکی ڕێکخست.

لە نێوان وێکچوونی ڕاسان و بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧ کۆمەڵێک فاکتی گرینگ هەن، کە سەلمێنەری سیاسەتێکی دژ بە کوردە کە لە نێوان پەهلەوی و ڕژێمی ئێستای ئێراندا یەک ناوەرۆکی هەیە و ئەویش قڕکردن و خنکاندنی کوردی ڕۆژهەڵاتە.

بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧ لە کاتێکدا سەری هەڵدا کە دیویست کفنی پاشکۆیی و سستی بدڕێنێ و هەناسەیەکی نوێ بە هەناوی ڕۆژهەڵاتدا بکات.

ڕاسانیش پاش دوو قۆناغی کشانەوە لە ڕۆژهەڵات و کشانەوە لە قەندیل، کە لە قوڵاییی باشووردا بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بەرەو خنکاندن دەڕۆیشت، وەک شمشێرێکی ناوقەدبڕ تەواوی ئەو بەربەستانەی پساند و هەموو پەیوەندییەکانی پێشمەرگە

و کۆمەڵگەی هەڵبەستەوە.

ڕاسان لە زەمەنێکدا سەری هەڵدا و خەونی ڕژێمی داگیرکەری ئێرانی لە گۆڕ خست کە دەیانگوت بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بەرەوە پیری و مردن چووە.

## بەسەرهاتی جەنگاوەرێک

هەرچەند ناتوانم ئەوەی لە دڵمدایە بە تەواوی بینوسم و بیخوێنمەوە بەڵام دەمەوێ لەسەرڕا بەسەرهاتی خۆم کەمێک یادداشت کەم.

لە تەمەنی یەک ساڵیدا: باوکم فەوتی کرد، و لە تەمەنی پێنج یا شەش ساڵیدا: دایکیشم بە رەحمەت چوو و بێ دایک و باوک کەوتمە دنیاییێکی بەدبەختی و سەر لێ شێواوی. نەمدەزانی ژیان چییە و چۆنە. پێم وا بوو بۆ ژیان و زیندەگی دەبێ لە ناو باوەشی گەرمی دایک و باب و لە ناو ناز و نیعمەتدا و لە وڵاتێکی تێرو تۆخ و لە وڵاتێ ئازاددا ژیان بەسەر ببەین. بەڵام دیم وا نییە ژیان. لە وڵاتێکی خەفەقان و پڕ زولم و زۆر دا ژیان بەسەر دەبەین. زوڵم و زۆر لە ڕادەبەدەر بوو. تەمەنم بە دوازدە سێزدە ساڵی گەیی، لە دڵی خۆمدا سەرم دێناو دەبرد دەمگوت خودایە دەبێ چۆن ئەو هەموو زوڵم و زۆرە لە ناو بچێ دەبێ کەس بتوانێ لە بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و زۆرە بوەستێ؟ بۆخۆم بە خۆم گوت بەڵێ، ئەگەر خەڵک یەکگرتوو بێ دەتوانێ زوڵم و زۆر لە ناو بەرێ. زۆرم سەر دێناو دەبرد، بەڵام کەس نەبوو بە من بڵێ وەرە بەو ڕێگایەدا بڕۆین. شەوێک لە بناویلی کوردان لە ماڵی حاجی محەمەدی مامم بووم. لە پڕ پۆلێک چەکدار وەژوور کەوتن. زۆر ترسام؛ لە دڵی خۆمدا گوتم ئەوە حەتمەن خۆیان گۆڕیوە. سەربازگیری بوو، کاک ساڵەی برام سەرباز بوو؛ شەوانە خۆیان دەشاردەوە. دانیشتن و گوتیان حاجی نان و چامان بدەیە و نەفەرێکمان بۆ پەیدا کە ئەو نامەیە بەرێ بۆ هەنداوێ، کە وایان گوت دیسان لە دڵی خۆمدا گوتم خۆ ئەوە کوردن. مامە حاجیم گوتی: ئەم برازایەم نامەکە دەبا.

بەو شەوە نامەکەم برد و گەڕامەوە، دیم لەوێ نەمابوون.

بەیانی بە مامە حاجیم گوت: مامە گیان ئەو چەکدارانە کێ بوون مامەم گوتی ڕۆڵە کارت چییە ئەوانە چەکدارن و خەڵکی وڵاتی خۆمانن.

دیسان کەوتمە خەیاڵاتەوە، خوایە چۆن پەیدایان کەم. زۆری پێ نەچوو خەبەر هات، لە ناو خەڵکدا باسیان بوو دەیانگوت بەخوا بەداخەوە ئەو نەفەرانە لە سورکێ کەوتنە ژێر هەرەسی بەفر. دوبارە بە مامە حاجیم گوت: مامە گیان ئەوە کێن وا خەڵک باسیان دەکەن، گوتی: ئەوە هەمان چەکدارەکانی ئەو شەوە بوون کە تۆ نامەکەت بۆ بردن. بە داخەوە کەوتنە ژێر هەرەسی بەفر لە سورکێ و ئەوانە بابە عەلی و بابە رەسوڵیان پێ دەگوتن. منیش لە دڵی خۆمدا گوتم دەبێ بەو جۆگە ئاوەدا برۆم هەتا دەگەمە سەرچاوەکەی. بیرم کردەوە کە من خزمم لە بەکرەجۆ هەن دەچم بۆ ئەوێ بەڵکو لەوێ پەیدایان کەم.

ڕۆیشتم، ئەو ڕۆژە بۆ شەوێ چووم بۆ شاناخسێ بۆ ماڵی حاجی عەلی سۆفی شەریفی. بۆ سبەی شەو چومە سەراومیراو. لەو دیوی گەمۆ ئێوارێ بوو، لەخۆوە سەرم بە ماڵێکدا کرد زۆریان بەخێر هێنام. کاک محەمەد لێی پرسیم خەڵکی کوێی: گۆتم خەڵکی بانە زێرێم، خزممان لە بەکرە جۆی هەن دەچم بۆ لای ئەوان؛ نابێ لادەم دەبێ بەیانی بەڕێم کەی.

نان و چای بەیانیمان خوارد و دو پێشمەرگە بانگیان کردم وەرە با بڕۆین، خواحافیزیم کرد و کەوتینە ڕێ. لە دڵی خۆمدا گوتم خوا شوکر ئەوەی من دەمەوێ پێی گەیشتم. نزیک بوینەوە لە کورەداوی. گرمەگرمێک لە گوێم دەهات هەر بۆ ئەم لا و لام دەروانی، گوتیان ئەوە ڕۆڵە لە چی دەڕوانی؟ گوتم وەم زانی تەیارەیە، گوتیان نە، نە تەیارە و نە سەیارە.

ئەوە ئیزگەی شۆڕشە، چوین بۆ مەقەڕ لێیان پرسیم بۆ چی دەچی بۆ بەکرەجۆ، گوتم خزمم لەوێن، دیسان لە دڵی خۆمدا لە خۆشی‌یان حاڵم نەبوو دەمگوت ئەوەی من لێی دەگەڕام پێی گەیشتم، سێ ڕۆژ لەوێ مامەوە.

ڕۆژێک بەیانی پۆلێک منداڵ لەناو دێ هاتنە خوارێ، بۆ یاری کردن منیش ڕۆیشتم بۆلای ئەوان، لەپڕ بانگیان کردمەوە منیش بە دڵ شکاوی گەڕامەوە، گوتیان ئەوە بۆ کوێ دەچووی؟ گوتم بۆلای ئەو منداڵانە بۆ یاری کردن دەچم.

(گوتیان) ئەتۆ لێرە سجنی یاری چی. لە جوابدا گوتم دەی باشە تفەنگم بدەنێ هەر لێرە دەبم نارۆم. نەمدەزانی سجن یانی چی! زۆر باشە تفەنگت بدەینێ بۆ شای بەریەوە؟

گوتم نەوەڵڵا هەر لای ئێوە دەبم. گوتیان باشە لەم وڵاتە کێ دەناسی؟

مەلا شەریف لەمڕانێ دەناسم. گوتیان دە باشە برۆ بۆلای ئەگەر کەفیلی کردی وەرەوە تفەنگت دەدەینێ.



سەرچاوە
Serchawe

بۆ شەو چوم بۆلای مەلا شەریف. گوتم مامۆستا هاتووم دەبێ کەفیلم بی لە کوڕەداوی تفەنگم بدەنێ. لە جوابدا گوتی ڕۆڵە ناتوانم. وازم لێ نەهێنا، ناچار گوتی بەیانی بچۆ بۆ بێوریێ بپرسە بڵێ میرزا ئەحمەد یان کوێخا کەریم لێرەیە؟ ئەوان لەوێ نەبوون بچۆ بۆ باسنێ بڵێ کاک مەحەمەد لێرەیە و ئەگەر ئەویش لەوێ نەبوو بچۆ بۆ سورەدزێ بۆ لای مامۆستا مەلا ڕەحیم، بیرم کردەوە مامۆستا مەلا ڕەحیم دۆڵەرزنێیە، یەکسەر چووم بۆ وێ لە بەردەرگای مزگەوتەکە پۆلێک پیاوی لێ وەستابوون سڵاوم کرد؛ و گوتم ماڵی مامۆستای کامەیە؟ گوتیان بۆ چیتە، گوتم: خزممانە.

گوتیان ئەوە ماڵەکەیانە سەرم بە ژۆرێدا کرد و سڵاوم کرد لە دایکی. مامۆستا و مەلاژن ماچیان کردم و گۆتیان عەبلا چۆن ئێرەت زانی. گوتم پێیان گوتم. ئەی مامۆستا لە کوێیە، لە دێرێ ژورەوە. چوم بۆ وێ گوتیان ئەوە لەدێرێ خوارەوە. لەوێ پرسیم و گوتیان ئەوە لە ئاوەزێیە. چووم بۆ ئەوێ، لەبەر ماڵان کە ڕوانیم مامۆستا لە سەربانی ماڵی وەستا کەریمی نەجار قەدەمی لێدەدا کە منی دی زەردەخەنەی کرد چووم بۆلای، سڵاوم لێ کرد و دەستم ماچ کرد، فرمووی عەبدوڵلا ڕۆڵە چۆنت زانی من لێرەم؟ جوابم داوە: لەدواییدا گوتی وەستا کەریم میوانم هەیە دەڕۆمەوە، ماوەی یەک مانگ لای مامەوە لە دوایەدا نامەیێکی نووسی و فەرمووی ئەم نامە بەرە بۆ گۆڵێ، بۆ مامۆستا مەلا حەسەن، بەڵام دەبێ بۆ ماوەی دە ڕۆژ بێیەوە. نامەکەم برد و گەڕامەوە بۆ لای. مانگی ڕەمەزانێ بوو. دوای جێژنێ نامەیێکی نووسی و لێی پرسیم لای ئێوە کوێ بەناوبانگی لێیە. گۆتم جاتراوی پشتی هەورازە و بێکەژ، بەشی بانەزێرێ ئاڵ یاز. فەرموی بڕۆرەوە بەڵام مانگی جارێک یان دو مانگ جارێک سەرم لێ بدە. بەڵام نامەکەی نەدامێ هەر بە خۆی بوو. ماوەی ساڵێک یا دو ساڵ دەچووم بۆ لای، کەرەتی ئاخری نامەیێکی دامێ بۆ دۆستێکی خۆی. نامەکەم برد و گەڕامەوە بۆلای بەڵام چاوم پێی نەکەوت. دایکی مامۆستا بە گریانەوە گوتی ڕۆڵە هەتا زووە بگەڕێوە ئەو بەری، مامۆستا شۆڕش گرتی. منیش بە خەفەتباری گەڕامەوە بەڵام مامۆستا لە مەنتەقەی بانە و سەردەشت و ڕەبەت ئەندامانی حیزبی پێ ناساندبووم؛ لە گەڕانەوەمدا لەگەڵ ئەوان پەیوەندیم بەست. ئەوەبوو لە پایزی چل و شەشدا هێواش هێواش کار و فەعالیەتی سیاسی دەستی پێ کرد و کەوتە کار. ئاوا بوو کە لە پایزی ساڵی چل و شەشدا پێشمەرگە نەبەز و قارەمانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامان و کادرانی سیاسی بە ئاشکرا کەوتنە ناو مەنتەقە و بە ئاشکرا دەست بە کاری سیاسی کرا. هەر بۆیە ڕژیمی شا بەتەواوی تۆقاو و کەوتە دڵە لەرزە و پەلەقاژە و گرتن و ئەزیەت و ئازاری خەڵکی بێ دیفاع و چەک بە زۆر بەسەردا سەپاندنی خەڵک تا بتوانێ گڕی ئاگری دڵی خەڵک خامۆش کا، بەڵام جووڵانەوەی دوازدەی بانەمەڕی بەهاری ساڵی ١٣٤٦ و هاوین و پایزی ساڵی ١٣٤٧ شاهیدی ئەوەیە کە هیچ دوژمنێکی گەلی کورد ناتوانێ گەلی کورد بە چۆکدا بێنێ.

شا وایزانی بە شەهید بوونی کاک ئیسماعیلی شەریفزادە و کاک محەمەدی ئەستێ مەنگوڕ و کاک عەلی دادخا، عەلی عەبدوڵلا کۆڵ، کاک حسینی ڕەحمان ڕابی، کاک فایەقی موعینی، کاک خەلیل شەوباش، مامۆستا ئاوارە، مەلا کەچە، کاک



سەرچاوە
Serchawe

موراد شیرێژ، مەلا مەحمودی زەنگەنە، کاک عەبدوڵڵای موعینی، مینە شەم، کاک حەسەن خوڕخوڕەیی و هەموو شەهیدانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران و چەند شەهیدی دی لەوە پێش، پێی وابوو سەدای سیاسی و خەباتی گەلی کوردی خامۆش کردوە. نەیزانی ئاگرێکە لە ناو دڵی خەڵکدا هەر بڵێسەی هەیە و ئاکامیشی هەر ئەوە بوو کە بە بڵێسەی ئەو ئاگرە سووتا، سڵاو لە هەموو شەهیدان و لە بنەماڵەی هەموو شەهیدانی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران...

ئەوەڵ شەڕمان شەڕی ١٢ی بانەمەڕی بەهاری ساڵی ٤٧ بوو لە چەمی ئەحمەدخانداندان و گاوەڕۆ، لە بەر ماڵی دارێنەی ژورو و لە بەر ماڵی هەڵۆ پەڕشە، ئەو چەمە پردێکی لە سەرە بەناوی پردی مەلا عەزیز، ئاوی ئەو چەمە سەرچاوەکەی لە کوێستانی مەیدانان، پشت ماڵی نجنەی ژوورو، و مەری جەڵەن، شێنان و کەشەنێ سەر چاوە دەگرێ و لەگەڵ چۆمی سوتوو و بەردەڕەش لە خوار شاخی بەردە زەردی، لە مابەینی دارێنەی خواروو و بانەزێر، یەک دەگرنەوە دەرژێنە ناو گۆمەشین.

دوهەم شەڕمان شەڕی قالوێ بو، لە دوهەم مانگی بەهاری ساڵی ١٣٤٧کە لەو شەڕەدا کاک عەبدوڵڵا موعینی و مینە شەم، شەهید بوون، و کاک حەسەن خوڕخورەی بەدیل گیرا و لە دوای ماوەییێک ئیعدام کرا.

شەڕی سێیەم لە دێی سورەبان لە ناوچەی سەردەشت بوو. لەو شەڕەدا نەفەراتی زۆر لە دوژمن کوژران لە جاشەکان، پێشمەرگەیێکی قارەمان بە ناوی کاک مەحەمەدی ڕەسوەمەرە شەهید بوو و بریندارێکمان بەناوی کاک مەحەمەدی شخەڵی بە توندی بریندار بوو.

چوارەم شەڕمان، شەڕی کێو هۆمل پشت ماڵی شڵماش بوو. لەو شەڕەدا نەفەراتی زۆر لە جاشەکانی ڕەیس چیچۆ کوژران. پێشمەرگەیێک بەناوی کاک سەلیم کە ناو ئەسلی عەبدوڵڵا گرێ بوو، خەڵکی ناوچەی ڕەبەت بوو، چاوێکی بریندار بوو. پێنجم شەڕمان شەڕی شاخی خاڵەباد، پشت مێرگەتێکێ بوو لە ناوچەی ڕەبەت، لەو شەڕەدا بریندارێکمان بەناوی کاک حەسەن ئەلیاسی خەڵکی گوندی وەرگێڵ بوو. بەداخەوە ئەویش لەگەڵ پێشمەرگەیێکی قارەمان بەناوی قەرەنی، خەڵکی ناوچەی سەردەشت بوو لە چیای سورداش شەهید بون. لە دوای شەڕی خاڵەباد لە پایزی ساڵی ١٣٤٧ دا دو پێشمەرگەی قارەمان بە ناوەکانی کاک حوسەین خاتوون و حاجی، لە لای زستان شەهید بون.

شەڕی سورەبان، شەری هومل، شەڕی خاڵەباد، لە پایزی ساڵی ١٣٤٧ دا بوو کە مەسئولی بەرزمان مامۆستا قادر شەریف بوو. کە لە مزگەوتی مەزاتخانەکەی سلێنی بە نارنجۆک شەهیدیان کرد. کاوە مارەغانی لە مەقەڕی قەڵادزێ بەهۆی دەست و پێوەندیەکانی ڕێژیمی شا شەهید بوو. مامۆستای پایەبەرز، مامۆستا مەلا ڕەحیمی وێردیش، لە ڕێی تەوێڵە بۆ ئێران

شەهید کرا.

کاک فایەقی موعینی، لەگەڵ کاک خەلیل شەوباش لە کوردستانی ئێراق شەهید کران. شەهید ساڵح لاجانی لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە دەستگیر کراون. ئەوانیش ئیعدام کران.

لە ساڵی ٥٢ دا کاک محەممەدی ڕەمەزانی ڕژێمی شا ئێعدامی کرد. لە ساڵی ٥٢ مەلا قادری وێردی لە بانە بەهۆی چڵکاوخۆرانی ڕژێمی شا لە ماڵی عومەری خەیات شەهید کرا. کاک عەزیزی مستەفازادە لەگەڵ مەحەممەد سەدیق لە سنە ئیعدام کران. کاک عوسمانی کەریمی لە ساڵی ٥٨ لە شەڕی سێ مانگەدا لە نەغەدە شەهید کرا. کاک کامیلی قازی زادە لە سورکێو لە ژێر بەفر و سەرما شەهید بوو.

خوێنی ڕژاوی شەهید پێشەوا قازی، دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی، مامۆستا مەلا ڕەحیم وێردی، مەحەممەدی ڕەمەزانی، ئیسماعیلی شەریفزادە، مەحەممەدی ئەستی مەنگور، عەلی دادخا، حوسەینی ڕەحمان ڕابی، کاک فایەقی موعینی، خەلیل شەوباش، عەبدوڵڵای موعینی، حەسەن خورخورەی، حوسەین خاتون، حاجیلە مینەشەم، مەلا مەحمودی زەنگەنە، موراد شیرێژ، ساڵح لاجانی، و هاوڕێیانی مامۆستا ئاوارە، مەلا کەچە، مەحەممەدی ڕەسوە مەرە، شەهیدانی نیروان، عومەری ڕەحیمی، عێزەتی مینە بەگ، ناسری ڕەسوڵی، ڕەحمانی مەولودی، عەلی رەش، حەسەن دیمۆکرات، ئەحمەدی مچە شوان، مامۆستا مەلا برایمی حیکمەت، وەستا محەممەدی عەمار، خۆێنی ڕژاوی ئەو هەموو شەهیدانە و تەواوی شەهیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و خوێنی ڕژاوی گەلی کورد و گەلانی ئێران دەبێتە دەریای بێ بن کە تەواوی دوژمنانی گەلی کورد تێیدا قوم دەبن، هەر وەک مامۆستا مەلا ڕەحیم فەرمووی نەخۆش دەبین بەڵام نامرین، ڕەوتی مێژوو بەرەو پێش دەروا.

## بیرەوەرییەکانی عەبدوڵڵا کەریمزادە ناسراو بە "عەبەڕەش"

عەبدوڵڵا کەریمزادە لە سەردەمی شۆڕشی ٤٦ - ٤٧ ناسراوە بە ئاڵیاز و ئاڵیاز ئەو چەمەیە کە لە دارێنەوە بەرەو سەردەشت دەڕوا و لە گۆمەشین چەمی سەردەشت و ئاڵیاز تێکەڵ دەبنەوە و لەوێوە بەرەو ئاڵۆت دەڕۆن و دەرژێنە بەنداوی دووکانەوە. ئەو نازناوە لەلایەن شەهید مەلا ڕەحیم وەردی بۆ کاک عەبدوڵڵا دیاری کراوە.

با پێش هەمووشتێک ئەوەتان عەرز بکەم کە هەدەف لەوەی مامۆستا عەزیز (ناوی خوازرواى سمکۆ شەریفزادە) و هاوڕێیانی

تر گەڕابوونەوە ئەوە بوو کە چالاکیی سیاسی بکەن، ئێمە بە دێهاتاندا دەگەڕاین و قسەمان بۆ خەڵک دەکرد. مەلا عەزیز خۆی قسەی دەکرد.

نازانم چۆن باسی مەلا عەزیز بکەم ڕاستییەکەی. ئەمن ناتوانم بە هیچ لەونێک لەسەر ماهیەتی مەلا عەزیز قسە بکەم، ئینسانێکی هەتا بڵێی سەوادار، میللەتپەروەر، جوانچاک و حیزبی بوو.

مەلا عەزیز کە باسی لەگەڵ خەڵک دەکرد زیاتر لەسەر مەسەلەی چینی زەحمەتکێش و هەژار و فەقیر قسەی بۆ خەڵک دەکرد. دەچووینە سەر مووچەی کابرای دروێنەوان و قسەمان لەگەڵ دەکرد. ئەو کابرایە زۆربەی جار یەکەم جار بوو مەلا عەزیزی دەدیت و بەڵام هەمیشە بە ئاواتەوە بوو، جارێکی تر بیبینێتەوە. چونکە مەلا عەزیز بە زمانێک قسەی لەگەڵ ئەو خەڵکە دەکرد کە زمانی خەڵک بوو؛ یانی وەکوو ئەوەی بڵێن بە دەستی بیخاتە ناو دڵی خەڵکەوە ئاوا بوو؛ بە شێوە و بە زمانی خۆیان قسەی لەگەڵ کابرای کەشاوەرز دەکرد، یانی دەیزانی چۆن ئەو خەڵکە لە دەردی چینی هەژار و زەحمەتکێشی حالی بکات.

ئێمە بۆ ئەوە دەگەڕاین کە تەشکیلاتی حیزب زیندوو بکەینەوە بۆ ئەوە دەگەڕاین، کە بە خەڵک بڵێین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کێیە؟ چون ئێمەمانان نەماندەزانی کە حیزبی دێموکرات کێیە؟ ئیللا ئەو قەدیمیانەی کە زەمانی کۆماری کوردستانیان دیبوو، خۆ ئەوانیش نەیاندەوێرا لای باوکیشیان باسی ئەوە بکەن کە حیزب هەبووە کورد کێیە و هەر لە دڵی خۆیاندا هەڵیان دەگرت.

ئەمن لە شەمۆڵە [گوندێکی بانەیە] چەکی پێشمەرگایەتیم هەڵگرت. ئێمە دەگەڕاین بە گوندەکاندا. ئێمە لە مەنتیقەی بانە بووین، مامۆستا مەلا ئاوارە لە مەنتیقەی سەردەشت بوو، مامۆستا مەلا مەحموود زەنگەنە، ساڵح لاجانی و مراد شیرێژ لە مەنتیقەی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ، شنۆ و خانێ و لەو ناوە دەبوون.

مامۆستا قادر شەریف ئێستا نەهاتبۆووە دیوی خۆمان و کاک فایق و کاک عەبدوڵڵا موعینی ئەوان برا بوون ئەوان لە مەنتیقەی بۆکان و مەهاباد و ئەو ناوە بوون.

جاری وابوو دەگەڕاین یەکتریشمان دەگرتەوە و ئێمە بەدوای کاری سیاسی و فەعالییەتی سیاسییەوە بووین و خەڵکمان کۆ دەکردەوە لە مزگەوتەکان و قسەمان بۆ دەکردن. خەڵکی ئەو دەمە دەتوانم بڵێم بەحەدێک ئەو خەڵکە دڵسۆز و دڵپاک بوو،



سەرچاوە Serchawe

دەرهەق بە پێشمەرگە نەبێتەوە. ئیللا ئەوانەی کە بە ڕەسمی لەگەڵ ساواک بوون. ئەوە نەبێت کەس خیانەتی پێ نەکردین؛ چون ئێمە هەر شوێنێک دەچووین، ئیتر لە دوای ئێمە هیچ بۆ خەڵکەکە ڕووی نەدەدا [لە کۆنەوە پاش ڕۆیشتنی پێشمەرگە، ئەو بنەماڵانەی کە شوێنی حەسانەوەی پێشمەرگەکان بوون، لە لایەن داگیرکەرانەوە ئازار و ئەزیەت دراون و دەستبەسەرکراون] بە ڕاستی خەڵکەکە دڵسۆز بوون. خەڵکەکە تامەزرۆی ئەوە بوو کە کەسێک ببێت، بەناوی حیزبی دێموکرات، بەناوی چینی زەحمەتکێش قسەیان بۆ بکات و لەسەریان وەجواب بێت. زولم و زۆرەکە لە حەد بەدەر بوو. خەڵکەکە جاڕز بوو، جا ئەگەر چەکدارێکی ئاوا چووبانایە و قسەیان بۆ کابرا بکردبایە لە ماڵێک دانیشتبانایە پیرو جەوانی ئەو دێیە کۆدەبوونەوە هەتا ئەو کەسە قسەیان بۆ بکات.

کاتێکی ئێمە لە مەنتیقە دەگەڕاین ڕەژیمی شا دەچوو، بە خەڵکەکەی دەگوت ئەوانە چەتەن، دیارە بە دەستەی پیاوەکانی خۆی ساواک لێرە و لەوێ بڵاوی دەکردوە کە بەلێ "جەماعەتێک چەتە" دەگەڕێن.

پاشان ڕەژیم بەوەش ڕازی نەبوو دەچوو ڕیش سپی و حاجییەکانی دێیەکانی کۆ دەکردەوە و سوێند و تەڵاقی دەدان کە ئەگەر کەسێکی ناشناسیان دیت خەبەری لێ بدەن و پاشان هەوڵی دا چەک بەسەر خەڵکدا دابەش بکات و خەڵک چەکدار بکات و خەڵک زۆر بە کەمی ملی بەو شتەداکرد. دیارە ساواک ئەو کارانەی بەیارمەتیی کەسانی سەر بە خۆی دەکرد.

### بەڵام ئێمە چۆن لە چەمی دارێنە دەرگیربووین؟

ئێمە کە لە مەنتیقە بووین، کەرەتێک کاک فایەق و کاک خەلیل شەوباش و کاک محەمەدئەمینی سیراجی کۆمەکیان هێنا. چ بوو؟! لیباس و جامەدانە و شتوومەکی وەک ڕەخت و فیشەکدان بوو. هێنایان لە دیوی گەورکان [ناوچەیەکی شاخاوییە، دەکەوێتە نێوان سەردەشت، بۆکان، سەقز و مهاباد کە عەشیرەتی گەورک لەو ناوچەیە دەژین و ٤٠٠ گوندێک لەخۆ دەگرێت] هەمووماانیان کۆ کردەوە و دایانینێ.

کاک سولەیمان موعینی و کاک خەلیل مستەفازادەی بانە [خەلیل شەوباش] کۆمەکێکی تریان هێنابوو نەگەیشتە ئێمە نەمانزانی ئایا چەکە؟! ئایا پووڵە؟! ئایا چییە؟

ئەوان چووبوون کۆمەکەکەیان هێنابوو. لە کوێیان هێنابوو نازانم، گەڕابوونەوە سلێمانی لە سلێمانی کاک فایەق دەچێتە ماڵی قالە تەگەرانی کە بەقسە دۆستی سەمیمیی کاک فایەق بوو.

هەر ئەو شەوی کە کاک فایەق و کاک خەلیل دەگەنە سلێمانی، کاک فایەق نامەیەک دەنوسێ بۆ شەریفزادە و کاک عەبدوڵڵای برای، ئێمە لە سووتووی بانە بووین، نامەکەمان پێ گەیی لە نامەکەدا کاک فایەق نوسیبووی کە ئێمە ئەوە میوانی قالە تەگەرانین، لە سلێمانی، بۆ سبەی بە پیرمانەوە وەرن لە سوورکێو و لە گوندی دونێزی پشتی کانی برایم کە لەوێ یەکتر دەگرینەوە.

ئەو جار کەوتینە تەگبیر کە کێ بچێ؟! کێ نەچێ؟! لەوێ ئەو جەماعەتی کە خەڵکی بانە بوون و شارەزاتر بوون لە هەموو شوێنێکی بانە، شەریفزادە گوتی ئێمە دەچین.

ئێمە کێ بوون؟ سمکۆ شەریفزادە، ئەمن [ئاڵیاز]، محەمەدی ئەستێ مەنگوڕ خەڵکی شاتمانی سەردەشت، ئەو برادەرە تفەنگ ساز بوو. عەلی عەبدوڵڵا کۆلی خەڵکی مرانێ، ئەوە گوندەی بن ڕەبەتێ، لەگەڵ حوسێنی ڕەحمان ڕابی مەریجەلان [مەریجەلان گوندی بانەیە دەکەوێتە نێوان بانە و سەردەشت]. کوێخا شەریفی کێلەشینی میرەدێ، محەمەدێکمان لەگەڵ بوو یان زاوای بوو یان ژن برای کوێخا شەریف، خەڵکی سەقز بوو ئەو محەمەدە هیچ چەکێکی پێ نەبوو. قەراربوو تفەنگی بۆ پەیدا بکەین.

لەگەڵ مچە قەشکێن، ئەو مچە قەشکێنەم نەدەناسی [مەبەستی ئەوەیە نەیدەزانی خەڵکی کوێی کوردستانە و چ کەسێکە].

جەماعەتەکەی تر یانی کاک عەبدوڵڵا موعینی، مینەشەم و پێشمەرگەکانی تر دەگەڕانەوە بۆ بەری گەورکایەتی، جا ئێمەش ئەو شەوە پاش تەگبیر و بۆ بەیانی هاتینە شاخی هەڵۆیان و نان و چای بەیانیمان خوارد و بۆ شەوێ چووینە دارێنەی ژوورووی. لە دارێنە نان و چامان خوارد و چووین لە مزگەوتێ قسەمان بۆ خەڵک کرد و چووین لە مالی کوێخا حوسێنی دارێنە بخەوین، خەڵک لە ماڵی کوێخا حوسێن لێمان کۆبوونەوە لەو ماڵە ئێمە بە هیوا بووین چەند سەعاتێک بخەوین و شەوێ سەعات سێ وەرێ بکەوین.

وەختێ جێگایان بۆ ڕاخستین بخەوین شەریفزادە گوتی: با کوێخا شەریف نیگابان بێت، ئەمن گوتم با ئەو نەچێ ئەمن دەچم، کوێخا شەریف لە عێراق بوو ئەو سێ کەسی لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆ ناو ئێمە، محەمەدی خزمی و مچە قەشکێن و حوسێنی ڕەحمان ڕابی.

ئەوانە هەموویان لە عێراقەوە، پێکەوە کاریان دەکرد. کوێخا شەریف ئەو کاتی شەڕی چەمی دارێنە ڕوویدا، دوو مانگ بوو

لەگەڵ ئێمە بوو، جا بە هۆی هێندێ پیاوی ساواک کە ئاغای گوندەکانی سەر سنوور بوون، کوێخا شەریفی لە لایان ساواکەوە، ڕێکخرابوو کە بێتە نێو پێشمەرگە و لەوێ چی پێ دەکرێ لەگەڵ ئێمەی بکات.

کوێخا شەریف خەڵکی کێلەشینی میرەدێ [گوندێکی گەورەی نێوان بانە و سەقزە] بوو، ئەویش ئەو سێ نەفەری پەیدا کردبوو، حوسین ڕەحمان ڕابی، محەمەدی خزمی. حوسین چووبوو مچە قەشکێنی پەیدا کردبوو ئیتر پاش ئەوەی ساز دەبن، دێ بەدێ دەگەڕێن بە شوێن ئێمەدا.

ئێمە لە بانەزێڕێ بووین، کابرایەک هات گوتی وەڵاهی جەماعەتێک پێشمەرگە لە ئێوە دەگەڕێن ئەوە لە کاولانن بەری هەورازان. ئێمەش گوتمان بچۆ بیانهێنە بۆ ئێرە، ئێمە کەسمان پێ شک نەدەهات کە پێشمەرگە بێت و لەو ناوچەیە بێت، کە هاتنە لای ئێمە، کوێخا شەریف و ئەو سێ کەسە بوون. شەریفزادە گوتی کاکە ئێمە ئەوانە ناناسین و دەبێ هەر کەس لەبەر خۆیەوە چاوی بەسەریانەوە بێت و بزانێ کێن و چ کارەن؟

لەو جەماعەتە تەنیا کوێخا شەریف و محەمەد ئاگاداری داوای ساواک بوون. ئەو دو کەسەی تر ئاگادار نەبوون. ئیتر لە پاش ئەو ڕۆژە هەتا ئەو شەوەی کە چووینە دارێنەی ژووروو، ئەو جەماعەتەمان لەگەڵ بوون.

ژوورەکەی کە لە دارێنە ئێمە لەوێ بوین بانیژەیەکی هەبوو کە دوو پەنجەرە لەو ژوورەوە، دەچووە سەر بانیژەکە. شەریفزادە گوتی کوێخا شەریف تۆ بچۆ ببە بە نیگابان، کە کوێخا شەریف چوو، من گوتم شەریفزادە با کوێخا شەریف نەچێ گوتی: لێگەڕێ با ئەو بچێ هەتا نیگابانییەکەی تەواو دەبێ ئێمە ناخەوین ئەگەر تەواو بوو ئەوە خۆمان دەچین نیگابان دەبین.

ئەمن هەر لەسەری ڕۆشتم و شەریفزادە لێم تووڕە بوو گوتی: عەبدوڵڵا دەڵێی دەترسی؟!

گوتم: نا دەترسم. ڕاستە تۆ لە من بەڵەدتری بەڵام منیش خەڵکی ئەو ناوچەیەم و هەموو بنکە داری ئێرە دەناسم، ئەوە پاسگای وەرواوێ، ئەوە سیاوەمەیە، ئەوە بنژاژوو و ورچەکە، ئەوە ئاڵۆتە، لێرە بە پشتەوە دۆڵەزنە، ئەوە مەریجەڵانە، لەو لامانەوە دارساوێنە ئەو شوێنانە هەموو پایەگای نیزامی لێ بوو.

ئێمە پێخەف و جێگامان بۆ ڕاخرابوو ئەو قسانەمان لەسەر پێخەفەکان دەکرد گوتم بۆ ئەوە نابێ کوێخا شەریف نیگابان

بێت.

بەڵام شەریفزادە گوتی: نا ئێمە ناخەوین ئەو نیگابانییەکەی تەواو دەبێت و ئەو کات یەکێکمان نیگابان دەبین ئەمن گوتم: شەریفزادە ئەمن هەمووی نیگبانییەکەی دەکێشم، گوتی: نابێ دەبێ بە نۆرە بێ.

ئیتر بەدەم قسەوە خەومان لێکەوت. پاشان کە کوێخا شەریف لە پەنجەرەکەوە زەینی دابوویە و زانیبووی کە ئێمە خەوتووین، لەبانیژەکەوە و بە دەلاقەکەدا تەقەی لە شەریفزادە کرد، فیشەکەکە بەر محەمەدی ئەستێ مەنگوڕ کەوت ئەو لە تەنیشت شەریفزادەوە خەوتبوو. محەمەد لەسەر تەنیشت خەتبوو و گوللەکە لە کەلەکەی لای ڕاستی کەوتبوو و پاش ئەوەی لە کەلەکەی دەرچوبوو بە دەستی چەپیشی کەتبوو چون دەستی بن سەری دابوو بە تەقەکە خەبەرمان بۆوە، دەرپەرینە دەرێ، خۆ کەس نەمابوو، شەریفزادە گوتی: ئەوە کوێخا شەریف بووە.

کوێخا شەریف ئەو فیشەکەی تەقاندبوو و هەڵاتبوو چووبوو، خۆی تەحویلی پازگای سێلمێ دابوو، لەوێ گوتبووی کە ئەمن لە ماڵی کوێخا حوسین لە دارێنەی ژووروو، ٥ پێشمەرگەم کوشتووە.

پاش تەقەکە ئێمە هەستاین بڕۆین. محەمەد، چون برینادر بوو کەرێکمان پەیدا کرد و محەمەدمان سوار کرد. هەر ٥٠ میترێک دەبوو لە دێیەکە دوور کەوتینەوە، کە محەمەد گوتی: کاکە ئەمن هیچم نییە، لێمگەڕێن بۆخۆم دەڕۆم و وڵاغم ناوێ، محەمەد گەرمە برین بوو کەرمان بەرەو ماڵی ساحەبی داکردەوە و محەمەد بە پێیان لەگەڵ ئێمەوە وەرێ کەوت. لە مەودای تەقەکە هەتا ئەوەی سازبووین لە دێی دارێنە بێینەدەرێ، مچە قەشکێن هەلی پەیدا کردبوو هەڵاتبوو. مچە دەمانچەیەکی خۆی پێ بوو ئەو شەوە پاش تەقەکە گوم بوو ئیتر نەمزانی چی بەسەر هاتووە. ئەوەیش نەمابوو، ئێستا مابووین من، مەلا عەزیز، محمەدی ئەستێ مەنگوڕ، عەلی عەبدوڵڵا کوڵ و ڕەحمان حوسێن ڕابی و محەمەدی خزمی کوێخا شەریف.

هێندێ ڕۆیشتین و محەمەدی ئەستێ مەنگوڕ وردە وردە پێی شل بوو. تفەنگ و فیشەکدانمان لێ وەرگرت. هێندێک تر ڕۆیشتن محەمەد تەواو شل بوو. نەیدەتوانی ڕێ ببڕێ. ئیتر ناچار بە کۆڵێ هەڵمانگرت گەیشتینە شیوێک، گوتم لێرە دەبین جارێ. سارد بوو؛ هێندێ پووشیان هێنا کۆمان کردەوە و ئاوریان تێ بەردا؛ ئەمن زۆریشم گوت ئاوری تێ بەرمەدەن جوابیان نەداومەوە، بە قەراغ ئاورەکەوە، شەریفزادە و محەمەدی خزمی کوێخا شەریف وحوسین ڕەحمان ڕابی و عەلی عەبدوڵڵا کوڵ خەویان لێکەوت.

کـاتێ ئەو هاوڕێیـانە خەویـان لـێکەوت، محەمەدی ئەسـتێ مەنگوڕ کە برینـدار بـوو داوای ئـاوی کـرد، منـیش زۆر گەڕام لە شیوێک ئەولاتـر ئـاوێکم دۆزیەوە. هێنـدێکم هێنـا و گەیشـتمەوە لای محەمەد. دەسماڵێکم بەو ئـاوە تەڕ دەکرد و بە لێـوی محەمەدم دادێنا لەو کاتەدا محەمەدی خزمی کوێخا شەریف خەبەری بۆوە، گوتی: ئەو ئاوەت لە کوێ هێنا، منیش گوتم لەو شیوەی پشتەوە، وەڵا هەستا ڕۆی ڕوو بە شیوەکە، گوتی دەچم ئاو دەخۆمەوە.

پاش قەدرێک حوسێنی ڕەحمان ڕابی خەبەری بۆوە.

گوتی: ئەوە محەمەد چی لێهات

منیش گوتم: چووە ئاو بخوا

گوتی: بەزاتی خودا ڕۆیوە.

ئیتر چووین بە دوایدا کە چووین محەمەد نەمابوو.

ئەو جارە شەریفزادە لە حوسێنی ڕەحمان ڕابی کەوتە شک. چون حوسێن لەگەڵ ئەوان هاتبوو. شەریفزادە دەستی لەسەر شانی حوسێن داناو گوتی: کاکە حوسێن هەرچی لە دڵدایە تۆ گیانی ئەولادت، هیچ مەکە و بڕۆ، ئێمەش کارمان پێت نییە.

حوسێن چاوی پڕ بوو لە ئـاو و فرمێسک بە چاویدا هـاتەخوارێ گـوتی: مەلا عەزیـز ئەو حەیفە ئەمن دەکوژێ کە لەگەڵ کوێخا شەریف هاتووم دەنـا هەتـا خوێنم لەگەڵ تـۆ نەڕژێ دەستت لـێ هەڵنـاگرم. ئەو جـار هەسـتاین ڕێ کەوتین بـۆ نێـو چەمەکە. ئیتر ئەو چەند کەسە من، مەلا عەزیز، محەمەدی ئەستێ مەنگوڕ کە بریندار بوو، حوسێنی ڕەحمـان ڕابـی و عەلـی عەبدوڵڵا کۆڵ ماینەوە.

شـەریفزادە گـوتی: دەچیـنە نـاو چەمەکە منـیش: گـوتم نـاچینە نـاو چـۆمەکە دوور دەکەویـنەوە بەرەوە شـاخی هەڵۆیـان. شەریفزادە فەرمووی نـا ئـێمە لێرە خـۆ حەشـار دەدەیـن، وادەزانـن کە دوور کەوتـووینەوە. من گـوتم: کـاکە ئەوانە دێـن ئەو مەنیـتقەیە هەمـووی "کێـو تەق دەکەن"[مەبەست گەڕان بە وردییە] جـا ئەگەر کەس نەبیـنن دیـارە ڕاست دێـنە ئێرە و لێرە دەمانبینەوە. شەریفزادە فەرمووی: نا لێرە دەبین فکری ئەوەیان نییە ئاوا نزیک خۆ حەشاردەین.

بەهەرحال چووینە چەمەکەوە و هەتـا ئەوەمان کرد ڕۆژیش هەڵهات و وڵات ڕووناک بوو. نانمان پێ نەبوو دوو سێ کولێرەی جۆمان پێ بوو زۆریش برسیمان بوو بەڵام دەستمان بە هیچ کوێ ڕانەدەگەیشت. سەعـات لای ٨ی بەیـانی بـوو. ئێمە لەسەر ئاوەکە بوین قاچمان لە ئاوەکەدابوو دوربینێکمان پێ بوو هەر لە خۆرا سەیری ئەمبەر و ئەوبەرم دەکرد، سێ نەفەرم



سەرچاوە
Serchawe

بەرچاو هاتن، تفەنگیان پێ بوو گوتم: مەلا عەزیز ئەوە جاشن!!!

مەلا عەزیز گوتی: ئەوە کوێرا تۆ جاشت پەیدا کرد؟ دووربینەکەی لێ وەرگرتم و خۆی سەیری کرد و گوتی: ئەرێ وەڵا عەبدوڵڵا ئەوە جاشن.

لەو ماوەیەدا محەممەد کە بریندار ببوو بەحاڵ هۆشی هەبوو. جێگایەکمان بۆ سازکردبوو لەوێدا ڕامانکێشابوو. من گوتم هەستن با بڕۆین، شەریفزادە گوتی: ناڕۆین ئێرە باشترە، لێرە نامانبینن. ئەگەر بڕۆین تازە درەنگە و ڕەنگە ئاشکرا بین. دەبێ لێرە خۆمان حەشار دەین. ئیتر کەس هیچی نەگوت و لەوێ ماینەوە.

هێندەی پێ نەچوو لە هەردوو لاوە وەک خیز و خۆڵ گوللە بەسەرماندا هات. کە گوللە هات بەسەرماندا شەریفزادە و حوسێن پێکەوە، چوونە قووڵکەیەکەوە وەک قووڵکە خەڵووز بووبێت، پڕبووبێتەوە وابوو.

ئەمن و عەلیش لە جێی خۆمان نەجووڵاین، قاچمان لەنێو ئاوەکەدا بوو، ئیتر تەقە دەستی پێ کرد. ئەمن و عەلی ڕاستەوچەپ ڕاوەستاین؛ عەلی سەری لەبەری دارێنە بوو من سەرم لەبەری پەڕشەی بوو. بییەک بەسەر ئاوەکەدا ڕووخابوو، عەلی سنگی دابووە سەری و تەقەی دەکرد. ئەمن هەر لە یەکەم دەستڕێژی لێمان کرا، ڕانم گوللەی وێ کەوت؛ بەڵام هێسکی نەگرتبوو. هەر ئەوەندە شلکەی ڕانی ڕاستمی گرتبوو و دەرچووبوو. گوللەش کە وە خیز و بەردی چۆمی کەوتبوو هەموو هەڵبەزیبۆوە وەک پریشکەی گوللە چۆنە ئاوا سمتم بە پریشکەی خیزەشینی چۆمی کون کون ببوو، خوێنی لەبەر دەڕۆیی. ئەمن تفەنگەکەم لە یەکەم تەقەدا گوللەی تێ گیرا و کاری نەکرد. هێندەی خەریکی تفەنگەکە بووم، بۆم چاک نەبوو. بەڵام لەو کاتەدا محەممەدی ئەستێ مەنگوڕ بە حاڵ هۆشی بوو کە ئەوەی دیت، گوتی عەبدوڵڵا تۆ تفەنگەکەی من هەڵگرە و من تەفەنگەکەی ئەوم هەڵگرت، لەگەڵ تفەنگەکە دوو بەستەی فیشەکیش بۆ فڕێ دام کە پێم بێت.

لەو ئانوساتەدا عەلی بانگی کردم گوتی: عەبدوڵڵا نەترسی نەڕۆی گوتم: بۆ کوێ دەڕۆم بەڵام بریندار بووم. گوتی: کوێتی گرتووە. گوتم: هیچ نییە بەو خیزە شینە بریندار بووم. عەلی تفەنگەکەی برنوویەکی کورتی پێ بوو. ئەمن تفەنگەکەم ۱۱ تیرێکی هۆڵەندە بوو.

یەکەم جار کە مامۆستا ئاوارەم دیت، مامۆستا ئاوارە پرسیی شەریفزادە ئەو کوڕە لەگەڵتە کێیە؟! شەریفزادە گوتی ئەوە عەبدوڵڵایە!!! خەڵکی بانەزێڕە وپێشمەرگەی بانەیە و تاقە پێشمەرگەی بانەیە. ئەوەیش فەرمووی وەڵاهی چون تاقە

پێشمەرگەیە ئەو تفەنگەی بە دیاری دەدەمێ ، تفەنگێکی دار زەردی هۆڵەندی بوو ١١ تیری دەخوارد.

شەریفزادە تفەنگی سیمۆنۆفی پێ بوو. حوسێنی ڕەحمان ڕابی، تفەنگێکی برنووی کورتی پێ بوو، محەمەد و عەلیش هەر وا تفەنگێکی برنووی کورتیان پێ بوو. کوێخا شەریفش هەر تفەنگێکی برنووی کورتی پێ بوو.محەمەد هۆشی تەقەی نەبوو سەعات زیاتر تەقەمان کرد.

عەلی گوتی: ئایش عەبدوڵلا گیان؛ گوللەیەک هاتبوو ڕاست چووە زاری عەلییەوە و عەلی هەر ئەوەندی گوت و تەواو بوو. ئەمن لێی چوومە پێشێ و چەند جارم ڕاژاند و بانگم کرد، دەنگی نەبوو عەلی شەهید ببوو.

ئەمن بریندار بووم، عەلیش شەهید بوو. شەریفزادە ئەوەندی بڵێی دوو سەد میتر لێمان دوور بوو، ئەو بەوەی نەزانی کە ئەمن و عەلی ئاوامان بەسەر هاتووە، ئیتر بەین بەین تەقە دەکرا و بەین بەین تەقە بێ دەنگ دەبوو.

ڕۆژ بەرەو ئاوابوون بوو. بەتەمای ئەوە بووین کە ڕۆژ ئاوا بێت و دەرچین. ئەوانیش بۆ ئەوەی دەرنەچین ئەو جار نارنجۆکی دووکەڵیان پێوەناین و دووکەڵێکی سەیر ساز بوو. نارنجۆکێ لەپەنا من لە ئاوەکە کەوت بەڵام من هیچم لێ نەهات. هەر چەقە دووکەڵێک سازبوو، دووکەڵێکی سەیر بوو چاوچاوی نەدەدیت. سێ، چوار دانە نارنجۆکی دووکەڵیان هاویشت. هەتا دووکەڵەکە ڕەوییبۆوە، ئەوان لێمان نزیک بوونەوە، دیسان دەستیان کرد بە دەستڕێژ و تەقە کردن و ئێمەش دەستمان پێ کرد، لەو کاتەدا نەفەرێک لەوان کە دواتر زانیم ئەحمەد دارەبەن خەڵکی مەریجەڵان بوو، کوژرا.

دیسان دەستیان کرد بە دەستڕێژ هەر سەیر بوو. ڕەگباریان دەکرد ئەمبەراوبەر نازانم بە چی تەقەیان دەکرد. چەند گوللە لە تەنیشتی منی دا ئەگەر سەیرم کرد ئەو ڕەگبارەی کە چەند گوللەی وەتەنیشتی من کەوتبوو، شەریفزادە و حوسینی ئەنگاوتووە و شەریفزادە کە ئەنگێودرا گلۆر بۆوە بۆ نێو چەمەکە و کەوتە نێو ئاوەکەوە، بەڵام حوسێن هەر لە جێی خۆیدا شەهید بوو.

ئیتر ماینەوە من و محەمەد. من لە محەمەد دوور کەتبوومەوە، پاشان زانیم کە محەمەد هەر بەو برینەی گوللەکەی کوێخا شەریف هێندەی خوێن لەبەر ڕۆیوە، ئەویش شەهید بووە. نەمزانی چ بکەم هێندێ تەقەم کرد، هەر جارێ بە لایەکدا دەمگوت، با بڵێن زۆرن، پاش قەدرێک ڕاوەستام و بیرم کردەوە وا باشە خۆم بە دەم ئاوەکەوە بدەم و ئاوەکە هەم لێل بوو هەم سارد بوو، ساڵ نێوەراستی بەهار بوو. ئاوەکە قوڕاو بوو و بەفراو و قوڕاوی بەری مەریجەڵان بوو. ئاوەکە لێل و سارد

بوو، هەرچی کردم نەموێرا خۆمی لێ دەم، دەترسام ئاو بمبات.

وەک ئەوەی کەسێک پێم بڵێت لە بەر خۆمەوە گوتم با کڵاو و جامانەکەم دەم ئاوەکەدەم. کڵاوجامانەکەم دەم ئاوەکەدا و گوتم ئەگەر تەقەیان کرد ئەوە خۆم ناچم بەدوویدا، ئەگەریش تەقەیان نەکرد ئەوە خۆشم دەچم بەدوویدا کڵاوجامانەم دەم ئاودا، هێندەم لێ دوور نەکەتبووەوە، دایانگرت و بوو بە قاوەقاو هەر دەتگوت ڕاوە بەرازە.

لەپەنا منەوە، گۆمێک هەبوو دیاربوو کە کاتی خۆی کەندەڵانی گۆمەکە هەرەسی کردووە، گابەردێک هاتبووە ناوی و دارە بییەک شۆڕابەی کێشابووە سەری. چرپی وچاڵێکی زۆر بەو دارە بییەوە گیرسابۆوە. تفەنگەکەم بەدەستەوە گرت و خۆم گەیاندە گۆمەکە و دەستم بە پەلە بیەکە گرت و گۆمەکەم تاقی کردەوە، قاچم نەدەگەیشتە ئەرزی. دیاربوو قووڵ بوو. تفەنگەکەم بە پەلە بییەکە داکرد و خۆم مات کرد، لەبەر خۆمەوە گوتم قامیشێک پەیدا دەکەم و لە دەمی دەخەم و خۆم نوقم دەکەم بەو قامیشێک نەفەس دەکێشم. لە چرپیوچاڵەکەی کە بەدارەبییەکەوە گیرسابۆوە قامیشێکم پەیدا کرد، چوومە بن چرپیوچاڵەکە و جارجارە قامیشەکەم لە دەمم دەنا و سەرم نوقم دەکرد و جار جار سەرم دەردێنا و ئیتر ئاوا چاوەڕێ بووم شەو دابێت و ئەوان بڕۆن، قەدرێکی پێ چوو پەیدا بوون بەڵام بەرەولای من نەهاتن و گەڕانەوە مەیتەکانیان کۆکردەوە و هێندێکی تری پێ چوو، دەنگە دەنگ بڕا و ئیتر وڵات تەواو تاریک داهات.

پاش تەواو بوونی دەنگەدەنگەکە، کەس نەما پاش ئەوەش کە دەنگە دەنگ بڕا، ئەمن دەترسام کە کەسیان بەجێهێشتبێ بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو خەڵک هاتنە شوێنەکە خەڵکەکە بگرن. بۆیە هەر نەمدەوێرا لە گۆمەکە بێمە دەرێ، قەدرێکی تر ڕاوەستام و پاشان لە ئاوەکە هاتمە دەرێ. هەموو گیانم تەزیبوو. بەناچاری وردە وردە بە هەر چنگەگرکەیەک بوو سەرکەوتم بەرەو شاخی هەڵۆیان. هەتا ئەوێ بە چنگەگرکێ ڕۆیشتووم. تەشبیهات نەبێت، وەک حەیوان.

گوتم دەچمە دێی هەڵۆی؛ لەوێ دەچمە ماڵی حاجی شەریفی هەڵۆ؛ ئەو حیزبی بوو. پاشان بە هەر چەشنێک بوو لیباسم داکەند و گوشیم و دواتر لەبەرم کردەوە و وردە وردە خۆم گەیاندە دێی هەڵۆی. لەوێ دێبەرێکی لێ بوو لە دێبەرەکە، خۆم مات کرد، کە گوێم دایە سەگوەڕێکی سەیر بوو، زۆر قەرەباڵغ بوو گوتم: بەخودا ئەوە جاشەکان لەوێن بۆیە نەچوومە نێودێی هەڵۆی و گەڕامەوە. چووم بۆ دێی پەڕشەی. ئەو وەخت کوێخا ڕەحمان لەوێ بوو. بەتەمای ئەوە بووم بچم بۆ ماڵی ئەوان، ئەویش حیزبی بوو. کە گەیشتمە قەراغ پەڕشەی ئەویش هەر بەو دەستوورە سەگوەڕ و قەرباڵغ بوو گوتم بەخودا جاشەکان لێرەشن ئیتر نەچوومە نێودێ و گەڕامەوە ڕووم کردە بناویلە کۆن.

ئەوجار گوتم دەچم بۆ بناویلە کۆن. گەیشتمە سەر ڕێی بانەزێر- هەڵۆیە و لەوێوە چوومە سەر ڕێی بناویلە کۆن و سەگەلم لێ پەیدا بوو. تووشی کەرتە مەڕێک بووم نەمزانی مەڕەکەی هی کوێیە. شوانەکە هاوارای کرد، هەی بیگرە، هەی بیکوژە، دەنگی شوانەکەم ناسی؛ هاوارم کرد وەرە من ئاشێرم وەرە با ئەو سەگانە نەمگرن، شوانەکە خەڵکی بناویلە کۆن بوو.

شوانەکە هات و ئەگەر هات عەزیزی کوێخا مینە بوو، کە هاتە پێشێ دیتمی دەستی کرد بەگریان هێندێ دڵخۆشیی عەزیزم داوە و گوتم ببمبە نێو دێ. پاشان کاعەزیز، هاواری لە ئاوەڵشوانەکەی کرد. گوتی ئەمن هەتا ماڵێ دەچمەوە، لەگەڵ ئەو چوومەوە. ماڵەکەی لە بناویلە کۆن بوو. لەوێ نانم خوارد هێندێ پێ چوو. لە ماڵی عەزیز قەدرێک لەسەرخۆچووبووم. پاشان وەهۆش هاتمەوە؛ گوتمە عەزیزی ئەمن دەڕۆم بەڵام پاتۆڵێکم بۆ پەیدا بکە. جلەکانی خۆم دەستێ ڕەنک و چۆغەی سوور بوو. بە خەلات وەرمگرتبوو. بەڵام گوللەکە دایتەکاندبوو. بۆ لەبەرکردن نەدەبوو، هێندەش بە قوونە خشکێ ڕۆیشتبووم، تەواو تێکچووبوو.

عەزیز پاتۆڵێکی دامێ و پاتۆڵەکەم گۆڕی و پاتۆڵەکەی خۆمم بەدەستەوە گرت. هێنامە خوارێ لە چەمی "کۆدەڵە" دەم ئاوەکەم دا بە عەزیزم گوت، لەگەڵم وەرە بۆ کاولان بەشی هەورازە.

لەوێ دۆستێکی حیزبی لێ بوو بەناوی "حەسەنی ڕەسوڵی مینە". ئەو دەستی دوکتوری و شتی وای هەبوو. عەزیز هەتا بەرماڵانی کاولان هات لەگەڵم و لەوێ گوتم، جا کاکە ئەتۆ بگەڕێوە، یەکمان ماچ کرد و گەڕاوە و گوتم باسی هیچ مەکە. ئەمنیش چوومە ماڵی کا حەسەن هەتا گەیشتمە ئەوێ ڕۆژ بووەوە. ئیتر لەوێ کاک حەسەن ڕایکێشام برینەکەی ڕانمی کردەوە یەک لیوان ئەلکۆلی چراتۆری تێ کرد.

ئەلکۆڵەکە برینەکەی برژاندمەوە ئەو ڕۆژە لەگەڵ کا حەسەن چوومە جووتی، لە بینی دێی دەنکێ و کاولان سەعاتێکی ڕۆژ مابوو. گوتم: کاک حەسەن ئەمن دەڕۆم بۆ بانەزێڕە. بەرەو بانەزێڕە وەڕێ کەوتم و چووم بۆ مووچەی خۆمان، لەوێ گەوەڕێکی ماڵی مامی لێ بوو. چوومە گەوەڕەکەوە و لەوێ سەرمام بوو، ئاورێکیم کردەوە و هێندێ خۆم پێ گەرم کردەوە. کاکەکەم لەوبەری گەوەڕەکە جووتی دەکرد کە ئاورەکەی دیتبوو، هات بۆ لام. هەتا لێم نزیک نەبۆوە، نەمزانی. کاکەم هات و باوەشی پێداکردم و دەستی کرد بەگریان و ئیتر لەگەڵ ئەو ڕۆیشتمەوە هەتا نێوشەخسەکەی بانەزێڕێ. [دەکەوێتە ٢ کیلومیتری گوندی بانەزێر] و لەوێ بە کاکەمم گوت ئەتۆ بچۆوە بە نەفەرێکدا هێسترێک و نانم بۆ بنێرە و خۆت مەیەوە. من چوومە نێو شەخسەکەوە و خۆم مات کرد و کاکەم ڕۆیشتەوە نان و هێستری بۆ ناردم و نانم خوارد و سواری هێستر بووم. چووم بۆ شەمۆلێ و لەوێ چووم بۆ ماڵی "برایمی مام وسوو" ماڵی کاک برایم لە شەمۆلێ بوو. کاک برایم حیزبی بوو،

زۆرکەسی تری لێ بوو. وەک "مامۆستا مەلا ساڵەی باریکان"، "برایمی مام وسوو"، "حەمە ئاغا شندڕان" و "مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای شەمۆلێ". جەماعەتێکی زۆری لێ بوون و ئەوانە هەمووی خەڵکی دێیەکە بوون؛ هەموو کەسی باش بوون، حیزبی بوون.

لە شەمۆلێ تفەنگەکەیان لێ وەرگرتم و ولاخیان بۆ پەیدا کردم و بەڕێیان کردم بۆ بەری گەورکان. لەوێ لە گوندی گەنمان کە دەکەوێتە پشتی موسێ، دەوری هەفتەیەک لەوێ بووم و دەرمانیان کردم و چاوەڕێی کاک عەبدوڵڵای موعینی و ئەوان بووم، هەتا شەوێک هاتن لە دوومان بردیانین بۆ نێوان کانییەڕەش و سوێناسێ. لەوێ لە کونە شاخێک بووین. بە ڕۆژ دەهاتینە دەرێ. ئیتر نەفەرێکم لەگەڵ بوو پێشمەرگەی خۆمان بوو؛ منی دەرمان دەکرد. لە دێی گەنمان کابرایەک بەناوی "عەولای ساڵە عەباس" خودا عافووی کات، نەماوە، کابرایەکی حیزبی بوو، زۆری یارمەتی دام. پاش ئەو مانگە سەرخۆ کەوتمەوە و دەمتوانی بگەڕێم. پاش ئەوە ڕۆژێکی هاتمەوە شەمۆلێ و لەوێ تفەنگەکەم وەرگرتەوە و چوومە دیوی گەورکان و لەگەڵ پێشمەرگە کەوتمەوە...

## سەرچاوەکانی بەشی یەکەم


ئاڵ مکۆک؛ غەنی بلوریان

وتاری دکتور قاسملوو لە کۆبوونەوەی گشتیی ئاپریلی ١٩٨٩

ئەحمەد تۆفیق؛ حامید گەوهەری

بیرەوەرییە سیاسییەکانی ئەمیر قازی

وتووێژ؛ بیرەوەرییە سیاسییەکانی سەید عەلی ڕەحمانی

بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامی

مرکز اسناد تاریخی/ساواک



سەرچاوە: گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە ژمارە ٥٢ ساڵی بیست و یەکەم هاوینی ٢٧١٩



سەرچاوە
Serchawe

# بەیاننامەی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد

## بە بۆنەی ١٢ی بانەمەڕ، ڕۆژی خوێندکاری کورد




٥٥ ساڵ پێش لە ئێستا قۆناغێکی گرینگی مێژوویی و وەرچەرخانێک لە بزووتنەوەی ئازادیخواز و رزگاریخوازی کورد لە ئێران هاتە ئاراوە. لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاویدا، چەخماغەی ڕاپەڕینێکی چەکداری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لێدرا و جووڵانەوەیەک هاتە ئاراوە کە گیانێکی نوێی خەباتگێڕانەی بە بزووتنەوەی کورد و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەخشی.

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی هەتاوی،سەرەڕای کورتیی تەمەنی کە تەنیا ١٨ مانگی خایاند و، هەروەها و سنووردارບوونی جوگرافیاکەی، بە قوناخێکی گرینگ و شوێندانەر لە مێژووی حیزبی دێموکرات دێتە ئەژمار.لەگەڵ ئەوەی کە بەشی زۆری ڕێبەرانی ئەم جولانەوەیە گیانیان پێشکەشی خاک و خەڵی کوردستان کرد، بەڵام کاریگەرییەکانی ئەو جووڵانەوەیە تا ئێستاش لەسەر بیرو ئەندێشە و ئیرادەی خەباتکارانی سیاسیی کورد بەردەوامە.

لە دەیەی ٤٠ی هەتاویدا خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران بە تایبەتی زانکۆی تاران، یەکیەتی خوێندکارانی کوردیان دامەزراند. هەر لەو سەردەمەدا بە هاتنەئارای بیری ئازادیخوازی و دادپەروەری،بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان بە هۆی هۆشیاریی گەلان سەریان هەڵدا کە بە هۆی ئەم شەپۆلە فکریانە و هەروەها بارودۆخی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێر کاریگەریی هەڵوێستی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان ڕاپەڕینی چەکدارانەی تێکۆشەرانی دێموکرات لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ هەتاوی لە چیاکانی کوردستان سەریهەڵدا.

لە نێو ڕێبەرانی فکریی ئەم جووڵانەوەیەدا سمایل شەریفزادە ناوێکی دیار و بەرزە. ڕۆڵ و بەشداریی کاک سمایل شەریفزادە وەکوو خوێندکارێک لەم خەباتەدا هاوشان لە گەڵ هاوسەنگەرانی دیکەیدا مانا و پێناسەیەکی گرینگی بەم قۆناغە لە مێژووی خەباتی گەلەکەمان بەخشی و بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بوون بە سێمبول و ئیلهامدەری خەبات و تێکۆشان.

خەباتی نەتەوەخوازی و ڕزگاریخوازانەی بزووتنەوەی کورد لە قۆناغە جیاجیاکانی خۆیدا لە هەبوونی توێژی خوێندەوار و رووناکبیر بێبەش نەبووە و لە زۆربەی شۆڕشەکاندا ڕۆڵیان هەبووە و ئاڵا هەڵگری بیر و باوەڕە باوەکانی سەردەمی خۆیان بوون کە شەهیدان؛ سمایلی شەریف زادە، د. قاسملوو، د. شەرەفکەندی و سەدان خوێندکارو رووناکبیری تر لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا لە کاریگەرترینیان بوون.

ئێستا کە لە ڕۆژی خوێندکاری کورد و ساڵرۆژی شەهیدبوونی کاک سمایل شەریفزادەدا لە دەوری یەک کۆبووینەتەوە، لە ئێران و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژ نییە خوێندکاران و لاوان بە بیانووی جۆراوجۆر گوشاریان نەخرێتە سەر، ڕەوانەی بەندیخانەکان نەکرێن و لە مافی خوێندن بێبەش نەکرێن. ڕۆژانە شاهدین و دەبینین کە مامۆستایان و خوێندکاران دژ بە دەسەڵاتی سەرەڕۆ و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی ئێران ناڕەزایەتی دەردەبڕن و زانکۆ و قوتابخانەکانیان کردۆتەوە بە سەنگەری بەرەنگاری و کۆڵنەدان.

ئێمە خوێندکاران و خوێندەوارانی کورد لە یەکێتی نەتەوەی خوێندکارانی کورد، وێڕای دووپات کردنەوەی پەیمان و بەڵێن لە گەڵ یادوبیرەوەریی کاک سمایل شەریفزادە، بە چاوی هیواو هومێدەوە دەڕوانینە خەبات و تێکۆشانی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکان و هەر لەم بۆنەدا، سڵاو دەنێرین بۆ ئیرادەی پۆڵایینی مامۆستایان کورد لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەمڕۆژانە یەکگرتووانە وێڕای داکۆکی لە مافە سینفییەکانی خۆیان، بەرانبەر بە پرسی نەتەوایەتیی نەتەوەکەشمان داکۆکیکار و لێبڕاون.

لە یادی ٥٤ ساڵەی شەهیدبوونی کاک سمایل شەریفزادە، سەمبولی خوێندکاری بەهەڵوێست و خاوەن ئیرادەی کورددا؛

سڵاو لە خوێندکارانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
سڵاو لە مامۆستایانی بەهەڵوێست
سڵاو لە یاد و ناوی شەهید سمایلی شەریفزادە



سەرچاوە
Serchawe

بەرز و پیرۆز بێت ڕۆژی خوێندکاری کورد

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد

بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی مای ٢٠٢٢

## پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد




**یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ١٢ی بانەمەڕ، ساڵرۆژی شەهیدبوونی "سمایل شەریفزادە" و ڕۆژی خوێندکاری کورد پەیامێکی بڵاو کردەوە.**

**دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:**

٥٤ ساڵ پێش ئێستا لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، شەهید "سمایلی شەریفزادە"، خوێندکاری دەروەست و بەهەڵوێستی کورد و ڕووناکبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لەگەڵ چەند پێشمەرگە و هاوڕێی حیزبی لە کاتێکدا لە ناوچەی بانە لە گوندی دارێنەی سەروو، لەلایەن سیخوڕێکی ڕێژیمی شا بەناوی کوێخا شەریف ڕاپۆرت دران و پاشان بەربەرەکانی لەگەڵ ٣٠٠ ژاندرام و ئەمنییەی ڕێژیم لە کۆتاییدا گیانی لە پێناو ڕزگاریی کورد و کوردستان بەخت کرد و دواتر تەرمەکەی لە گۆڕستانی تایلەی شاری سنە بە خاک ئەسپێدرا.

شەهید "ئیسماعیل شەریفزادە" کە وەکوو هێما و سێمبۆلی خوێندکاری کورد ناسراوە و ڕۆژی شەهیدبوونەکەشی وەکوو ڕۆژی "خوێندکاری کورد" ناسراوە، لە ئێستاشدا خەبات و تێکۆشانی سەرباشقەی خەباتی پێشکەوتووخوازانەی توێژی خوێندەوار و خوێندکاری کوردە و وانەی خۆڕاگری و ئازایەتی لێ فێر دەبین.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی ئەو سەردەمە بۆمان دەردەکەوێت، کە لە دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی و بە

نەمانی دەسەڵاتی دوکتور موسەدیق، ئێران و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتەواوەتی میلیتاریزە کرابوو، هەر بۆیە گوتارە ڕزگاریخوازانەکان کە کپ کرابوون، دەبوونە هۆی پێکهێنانی ڕێکخراوی ڕادیکاڵە ڕاستەقینەکان بەتایبەتی لە زانکۆی تاران.

ئەو سەردەمە کە هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هزری چەپ لە زانکۆکاندا و بەتایبەتی نموونەی بەرخۆدانی چەپەکانی کوبا و ڤیتنام و هێژموونی یەکیەتیی سۆڤییەت و حیزبی توودە ببوونە هێمای بەرخۆدانی نێودەوڵەتی لە هەمبەر داگیرکاری و ئیمپریالیزمی پشتیوانیی وڵاتانی دیکتاتۆر.

با لێرەدا ئەوەش باس بکەین، کە سەرەکیترین هۆکاری دامەزرانی زانکۆی تاران لەلایەن ڕێژیمی پەهلەوی، تەڵقین و پاساوهێنانەوە بۆ پتەوکردنی دەوڵەت . نەتەوەی ئێرانی فارسی و تواندنەوەی باقی نەتەوەکانی دیکە و یەکدەستکردن و ڕەواییدان بە کولتووری نەتەوەی زاڵ و سەپاندنی بەسەر باقی نەتەوەکانی ئێراندا بوو، ئەویش لەژێر چەتری زانکۆ و ڕووناکبیریدا.

ئەو پاکتاوسازییە لە زانکۆکانی ئێران لەگەڵ میلیتاریزەکردنی شارەکان و بەتایبەت کوردستان هاوکات بوو، کە بە هێزی پۆشتە و پەرداختە و پڕچەکی سەربازی بە شێوەیەک کە ڕێژیمی پەهلەوی خۆی بە ژاندارمی ناوچەکە و دوورگەی هێمنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناودێر کردبوو، بە جۆرێک کە تا ئەو ڕادەیە هیوایەک بۆ گۆڕانکاری و ئازادیی گەلانی ئێران نەمابوو، ساواک هەر جۆرە دەنگێکی بەرهەڵستکاری چەشنی ئێستای ئیتلاعاتی ئێرانی بە بیانووی تەناهی نەتەوەیی بێدەنگ دەکرد.
لە وەها بەستێنێکدا بوو کە شەهید "سمایلی شەریفزادە" لە بەرامبەر سیاسەتی ئاوێتەکردن و یەکدەستکردن و بە ئامرازکردنی زانکۆ و پێشێلکردنی مافی نەتەوەییی نەتەوەی کورد و چینە زەحمەتکێشەکانی نەتەوەکەی، بوێرانە و بیرمەندانە لە داگیرکەر ڕاسا و بناغەی سەنگەری بەرخۆدانێکی نوێی لە زانکۆی تاراندا بە هاوکاریی هاوڕێیەکانی داڕشت و ڕێکخراوی خوێندکارانی نەتەوەی کوردیان دامەزراند و بۆ خۆیشی وەک ئەندامێکی ڕێکخستنە نهێنییەکانی حیزبی دێموکرات لە زانکۆ هەر زوو کەوتە ژێر چاوەدێری و ئازاری سیخوڕانی ساواک.

شەهید سمایل شەریفزادە، کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد منداڵێکی چاوگەش بوو و بیری منداڵی لەگەڵ بیرەوەرییەکانی کۆمار تێکەڵ ببوو، ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی لە ناخدا زیاتر وروژا و ناچاربوو ڕاستەوخۆ لە زانکۆوە ڕوو لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان بکات و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە ڕێبازی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان لەبەر بکات و شۆڕشێک نوێژەن بکاتەوە کە لە دوای کۆماری کوردستان بە خاڵێکی زێڕینی دیکەی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران



سەرچاوە
Serchawe

دادەنـدرێت، بـۆیە بـە شۆڕشـی سـاڵەکانی ٤٦-٤٧ نـاودێر کـرا و دەسـەڵاتی پووشـاڵی و پێتـرۆدۆلاری ئەرتەشـی ئێـران و ئمپریالیزم تێک بشکێنێت.

هـەر ئـەو شـوێندانەرییەی شـەریفزادە، وەک خوێنـدکارێکی کاریزمـا و رێبـەری شـۆڕش بـووە هـۆی ئەوەی کە یـەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، ١٢ی بانەمەڕی وەک ڕۆژی خوێندکاری کورد ناودێر کرد و ڕێـرەوی خوێنـدکاری کـوردی لـە خوێندکاری ئێرانی جیا کردەوە، وەک چۆن هەڵوێستی شەریفزادە ئەو ڕاستییەی دەرخست کە کێشەی کورد لە ئێرانـدا کێشـەی نێوان نەتەوەی زاڵ و داگیرکەر و نەتەوەی خاک داگیرکراوی کوردە، نەک شتێکی دیکە.

## خوێندکاران و جەماوەری بەهەڵوێستی ڕۆژهەڵاتی کورستان!

هـەروەک ئاگـادارن ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران وەک میراتگرێکـی دواکـەوتووی و دیکتاتۆرییـەتی ڕێژیمـی پەهلـەوی، بەهـەمان شـێوە دژی مـافی نەتـەوایەتیی نەتـەوەکانی ئێـران و خوێنـدکارانیان لـە زانکۆکـان دەجووڵێتـەوە و سیاسـەتی ئاسـیمیلەکردن و ئاوێتـەکردنی ئـەتنیکی و زمـانی و دوورخسـتنەوە و دەرکـردن و بەنـدکردنی خوێنـدکارانی بەرهەڵسـتکار و چاوکراوەی گرتووەتە بەر، بە شێوەیەک کە سیاسەتی بەرنامەگەرایی و دابەزاندنی کواڵیتی خوێنـدن و بـە ئەمنییـەتیکردنی کەشی خوێنـدن و هـەڵاواردنی ئـەتنیکی و جێنـدەری و بڵاوکردنـەوەی مـادەی سڕکەرەکان، کەڵکـاژۆ لـە بورسـیەی خوێنـدن بـە مەبەسـتی نـاردنی مـۆرە هـەواڵگرییەکانی خـۆی بـۆ وڵاتـانی ڕۆژئـاوا بـە مەبەسـتی کـاری تیرۆریسـتی و دزینـی زانیـاری تاقیگەکانی زانکۆوە پێشکەوتووەکان، تەنیا بەشێکی بچووکن لە دۆخی زانکۆکان و خوێندکارانی ئێران لە ئێستەدا.

لـە چەنـد سـاڵی ڕابـردووەوە بـە هـۆی سیاسـەتی تیرۆریزمـی نێودەوڵـەتی کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران و ئابلۆقـەی وڵاتـانی ڕۆژئاوایی، دۆخی ئابووری وڵاتی ئێران تێک چووە و لە لێواری دارماندایە، ئـەو دۆخە کاریگەریی لەسـەر کەشی خوێنـدنی بـاڵا بـووە، بەشێوەیەک کە مووچەی مامۆستایانیان بۆ دابین نەکراوە و بۆ قەرەبـووی تێچووی خوێندنگەکان شـەهرییەی خوێندکارەکانیان لە ناکاو چەند قات زیاد کردووە، کە ئەم دۆخە جگە لەوەی دژی یاسای بنچینەیی ئێرانە هاوکـات بووەتـە هـۆی ئـەوەی کە بەشێکی زۆر لـە خوێنـدکاران لـە خوێنـدن دابـبڕێن و لـە بەرامبـەردا مامۆسـتایان لـە سەرتاسـەری ئێـران و بەتایبـەتی کوردستان دەستیان داوەتە گردبوونەوە بە دژی ئـەو سیاسـەتە، دیـارە لێـرە شایەنی ئاماژەپێدانـە کە دروشمی مامۆستایانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو کرماشان، سنە، مەریوان، سـەقز، مەهاباد و ورمێ تـەنیا دابینکردنی مووچـە نـەبوو، بـەڵکوو داواکردنـی خوێنـدن بە زمـانی کـوردی و ئـازادکردنی مامۆسـتایانی زینـدانی بـە تۆمـەتی سیاسـی و ئەمنییەتی بوو کە ئەوەش جێگای سەرنج و تێڕامان و شانازییە.

هەر لێرەوە سڵاو و پشتیوانی خۆمان بۆ هەموو مامۆستایانی کوردستان دەردەبڕین و پێیان ڕادەگەیەنین کە هەڵوێستان داهاتووی نەتەوەکەمان  دیاری دەکات.

لە وەها هەلومەرجێکدا یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، خوی بە داکۆکیکاری مافی خوێندکارانی کورد و مامۆستایان دەزانێت و بە مەبەستی وشیارکردنەوە و پێشگیری لە بەلاڕێدابردنیان و ڕێکخستنیان بە مەبەستی ڕووخانی دەسەڵاتی تاران و دابینکردنی داهاتووی گەش بۆ نەوەکانمان هەوڵی خۆی وەگەڕ دەخات.

هەر بۆیە لە ڕاستای ڕزگاریی کورد و کوردستان، لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە دەیان خوێندکاری بەهەڵوێست و بوێر پەیوەستی ڕیزەکانی شۆڕش بوون و لەوانەش تا ئاستی ڕێبەرایەتی گەیشتوون و تەنانەت چەندین ئەندامی یەکیەتیی خوێندکاران، لە نێو ڕێزەکانی شۆڕشدا شەهید کراون کە پێویستە لێرەدا یادێک لە شەهیدان: ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی، ڕەسووڵ محەممەدزادە، هێمن مەولانژاد، فاروق حەسەنخەیات، سەلاح نادری، سامان شێوەسەڵی و سەرجەم خوێندکارە ڕزگاریخوازەکانی کورد بکەین کە لەپێناو ئازادی و دێموکراسیدا گیانی خۆیان بەخت کردووە.

یادو ناویان بەرز و پیرۆز بێت  هزر و ئەندێشەیان لە یادمان هەمیشە کەسک و قەڵەمیان لە دەستماندایە تا گەیشتن بە ئامانجە  پیرۆزەکانیان.

سەرکەوێت شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کورد

سەرکەوێت خەباتی پێشکەوتووخوازی خوێندکاران

نەمان بۆ داگیرکەرانی دواکەوتوو

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان


١٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٢ی کوردی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا  -  ڕێکەوتی: ١٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## دوو شێعر لەژێر بارستای یەک خەمدا.



**تاهیر قاسمی**

پێکهاتنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دواتر وەڕێخستنی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ – ٤٧ (١٩٦٧ – ١٩٦٨)، هومێدی زۆری وەبەر ئازادیخوازن و تێکۆشەرانی نێوخۆی کوردستان و ئێران نا. لەم نێوەدا ڕووناکبیران، ئەدیبان و شاعیرانی کورد، بە تایبەتیتر دڵیان بەو شۆڕشە بەست و هیوایان لە سەر دارِشت. دواتریش کە ئەم شۆڕشە چەکدارییە سەرکوت کرا و بەشێکی بەرچاو لە پێشمەرگە و ڕێبەرانی شەهید کران، خەمێکی قورسی بۆ کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردستان بەجێ هێشت. بەشێک لە ئەدەبی بەرگریی کوردی ڕۆژهەڵات لەو سەردەمەدا و لە پشتیوانیی ئەم شۆڕشە یان لە شینی شەهیدەکانیدا لەدایک بوو.


خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ – ٤٧، لە بەهاری ١٣٤٦ی هەتاوی (١٩٨٧)، بە گەڕانەوەی دەستەکانی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی پیرانشار، مەهاباد، سەردەشت و بانە دەستی پێ کرد. شۆڕشێک کە ئامادەکاریی پێویستی بۆ نەکرابوو. بەشێکی دەرەنجامی ناکۆکیی ناوخۆیی و گوشاری شۆڕشی ئەیلوول لە باشوور بۆ سەر ئەو بەشە لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان بوو کە خوازیاری سەربەخۆیی سیاسی و کردەیی خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات بوون. ئەوان کە لەباری سیاسیشەوە ڕوانگەی چەپ و سوسیالیستییان هەبوو، بە پێکهێنانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هێڵی سیاسیی خۆیان لە ئەحمەد تۆفیق وەک کەسی یەکەمی حیزبەکە و زۆرینەی ڕێبەریی حیزب جودا کردبۆوە. محەممەدئەمینی سیراجی، سمایلی شەریفزادە، مەلا ئاوارە، سالار حەیدەری، سنار مامەدی، فایق موعینی و عەبدوڵڵا موعینی لە ڕێبەرانی ئەم کۆمیتەیە و لە بەڕێوەبەرانی ئەم تێکۆشانە سیاسی ـ چەکدارانەیە بوون کە سەرجەم کەمتر لە ١٨ مانگی خایاند. لەو ماوەیەدا زۆربەی ئەندامانی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لەشەڕ لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمی پاشایەتی یان لەلایەن کاربەدەستانی شۆڕشی ئەیلوول لە باشوور شەهید کران. لەم نێوەشدا شەهیدبوونی سمایلی شەریفزادە داخێکی گرانتری بۆ هاوڕێ ئەدیب و خوێندەوارەکانی بەجێ هێشت.

سمایلی شەریفزادە ناسراو بە سمکۆ، ساڵی ١٩٤٢ لە شاری مەهاباد و لە بنەماڵەیەکی بازرگاندا لەدایک بوو. زۆر منداڵ بوو کە باوکی کۆچی دوایی کرد. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە مەهاباد و ناوەندیی لە قوتابخانەی ئەلبورزی تاران تەواو کرد و دیپلۆمی وەرگرت. لە بەشی ئەندازیاریی ئێلێکترۆنیک لە زانکۆی پیشەیی تاران درێژەی بە خوێندن دا. لە زانستگا لەگەڵ گروپە چەپ و مارکسیستییەکان ئاشنا بوو. وێڕای خوێندکارە کوردەکانی تر دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد. ساڵی ١٩٦١ لەلایەن ساواکەوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژ دەستبەسەر کرا. ساڵی ١٩٦٤ کە ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە کەوتنەوە بەر هێرشی ساواک، شەریفزادە ناچار بوو خۆی پەنا بدا. سەرەنجام لەکاتێکدا کە تەنیا چوار مانگی بۆ کۆتایی خوێندن مابوو، لەژێر گوشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی پاشایەتیدا دەستی لە خوێندن هەڵگرت و پەیوەست بە ڕیزەکانی پێشمەرگە بوو. وەک کادیرێکی سیاسی لە ڕیزی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا دەستی بە تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگانە کرد. لەگەڵ هاوڕێکانی دەستیان بە دەرکردنی گۆڤاری تیشک کرد کە سەرجەم سێ ژمارەی لێ دەرچوو. لە پەنا ئەوەدا کتێبی "بەرگرییەکانی خوسرەوی ڕوزبێهـ"یشی کرد بە کوردی. لە پێشەنگانی پێکهێنانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخەرانی خەباتە چەکدارانەکەی بوو. هەم وەک ڕێبەر و هەم وەک پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی ئەم خەباتە چەکدارییەدا بوو.



## شەهید سمایلی شەریفزادە

دوای چەندین مانگ خەباتی پێشمەرگانە، شەوی چوارشەممە ، ١ی مانگی مەی ١٩٦٨، شەریفزادە وێڕای چوار پێشمەرگە سەردانی گوندی دارێنە لە ناوچەی بانەیان کرد کە لەوێ لەلایەن جاشێک بە ناوی کوێخا شەریف ڕاپۆرتیان لێ درا. ڕۆژی دواتر، لە شوێنێکی نیزیک گوندی دارێنە مابوونەوە کە کەوتنە بەر هێرش و گەمارۆی هێزێکی زۆری ڕێژیمی داگیرکەری تاران. دوای بەرەنگارییەکی چەند سەعاتە، سەرەنجام سمایلی شەریفزادە و هاوڕێکانی؛ میرزا محەممەدی شادمانی، حوسێنی ڕەحمان ڕابی و عەلی عەولا کۆڵ شەهید کران و "ئالیاز" لە حاڵێکدا کە بریندار بوو، توانی خۆی دەرباز بکا. تەرمی ئەو شەهیدانە نەدرانەوە بە بنەماڵەکانیان و بە نهێنی لە گۆڕستانی تایلە لە کوچکەڕەشی سنە نێژران. دە ساڵ دواتر و لەبەرەبەری سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٩٨٧ی ئێران، هونەرمەندانی تێکۆشەری کورد پەیکەرێکی واتاداریان بۆ گڵکۆی ئەو شەهیدانە داڕشت. ئەوەش شاری سنەی زیاتر کرد بە قیبلەگای شۆڕش و کوردایەتی. بەڵام ئەو پەیکەرە هونەرییە تەنیا کاردانەوەی هونەر بەو کارەساتە و بە لەدەستچوونی سمایلی شەریفزادە نەبوو. بەر لەوەش، ڕەنگدانەوەی لە گەلێک شێعر و بابەتی دیکەی ئەدەبی و هونەریدا دانابوو. دیارە بەشێکی زۆری ئەو ڕەنگدانەوانە وەک پەیکەری قارەمانان لە سنە کە لە دۆخی نیوە ئازادی شۆڕشی ١٩٧٩دا خوڵقا، لێبڕاو نەبوون و لە ژێر هەڕەشەی دەسەڵاتی دیکتاتۆردا، پتر دەربڕینی بە هێما و ڕەمز بوون. لەم نێوەشدا بە تایبەت ناوی هاوار (عەلی حەسەنیانی؛ ١٩٣٩ لە تاران، ئێران – ١٩٩٢ لە کۆپنهاگن، دانمارک) و سوارە (سوارەی ئیلخانی زادە؛ ١٩٣٧ تورجانی سەقز – ١٩٧٦ تاران



سەرچاوە
Serchawe



**لە ڕاستەوە؛ کەسی چوارەم سمایل شەریفزادە، پێنجەم عەلی حەسەنیانی، نۆهەم حەمەدەمین سیڕاجی، کۆڕی خوێندکارانی کوردی زانستگای تاران**

(کە هەردوویان بە بناخەدانەرانی شێعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەناسرێن و هەر دوو هاوتەمەن، هاوڕێ، ڕەنگە لە بەشی مافناسی لە زانستگای تاراندا هاوپۆل و سەرەنجام لە باری سیاسییەوە هاوڕا و هاومەرام بوون، پتر دەدرەوشێتەوە. لەگەڵ ئەوان هەروەها ناوی "چاوە" (فاتیحی شێخولئیسلامی؛ ١٩٤٧ مەریوان — ) بەردەوام بەر گوێ دەکەوێ کە بە یەکەوە سێکوچکەی شێعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکدێنن. "چاوە" بە پێی تەمەنەکەی، ڕەنگە برێک درەنگتر، بەڵام لە گەڵ ئەوان خوێندکاری زانستگای تاران بوو. سمایلی شەریفزادە لە کۆڕی ئەو شاعیرانە و ژمارەیەکی دیکە لە خوێندکاران و قەڵەمبەدەستانی کوردی زانستگای تارانەوە هاتەدەر و چەکی پێشمەرگایەتی لەشان کرد. تا ئاستێک کە دەتوانین بڵێین لەنێو حیزبی دێموکرات و کۆمیتەی شۆڕشگێڕییەکەی و خەباتە چەکدارانەکەی ساڵانی ٤٦ — ٤٧ دا سمکۆ نوێنەری ئەوان و بە گشتی نوێنەری خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کورد بوو.

سوارە زیاتر لە ئەوانی تر شاعیری ئەو خەباتە چەکدارییە بوو. هەم شێعرەکانی بەناوبانگترن و هەمیش بەشی بەرچاوی شێعرە بەناوبانگەکانی، لەوانە؛ بانگەوازی پەنجەرە (؟)، خێڵی درۆ (١٣٤٧)، شەنگە سوار (١٣٤٧) و تەنانەت کچی بەیان (١٣٤٧؟) و خەوە بەردینە (١٣٤٩) بە ئیلهام لەو خەباتە چەکدارییە نووسراون. ئەو شێعرانە وێڕای شار (١٣٥٠) و تۆ دەریامی (١٣٥١) لە شێعرە هەرە بەرز و ناسراوەکانی سوارەن.



ریزی پشتەوە لە ڕاستەوە یەکەم سمایل شەریفزادە. دانیشتوو لە ڕاستەوە؛ چوارەم سوارە، پێنجەم چاوە

هاوار ئەگەرچی ژمارەی گشتیی شێعرەکانی لە هی سوارە پترن، بەڵام بە پێچەوانەی سوارە، کەمترین شێعری لەو ساڵانەدا نووسیوە. بە پێی "گوناه" کە کۆکراوەی شێعرەکانییەتی، ئەو شینەی کە بۆ شەهید سمایلی شەریفزادەی نووسیوە و مێژووی ساڵی ١٣٤٧ی بەژێرەوەیە، تاکە شێعری شاعیر لەو ساڵەدا و بە درێژایی ئەو سەرهەڵدانەیە. بەر لەو ساڵە و پێش لە نووسینی ئەو شینگێڕییەش، خەم و ناهومێدی بە سەر زۆربەی شێعرەکانی هاواردا جەڵغەی بەستووە؛ شاری خامۆشان (١٣٤٥)، کیژی خەم (١٣٤٥)، خەمبار )١٣٤٥ (و هەموو ڕەنگە (١٩٤٤) شێعرەکانی پێش سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە و پێش نووسینی ئەو شینگێڕییەن کە پڕن لە خەم و ناهومێدی.

سوارە شینگێڕییەکەی لەژێر ناوی "شەنگەسوار"دا نووسیوە و هاوار ناوی گشتیتری "گەلی هەژار"ی بۆ شێعرەکەی هەڵبژاردووە. لەبەرامبەردا، لەژێر تیتری شێعرەکەی هاواردا بە ڕوونی نووسراوە کە "بۆ شەهیدی نەمر سمایلی شەریفزادە (سمکۆ)"یە. لێ شەنگەسوارە گلاوەکەی سوارە بەڕواڵەت نادیارە. مرۆڤ تەنیا بە ساڵی نووسینەکەی (١٣٤٧) و ئەوە کە لەو

ساڵ و سەردەمەدا "کەوتنە بەر تەڵەزمی غار"ی هیچ سوارێک، ناتوانێ هیندەی شەهیدبوونی سمکۆ، کاری لە سەر هەستی ناسک و شۆڕشگێڕانەی سوارە کردبێ، دەمانگەیەنێتە سەر ئەو بڕوایە کە شەنگەسوار، بێجگەلە شینی شەهیدبوونی سمایلی شەریفزادە نییە.

سەبارەت بە ناوەرۆکی دوو شێعری بەر باس، هاوار شین بۆ گەلەکەی دەکا و بە"



تەرمی شەریفزادە و هاوڕێکانی؛ محەممەد شادمانی، حوسێن ڕەحمان ڕابی وعەلی عەولا کۆڵ

گەلی هەژار و خەمینم، لە زوڵمی بێگانە" دەست پێ دەکا بەڵام سوارە بە تایبەتی شین بۆ قارەمانی لەدەستچوو دەگێڕێ. هاوار، وەک باوی ناو خەڵک و وەک هاوارێک لەناو خەڵکەوە، لە دەست ئەم کۆستە سکاڵا بۆ خودا دەبا؛ "خودا چ زوڵمێکە؟!" یان "خودا هەڵێنەگری!". ئەو هەروەها شین بۆ شکانی سەرجەم شۆڕشەکە دەگێڕێ کە پێی وایە "هەوڵێک بوو بۆ نەمری". بەڵام بەشێک لە هۆکاری شکانەکە بۆ کەمهێزیی شۆڕشگێڕان لە حاند سپای دوژمن دەگەڕێنێتەوە. لەو سۆنگەیەشدا وەک ونبوونی نووری ئەستێرەی بەیانی لە حاند تیشکی بە هێزی خۆر یان بە بەفرێکی سەر چیا و کوێستان کە تاقەتی خۆڕاگری لە بەر گەرمای نییە، دەیشوبهێنێ:

**گەلی هەژار و خەمینم، لە زوڵمی بێگانە**
**لە گوێن سەهۆڵی سەر دوندی لەند و هەوشینان**
**کە تاقەتی نیە خۆ ڕاگرێ لەبەر گەرما**
**تواوە تک تک و ڕێی گرتە بەر بەرەو هیچی...**

**شەنگە سوار لە سەرەتاوە سۆراغی سواری لەدەستچووی دەگرێ. بە پێداهەڵگوتن بە قارەمانەکەی کە پەڕی سەری نیشانەیەکە لە ئازایەتییەکەی، دەرکەوتنی، هەڵاتنی وەبیر خۆر و ڕاپەڕینی وەبیر خەڵک دێنایەوە، وەسفی دەکا:**

**کوا شەنگە سوار**
**کە درەوشانەوەی پەڕی سەری ئەسپی**
**چاوێک بخاتە بیری تلووعێ؟!**

**پاشانیش بە تووک و نزا لەو سەرزەویەی کە سواری گلاند:**

**ئەی سەرزەویی پڕوپووچ**
**ئەی هەر هەناسەیەک**
**نەفەسی دواییت**

**سوارە لەخەمی لەدەستچوونی شەنگەسوار و پووکانەوەی ئەو هیوایەی لەسەر هەستانەوەی سواران هەڵیچنیبوو، تەنانەت سووڕان و بەردەوامیی ژیان بە کردەیەکی بەخۆڕایی و پووچ دەزانێ:**

**تەرمێ ئەچێ**
**ژنێ ژانی منالّی پیبا دێ**
**ئاخۆ هەموو ئەمە بوو ئەمبیست؟!**
**دامێنی ژینی ئادەمیزاد**
**هەڵناتەکێ لە منالّ**
**لە ژیانی کرچ و کالّ.**

شاعیر ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێ کە دەستیان لەسەر دەست دانا و بەهانای شەریفزادە و شۆڕش و شۆڕشگێڕانەوە نەچوون. درێژەی هەمان لۆمە کە پێشتر لە "خێڵی درۆ"دا بەیان کرا. هەست دەکا کۆمەڵگا سەرەڕای زاوزێ، هێشتا وەجاخ کوێرە یان لە کرچی و پێنەگەیشتوویدا ماوەتەوە. ئەم هەستە پڕ لە ناهومێدییەی شاعیر لە کۆپلەکانی دواتری شێعرەکەشدا دووپات دەبێتەوە. لە کۆپلەی دووهەمدا، شاعیر سەرەتا پڕمەی گریانی لاوان بە پڕمەی ئەسپی دوازدە سوارەی مەریوان دەزانێ کە هێمای گەیشتن بە ڕزگاری و ئامانجە، بەڵام کە دەزانێ ئەمە داخی لەدەستچوونی شۆڕش گریان بۆ مەرگی شەنگەسوار لەژێر "تەڵەزمی سماتەی غار"ی داگیرکەردایە، دیمەنێکی لێوڕێژ لە ناهومێدی و بێ هێزی پێشانی خوێنەر دەدا:



گڵکۆی شەریفزادە و هاوڕێکانی لە گۆڕستانی تایلەی کوچکەڕەشی سنە

کوا شەنگەسوار؟
وا کەوتە بەر تەڵەزمی سماتەی غار
ئاسمان ئەوەندە خۆڵەمڕە
قاز و قورینگ تەپ و تۆزاوین!
چەخماخەدانی هەوری نەزۆک

ئەستێ و بەرد و پووشوون
بە دەستی پیری لەرزۆک

**هاوار ئەم ناهومێدی‌یەی خۆی بە شکستی سروودی "ئەی ڕەقیب" و بێ ئاکامیی دروشمی "نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان" کە بۆ کوردێک نیشانەی ئەوپەڕی بێ ئاکامیی هیواکانییەتی، دەردەبڕێ:**

گەلێ کە دانەیی تۆپی زەمانە نەیدەشکاند،
لە ژێری باری گرانی گوناهی پێشینیان،
وەکوو وەنەوشەی ملکەچ لە ئاستی هێرشی با،
بەبێ ئەوەی کە بپاڕێتەوە و بناڵێنێ،
چەماوە، کۆم بۆوە..

لێرە هاوار سەرکۆنەی دوو لایەن دەکا؛ یەکەمیان پێشینیان و "باری گرانی گوناهیان" کە ڕوون نییە کە ئاخۆ مەبەست لە "پێشینیان" و گوناهەکەیان، هەما واتا باوەکەی باپیرانە کە وەک دوکتور قاسملووی شەهید دەڵێ؛ "ئەگەر پێشینانی ئێمە ئەرکی خۆیان بە درووستی بە جێ گەیاندبا، وەچەی ئێمە ڕەنگە شەهیدی نەدەبوو.." یان ڕووی لەو گوشارانەیە کە شۆڕشی لە پێشتری باشوور خستبوویە سەر خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵات و ئەوانی ناچار بە گەڕانەوە بۆ ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. دووهەمیان سەرکۆنەی ئەوە دەکا کە خۆی وەک "خادمی گەل" لە ریزی تێکۆشەراندا نیشان دەدا بەڵام خیانەتی لێ کردن و بوو بە "دوژمنی گەل. لێرەش دیسان جێگای پرسیارە کە ئاخۆ مەبەست لە "خادمێ" کە "بوو بە "دوژمن"، هەر "کوێخا شەریف"ە کە ئەگەرچی پێشتر لە ڕیزی تێکۆشەراندا بوو بەڵام ڕاپۆرتی لە شەریفزادە و هاوڕێکانی دا و دەستی لەگەڵ دوژمن تێکەڵ کرد یان نا مەبەست هەمان گوشارەکانی شۆڕشی باشووری کوردستان بۆ سەر تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات و دەرکردن و زیندان و کوشتنیان لەسەر داوا و دنەی دەسەڵاتی داگیرکەری پاشایەتی لە تارانە؟ لەو وادەی بەهار و بانەمەڕەدا، گەیشتنی ئەم هەواڵە وەک ئەوەیە کە شنە بە جێی بۆنی گوڵ، بۆنی ژەهر و سەمی بۆ شاعیر و هاوڕێکانی هێنابێ و کوێخا شەریف یان شۆڕشی باشووریش کە دەبوو یار و یارمەتیدەری شەریفزادە و هاوڕێکانی با، خیانەتی لێ کردن و دەستی خستە ناو دەستی دوژمنانی گەلەوە:

شنەی شەماڵی بەیانی کە بۆنی گوڵ دێنێ
لە بۆ مە تینی سەموومە، کە مردنی لە گەڵە
ئەوەی کە خادمی گەل بوو، دەهات و خۆی دەنواند،

لە بەختی ئێمە ئەوێستێ لە دوژمنانی گەلە...

بەڵام سوارە لە شەنگەسواردا لۆمەی خەڵکی دیکە ناکا بەڵکو لە کۆتاییدا بە توندترین شێوە سەرکۆنەی قسە زلی و دەستەوەستانی دەوروبەر و خەڵکی خۆیی دەکا کە دەستیان تا ئاستی پیرەڵۆک بوون بە ئارەقە، خستۆتە بەر پشتێند، دڵیان وەک هەمانەیەکی هەڵمساو پڕە لە هیچ، کەللەیان وەک زرکەتاڵە بەتاڵە، خوێن بە دەمارەکانیاندا گوزەر ناکا، تەنیا قسە دەکەن و هیچ کردەوەیان نییە؛

ئەمڕۆ هەر شەویلکە لە کارایە!
دەس پیرەڵۆکی ئارەقی بەر پشتێن!
دڵ هەمانەی کەلوانە!
سەر گڕکەتاڵە
دەمار بێخوێن!

سوارە بەشێکی زۆری ساڵانی کۆتایی تەمەنی بە نەخۆشی بردە سەر و دەست بە گۆچان دەڕۆی. بەڵام بەو حاڵەش حەولی دەدا بە کردەوە لە پشت ئەم شۆڕشە بێ و خوێنی تازە بخاتە ناو دەمارەکانی ئەو خەباتە چەکدارییەوە. ئەوەش جگە لە هەست بە بەرپرسایەتیی کردنی سوارە لەحاند شۆڕش، ڕەنگە لەسەر داوا و پێداگریی شەریفزادە خۆی بووبێ. گەرچی بەڵگەیەک لەو پێوەندی و نامەگۆڕینەوەی سمکۆ لەگەڵ سوارە و هاوڕێکانی لە زانکۆ، لەبەردەستدا نییە بەڵام سەرەداوی بۆچوون و داوایەکی ئاوا لە نامەیەکی بۆ دوکتور قاسملوودا بە ڕوونی خۆی نیشان دەدا؛ "ئەمڕۆکە تۆفانێکی بەتەوژم سەرانسەری وڵاتی گرتۆتەوە. هەموو لایەک بە ئۆمێدی بێپایانەوە دەڕواننە خەباتی نەتەوەکەمان و ئەگەر بێت و بەشێوەی عیلمی و دڵسۆزانە ئەم خەباتە بەڕێوە ببرێت، دڵسۆزان و تێگەیشتووان و پێگەیشتووانی سیاسی، ڕوناکبیران و شۆڕشگێڕان بێنە کایەوە و جڵەوی کارەکان بەدەستەوە بگرن، ئەوودەم داری هومێدی هەموو لایەک بەر دێت و نەتەوەکەمان بە ئامانجی خۆی دەگات.(١)" بەدوور نییە سمکۆ نامەی هاوشێوەی بۆ سوارە و هاوڕێکانی دیکەشی لە زانکۆ ڕەوانە کردووە و هەمان داوای بەرەوڕوو کردبنەوە. داوایەک کە وێناچێ وڵامی پێویستی وەرگرتبێتەوە. چونکە ئەم سەرکۆنەکردنەی کەسانێ کە هەر قسەی زلی بێ کردەوەیان هەیە، لە شێعری "خێڵی درۆ"شدا ڕەنگی داوەتەوە؛

...ئێوە:
کەی شێری چیان؟
بەردەماوخۆری تولە و گورگی گەڕن

قاقڕە گیانە هەوای بەرپشتێن
شۆڕەکاتێکە کوژەی خەڵفی دەست
زەلکەیە کۆڕەکەتان ئێوە زەلن
هەر بە بایەک ئەگرێن بێ دەربەست
کام بەیان بەر بوو لە بەندی شەوەزەنگ؟
کام کولەی شۆڕ بە نەفەستان لاچوو؟
مل بە بەرمووری وشەی ڕەنگاوڕەنگ!
کامە پێ کەوتە پیاسەی ڕێتان؟
ئێستە وا گرمە لە کێوان بەرزە
مێش ئەخاتە لەشی گا بوولەرزە
ئێوەن و ئێوەن و لۆکەی گوێتان
بەسیەتی... بەسیەتی
وا هات... وا چوو

ئەوە کە کام یەک لە "شەنگەسوار" و "گەلی هەژار" ئیلهامیان لە ئەویدی وەرگرتووە، ڕوون نییە. ئاشکرایە کە سوارە لە شێعردا لە دوو هاوڕێ شاعیرەکەی (چاوە و هاوار) سەرکەوتووتر بوو و لە نێوان ئەو دوو شێعرەشدا "شەنگە سوار" ناسراوتر و بە نێوبانگترە. بەڵام مەرج نییە پێمان وا بێ حەتمەن شوێنی شەنگەسوار بە سەر "گەلی هەژار"ەوەیە. دەکرێ پێچەوانە بێ. چونکە هەمیشە ئەوە چاکتر نییە کە شوێن لە سەر چاک دادەنێ و حاڵەتی پێچەوانە زیاترە. بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە کە هیچکامیان ڕاستەوخۆ شوێنیان لە سەر ئەویدی دانەنابێ و تەنیا نووسین لە ژێر قورسایی یەک تراژێدیادا (شەهید بوونی کاک سمایلی شەریفزادە و هاوڕێکانی) وای کردبێ کە منی خوێنەر بە خوێندنەوەی یەکیان، زوو ئەویدیکەم وەبیر بێتەوە. بە تایبەت کە شوێنی نووسینی شێعرەکەی هاوار شاری "ئەراک"ە و بەوەش وێناچێ دوو شاعیر لەو سەروبەندەدا لە لای یەک بووبن. گەرچی شەنگەسوار شوێنی نووسینی بەژێرەوە نییە.

بە کورتی ئەوەی ئاست و کێش و مەبەستی شەنگەسوار و گەلی هەژاری لێک گرێ داوە، هاوەمەرامی، تراژدیای شەهیدبوونی شەریفزادەی هاوڕێ و ڕێبەر و، شکانی شۆڕشە جێی هومێدەکەیانە کە تەنانەت شوێنی لە سەر لێک نیزیکیی کێشی خەماویی هەردوو شێعر داناوە و بارستای خەم تا ئاستی ناهومێدی و چەمانەوە، لەسەر شانی هەردوو شاعیر قورسایی دەکا.

## گەلی هەژار

### بۆ کاک سمایل شەریفزادە (سمکۆ)

### عەلی حەسەنیانی

گەلی هەژار و خەمینم، لە زوڵمی بێگانە
لە گوێن سەهۆڵی سەری دوندی لەند و هەوشینان
کە تاقەتی نیە خۆ ڕاگرێ لەبەر گەرما
تواوە تک تک و ڕێی گرتە بەر بەرەو هیچی
گەلی هەژار و خەمینم
لە کاتی هەوڵی دوایی کە نەمرێ، خۆ بگرێ
وەکوو ستێری بەیانی لە ئاستی تیشکی هەتاو
لەگەڵ هومێدی بەسەرچوونی ڕۆژ و هاتنی شەو
نەما، مەحو بۆوە...
گەلێ کە دانەیی تۆپی زەمانە نەیدەشکاند،
لە ژێری باری گرانی گوناهی پێشینیان،
وەکوو وەنەوشەی ملکەچ لە ئاستی هێرشی با،
بەبێ ئەوەی کە بپارێتەوە و بناڵێنێ،
چەماوە، کۆم بۆوە..
خودا! چ زوڵمێکە؟
شنەی شەماڵی بەیانی کە بۆنی گوڵ دێنێ
لە بۆ مە تینی سەموومە، کە مردنی لە گەڵە
ئەوەی کە خادمی گەل بوو، دەهات و خۆی دەنواند،
لە بەختی ئێمە ئەوێستێ لە دوژمنانی گەلە...
خودا! هەڵینەگری،
خەم و ئەوەندە بە کێ هەڵدەگیرێ ئەی هاوار...؟
چلۆن بمێنێ گەلی وا هەژار و ڕەنج بە خەسار...؟

١٩٦٨ ئەراک



سەرچاوە Serchawe

## شەنگە سوار

### سوارە ئیلخانی زادە

کوا شەنگەسوار؟
کە درەوشانەوەی پەڕی سەری ئەسپی
چاوێک بخاتە بیری تلووعێ
ئەی سەر زەوی پڕ و پووچ
ئەی هەر هەناسەیەک:
نەفەسی دواییت
تەرمێ ئەچێ
ژنێ ژانی مناڵی پێیا دێ
ئاخۆ هەموو ئەمە بوو ئەمبیست؟
دامێنی ژینی ئادەمیزاد
هەڵناتەکێ لە مناڵ
لە ژیانی کرچ و کاڵ.
دیتم کە پڕمە دێ
من گەرمی بیر و هیوا بووم
پڕمەی کەحێلی سوارەی مەریوانە
بێچارە خۆم
پڕمەی گرینی گەنجی عەشیرەت بوو.
ئەی سەردەمی هەموو بەرئاوەژوو!
داخێ، مەخابنێ، خەفەتێ
بۆ چاوی شینی تازە بەهار
کوا شەنگەسوار؟
وا کەوتە بەر تەڵەزمی سماتەی غار
ئاسمان ئەوەندە خۆڵەمڕە
قاز و قورینگ تەپوتۆزاوین
چەخماخەدانی هەوری نەزۆک

ئەستێ و بەرد و پووشوون
بەدەستی پیری لەرزۆک.
ڕووخان بەداخەوە بێ قرمە
ڕووخان کۆشکی لە پۆلاَ
دیواری چین و پەیکەری بولهەول.
ئاخۆ فرمێسکی ڕوونی دوا باوەڕ
بۆ مەرگی زرێ بڕێژم
یا ڕووباری چووکی بەفیڕۆ چوو.
ئەمڕۆ هەر شەویلکە لە کارایە
دەس پیرەڵۆکی ئارەقی بەرپشتێن
دڵ هەمانەی کەلووانە
سەر گڕکە تاڵە
دەمار بێ خوێن.

١٣٤٧(١٩٦٨)

---

ژێدەر:

**ڤەژینبوکس**


گوناە – شێعرەکانی عەلی حەسەنیانی (هاوار) – پێداچوونەوەی محەممەد ئەمینی شاسەنەم – چاپەمەنی مانگ ١٩٩٦
خەوە بەردینە؛ هۆنراوەکانی سوارە، کۆکردنەوەی کەریم دانشیار، فایلی سەر ئینترنێت
نیو سەدە تێکۆشان – عەبدوڵڵا حەسەنزادە
ویکیپیدیای کوردی (سمایلی شەریفزادە(
١٢ی بانەمەڕ سەلمێنەری پێشەنگایەتیی خەباتی خوێندکاری کورد – شەماڵ تەرغیبی، ماڵپەڕی کوردستان میدیا
بەشێک لە وێنەکان لە وێبلاگی ڕوانگەی بەڕێز حەسەن قازی وەرگیراون


** هەر لەم پێوەندییەدا موسلیح شێخەلئیسلامی (ڕێبوار)، برای "چاوە" شێعرێکی بە ناوی دارێنە نووسیوە کە تایبەت بەو تراژێدیایە. من شێعرەکەم لە کۆتاییەکانی دەهەی شەستی هەتاوی لە دەسنووسێکدا خوێندەوە کە هاوڕێی بەڕێزم تاهیر

بداغی پێشانی دام و هیچم لێی لەبیر نەمابوو کە دواى دیتنی ئەم دێڕانە شاعیری خۆشەویست هێدی (کاک جەعفەر حوسێن پوور) بۆی ناردم:

**موسلیحی شێخولئیسلامی(ڕێبوار)**

**بۆ سمایلی شەریفزادە (١٩٤٢ - ١٩٦٨)**

بەهارێکی ڕوو بە خەم بوو
ئاسۆ لێڵ و ڕوو بە تەم بوو
قژی دارێنە خوێناوی
بە سەر سمکۆدا دەیڕوانی
سمکۆ ماندووتر لە جاران
ڕێگای دەبڕی دەگەڵ یاران
چەکی دانابوو سەر شانی
شۆڕەلاوی موکریانی
دۆڵی دارێنە تەنگەبەر
سمکۆ دلێر و کۆڵنەدەر
ئاواتی ئازادیی وڵات
خستبوویە سەر ڕێگای خەبات
جار جار بە ڕێدا دەیڕوانی
بۆ بەرزاییی نیشتمانی
دڵی خۆش بوو بە وڵاتی
بە تێکۆشان و خەباتی
کۆشکی خەیاڵ و ئاواتی
سەربەستی بوو بۆ وڵاتی
نێوی زوو دەرکرد لە شاران
ڕووناکبیری زانکۆی تاران
سمکۆ یاری کرێکاران
پشتیوانە بۆ هەژاران
لە پڕ "شەریف"ی کوردفرۆش
کوردستانی هێنایە جۆش



سەرچاوە Serchawe

زنجیری عەدڵی خوای کورد
ڕزا، پسا، کرا ورد ورد
مافی کوردی پێشێل کرا
کوژرا برا بە دەست برا
پلاپیتکەی چەکێ لەرزی
ئەشکەوتی دارێنە لەرزی
بەرامبەر بە ئاسۆی زەڕین
لاوانی کورد دە خوێن گەوزین
هێشتا گیانی لەبەردابوو
خوێنی لە پل نەوەستابوو
بە دوو چاوی ڕوون و جوانی
بۆ ئاسۆی ڕوونی دەڕوانی
ئاسۆی ڕوونە نیشتمانی
وەک بەهەشتە کوردستانی
هەروا دەتکا خوێنی لەشی
چیا گرتبوویە باوەشی
تین و تاوی لەشی سمکۆ
بە گوڕ دەکشا داوێنی کۆ
بە کۆش گوڵاڵەی خوێناوی
بۆ سمکۆی ئازای دەڕوانی
دەیکوت سمکۆ! وا مەزانە
تەنیا تۆی لەو کوردستانە
بۆ گەلی هەژار هەستاوی
گیانت دەدەی لە پێناوی
باب و باپیران تاکوو بوون
هەوڵیان دا بۆ ڕزگاری بوون
دڵی زۆر بێنەوا لەرزی
خوێنی زۆر لاو ڕژا عەرزی
بەڵام هیچ کات لە تێکۆشان
کوردی هەژار نەیدا وچان

مادام خەبات ماوە باوی
سمکۆ نامری، هەر ماوی.

هەروەها شێعرێکی دیکەشی لەم بارەوە هەیە کە ناسری ڕەزازی بە مەقام خوێندوویە و ئەوەی خوارەوە بەشێک لە شێعرەکەیە:

قیبلەکەم شاری سنەی سەربەرزم
خاوەنی شۆڕە جەوانی تەرزم
قیبلەکەم شاری کزی مل بە کوێن
گۆڕی پیرۆزی شەهیدان لە کوێن
با بچم دەستە گۆڵی لێ دانم
دڵی داماوی لە بەر پێ دانم
گلە بانانی دڵی سمکۆ کەم
گلە بانانی دڵی پرسۆ کەم
چەپکە شێعرێکی بڵێم بۆ سمکۆ
تا وەکوو دەردی گران بێتەوە سۆ
قارەمان تاجی سەری شێر پیاوان
ناوی تۆ بووتە سرودی لاوان

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠٢٤

## شەهید سمایل شەریفزادە، سیمای ١٨ مانگ خۆڕاگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ناسر ساڵحیئەسڵ

ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی و چ لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە مەکۆی بەرخۆدان، خەبات و تێکۆشان و سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانە بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتی_ سیاسییەکانی گەلی کورد و دێموکراسی و ئازادی گەلانی ئێران بووە. هیچ کات ڕۆڵەکانی نەتەوی کورد، ئیزنی ئەوەیان نەداوە دوژمنانی ماف و ئازادی گەلی کورد بە ئاسوودەیی سەر وە سەرینی مێژوو بکەن. بۆیە بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەباتی ڕەوا، داکۆکییان لە ماف و مانی نەتەوەی ستەملێکراوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە. ئاشکرایە باسکردن و ئاوڕدانەوە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ١٣٤٧ - ١٣٤٦ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرنجدان بە گرینگی و بایەخەکەی پێویستی بە وردبوونەوەی زیاتر هەیە، چوونکە هەم ڕووداوێکی گرینگ و هەم خاڵێکی وەرچەرخان و شێوە خەباتێکی نوێ لە مێژووی سیاسی خەباتی ڕەوای نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.




پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە شێوەی جۆراوجۆری نهێنی و دوورخراوەییدا بەردەوام بوو، هەتا لە ساڵەکانی ١٣٤٧ - ١٣٤٦دا ئەم خەباتە نهێنییە بە شێوەی خەباتی چەکداریی خۆی پێشان دا و وزە و ورەیەکی نوێی بە خەباتگێڕان و ئازادیخوازانی گەلی کورد دا. هەر بۆیە ئەم قۆناغە لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خاڵی وەرچەرخان و دەستپێکی خەباتی چەکداری و کاری ڕێکخراوەیی، دژ بە دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری حەمەڕەزاشای پەهلەوی بووە. بۆیەشە ڕاپەرین و بەرخۆدانی ڕۆڵە خۆنەویستەکانی نەتەوەی کورد لەو ساڵانەدا بە هەڵوێستیکی شۆڕشگیرانە و لاپەڕەیەکی زێرین لە خەباتی ڕەوای چەکداری بۆ مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکان و مێژوویەکی پڕ لە شانازی لە خەبات و تێکۆشان بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان دادەنرێت.

یەکێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی پڕ لە شانازی ڕاپەرینی چەکداریی ١٣٤٧ - ١٣٤٦ ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید مەهەندیس سمایل شەریفزادە بوو. کاک سمایل شەریفزادە ئەو خوێندکارە بلیمەت و ئازادیخواز و شۆڕشگێڕەی گەلی کورد بوو کە لە سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتوری حەمەڕەزا شا دا بە وردبینی و هەڵسەنگاندنی باردۆخی ئەوکاتی ئیران و کوردستان و بە پەیوەستبوون بە ڕێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندنەوەیەکی تایبەتی لەو قوناغەدا بۆ هەڵگیرسان و ڕاسانەوەی خەباتی چەکداریی هەبوو. کەڵکوەرگرتن لە پلان و گەلاڵەی شەڕی پارتیزانی وەک دیاردەی خەباتی هێزە چەپ و شۆڕشگێڕەکان دژی ڕێژیمە دیکتاتورەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و سەرکەوتنەکانی ئەو قوناغەی خەباتی چەکدارییەکانی گەلانی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ لە ئامریکای لاتین و ئاسیا و ئافریقادا هەوێنی بیروڕای شۆڕشگێڕانی نەمر سمایل شەریفزادە

و هاوڕێیانی بوو کە لە زانکۆی تارانەوە چەکەرەی کردبوو. بەڵام بەو جیاوازییە و پێچەوانەی بیروڕا و تیئورییەکانی چەتی ئەوکاتی ئێران کە کۆمەڵگەی ئیرانیان بە پاسیڤ دەزانی، لە دید و بۆچوونی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی لە حیزبی دێموکرات، کۆمەڵگەی کوردستان پاسیڤ نەبوو، بەڵکوو کۆمەڵگەیەکی وزەبەخش و شۆڕشگێڕ بوو، کە پاشخانی بزاڤی ڕووناکبیریی کوردی و بنەما فیکری و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بوو. هەر بۆیە پێوەندیی بزووتنەوەی خەباتی چەکداریی و ڕێکخراوەیی ساڵەکانی ١٣٤٧ - ١٣٤٦ی هەتاوی لەگەڵ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندییەکی دوولایەنە بوو.

لەلایەک بزوتنەوەی ڕێکخراوەیی و چەکداریی شۆڕشگیران وزەی دەدا بە کۆمەڵگەی کوردستان و لەلایەکی دیکەوە وزەی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەردەگرت. چونکە لە سەردەمی ڕیژیمی حەمەرەزاشای پەهلەویدا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەک، تەواوی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی پێشێل کرابوو و لەلایەکی دیکەوە هەنگاونانی ئەو ڕێژیمە بۆ زیاتر میلیتاریزەکردنی کوردستان پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و بە گرتنەبەری سیاسەتی ڕاوەدوونان و گرتن و زینندانیکردنی ڕۆڵە مافخوازەکانی گەلی کورد، ڕێژیمی پەهەلەوی هیچ ڕێگایەکی سیاسی و یاسایی بۆ کار و چالاکی خەباتگێڕانی گەلی کورد نەهێشتەوە. بۆیە کاک سمایل شەریفزادە و هاوبیرانی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و لەخۆبایی حەمەڕەزاشا، خەباتی چەکداریی و ڕێکخراوەییە. کاک سمایل شەریفزادە لە نامەیەکدا بۆ شەهید دوکتور قاسملوودا دەنوسێت:" ئەورۆ توفانیکی بە تەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتوە و کۆمەڵانی خەڵک هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری دەستدانە چەک و وەشاخکەوتنە، نەک هەر بۆ ئیمە بەڵکوو ڕێگای ڕزگاریی هەموو نەتەوەیەکی ژێر دەستە". بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاویدا کاتێک کاک سمایل شەریفزادە لەگەڵ چەند پێشمەرگە لە گوندی دارینەی ناوچەی بانە، خەریکی جەولەی سیاسی - نیزامی بوون، لەلایەن خۆفرۆشێکەوە شوێنی حەسانەوەیان ئاشکرا دەبێت و هێزیان وەسەر دەگێردرێ کە پاش شەڕێکی قارەمانانە لەگەڵ سێ هاوسەنگەری دیکەی بە هۆی جاش و ژاندارمەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاوە شەهید دەکرێن . هەربۆیە ئێستا بۆ نەوەی سەردەمی شۆڕشی ژینا، کاریگەری و شوێندانەریی کەسایەتیی شەهید مەهەندیس سمایل شەریفزادەکان، بۆتە حەقیقەتێک و هیمایەک بۆ خەباتی نەتەوایەتی و ئەستێرەیەکی پڕشنگدار و سیمای پێشەنگی ١٨ مانگ خەبات و خۆڕاگری، کە نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد و نەوەی شۆڕشی ژینا شانازی بەو ڕێگا و ڕێبازەوە دەکات.

هەر بۆیە یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٨٦ هەتاویدا بە هەست بە بەرپرسیایەتیکردن و بە ڕوانینی بۆ بزاڤی پێکهاتە شکینی خوێندکاری کورد، شەهید سمایل شەریفزادەی وەک هێمای خوێندکاری کورد و ڕۆژی

١٢ی بـانەمەڕی وەکـوو ڕۆژی خوێنـدکاری کـورد نـاودێر کـرد. لە سـاڵڤەگەری شـەهیدبوونی سـمایل شـەریفزادە و هاوڕێیانیـدا پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا سەرکەوتن درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی شەهیدان بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٢ی بانەمەڕ ڕۆژی خوێندکاری کورد




**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**ئەندامانی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان!**
**خوێندکارانی بەهەست و خەباتگێڕی کورد!**

بەبۆنەی ١٢ی بانەمەڕ، ڕۆژی خوێندکاری کورد بەگەرمی پیرۆزباییتان پێ دەڵێین و ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و شوێندانەرتان لە سەنگەری خەباتی ڕووناکبیری شوناسخوازیدا دەگرین.

١٢ی بانەمەڕی ئەمساڵ ٥٦ ساڵ بەسەر ڕووداوێکدا تێدەپەڕێ کە وەک لاپەڕەیەکی درەوشاوە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تۆمار کراوە و بۆتە ئیلهامدەری خەباتکاران و نیشتمانپەروەران، بەتایبەت خوێندکارانی دەروەستی کورد.

لەساڵی ١٣٤٦ی هەتاویدا ژمارەیەک لە خەباتگێڕانی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان لەژێر ناوی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی

دیمۆکراتی کوردستان و بە ئامانجی شکاندنی شەقڵی شەوەزەنگی چلەکانی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی چەخماغەی ڕاپەڕینێکی چەکدارییان لێدا و بەناو دوڕگەی سەقامگیری حەمەڕەزا شای پەهلەوییان شڵەژاند. لەو ڕاپەڕینە مێژووییەدا سمایلی شەریفزادە وەک یەکێک لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە و وەک خوێندکارێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی کورد دەورێکی کاریگەر و شوێندانەری لەسەر وشیاریی نەتەوەیی و خەباتی شوناسخوازیی کورد هەبوو. سمایلی شەریفزادە، سەرچەشن و پێشەنگی ئەو پۆلە لە تێکۆشەرانی سیاسیی کورد بوو کە بە هەڵوێستی سیاسی و ئەکتی خەباتگێڕییان پێناسەیەکی نوێ و شوناسێکی نەتەوەییان بە خوێندکاری کورد و تێکۆشانی سیاسی و سینفیی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران بەخشی.

لەکاتێکدا کەشی سیاسیی ئێران لە دەیەی ٤٠ی هەتاویدا بەتەواوی کەوتبووە ژێر کاریگەریی بیری چەپ لەلایەک و بیری نەتەوەگەرای ئێرانی لەلایەکی تر، ژمارەیەک لە خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی تاران -یەک لەوان سمایل شەریفزادە- پەیوەندییەکی گوتاری و سیاسییان لەگەڵ بزووتنەوەی میللی-دیمۆکراتیکی کوردستان دامەزراند کە بوو بە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەوتێکی رادیکاڵ و نەتەوەیی لە هەناوی بزووتنەوەی کوردستاندا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەریی دەکرد. هاوکات پەیوەندییەکی مەعریفی و لە هەمان کاتدا دوولایەنە لەنێوان چەپی ڕادیکاڵ و نەتەوەخوازیی کوردیدا هاتە ئاراوە کە بزوتنەوەی چەکداریی ساڵانی ٤٦-٤٧ بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییە بوو.

لەو قۆناغە لە مێژووی ئێراندا کە ئازادییە سیاسییەکان بەتوندی سەرکوت دەکران و هیچ هیوایەک بۆ ڕیفۆرمی سیاسی لە ئێراندا بەدی نەدەکرا، شەریفزادە و پۆلێکی دیکە لە لاوانی خوێندەوار و زانکۆدیتووی ئەو سەردەم سەنگەری خەبات و تێکۆشانیان لە زانکۆ و نێوخۆی وڵاتەوە بۆ چیاکانی کوردستان و بۆ نێو ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گواستەوە. ئەوان وێڕای هەوڵدانیان بۆ بردنەسەرێی ئاستی وشیاری سیاسی و هزری نەتەوەیی و بەرجەستەکردنی خەسڵەتی سەربەخۆیی سیاسی لە حیزبی دێموکرات و بایەخدان بە تێکۆشان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بوونە هەوێنی وەڕێکەوتنی ڕاپەڕینێکی چەکداری لەدژی دەسەڵاتی حەمەڕەزاشای پەهلەوی.

جووڵانەوەی چەکدارانەی کوردستان (١٣٤٧ - ١٣٤٦) یەکەم بزووتنەوەی چەکداری بوو لە ئێراندا کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی جەماوەری وەزاڵەهاتوو بەرەوڕوو بوو، و بوو بە سەرەتایەک بۆ هەڵگیرسانی خەباتی پارتیزانی لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشدا. سەرەنجام ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی کاک سمایل شەریفزادە و چەند هاوسەنگەرێکی دیکەی لە بۆسەیەکی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ناوچەی بانەدا شەهید کران.

**خوێندکارانی نیشتمانپەروەری کورد!**

خوێندکارانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەم و قۆناغی ئێستاشدا، بەشێکی چالاک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەیانن. ئەوان لە نێوخۆی ئێران سەرەڕای زەبروزەنگی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لەنێو زانکۆکان و لە سەنگەری شەقامیشدا لە ڕیزی پێشەوەی خەبات و تێکۆشاندا بوون. ئەویش لە بارودۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە زانکۆکانی بە مەترسی بۆ سەر بنەما ئیدئۆلۆژیکەکانی دەزانێ و، ئۆرگان و دامەزراوەی جۆراوجۆری ئەمنیەتیی لە زانکۆکاندا جێگیر کردوە و هەوڵ دەدا دەنگی ئازادیخوازی و مافخوازی خوێندکاران کپ بکات. بەڵام سەرەڕای ئەوەش بینیمان کە لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا، خوێندکاران لە بەشێکی زۆر لە زانکۆکانی کوردستان بوونە پێشەنگ و ئاوانگاردی ئەو شۆڕشە. کچان و کوڕانی خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خواست و داواکارییە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکانیان لە کۆنتێکستی خەباتێکی ناسنامەخوازیی نەتەوەییدا کردە هەوێنی چالاکییەکانیان و کۆی پێکهاتەی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیمیان کردە ئامانج.
شۆڕشی ژینا و ڕاپەڕینی بەربڵاوی خوێندکاران لە ڕەوتی ئەو شۆڕشەدا لە زۆر ڕووەوە درێژەی خەباتی شەهید شەریفزادە و هاوڕێیانی لەو سەردەمە دابوو و زۆر خاڵی هاوبەش لەو دوو قۆناغەدا بەرچاو دەکەون. ڕۆحی شۆڕشگێڕی و پێکهاتەشکێنی شەریفزادە و هاوڕێیانی لە بەگژداچوونەوە و ڕابوون دژی ستەمکاری و دیکتاتۆڕی، دەروەستیی نەتەوەیی و نیشتمانی و پەیوەستبوون بە بزووتنەوەی نەتەوەیی و هەروەها بووژانەوەی هیوای خوێندکاران بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی ئەو وێکچوونانەن کە چالاکییەکانی خوێندکاران لە شۆڕشی ژینادا بە خەباتی خوێندکاریی دەیەی ٤٠ی هەتاوی بە پێشەنگایەتیی شەریفزادە پێکەوە دەبەستنەوە. ئەوەش وای کردوە ڕێبازی شەریفزادە وەک ڕێبەر و هێما و پێشەنگی خوێندکاری کورد بەردەوام بەرهەم بێتەوە و ژێریی ناونانی ڕۆژی شەهیدبوونی شەریفزادە وەک ڕۆژی خوێندکاری کورد لە لایەن یەکیەتیی خوێندکارانی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێرانەوە و پێشوازیی کۆمەڵگەی خوێندکاریی کوردی لەو ناونانە بەرجەستەتر بێتەوە.

حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەوەی بزاڤی خوێندکاریی کوردی بە بزاڤێکی گۆڕانخواز، نەتەوەیی و عەداڵەتویست دەزانێ، بڕوای قووڵی بە ڕێکخستنی هەرچی زیاتری خوێندکاران هەیە بۆ وەسەریەکخستنی تواناکانیان لە بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆڕی و هەموو جۆرەکانی ستەمی نەتەوەیی، ڕەگەزی و چینایەتی، و لەو پێناوەدا هانی خوێندکاران دەدا پوتانسیەل و وزەی خۆیان لەپێناو ئامانجە بەرزەکانی ئەو بزاڤە بخەنە گەڕ.

حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لەژێر سێبەری گرینگیی خەباتی خوێندکاران و گرێدانیان بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتیی خوێندکارانی دیمۆکڕاتی کوردستانی دامەزراندوە و لەو ڕێگەیەوە پشتیوانی لە خەباتی خوێندکارانی کورد لە وەدیهاتنی ئامانجە بەرزەکانیان دەکا.



سەرچاوە
Serchawe

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران وێڕای بەرزنرخاندنی یاد و بیرەوەریی شەهید سمایلی شەریفزادە سیمبۆلی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی، پیرۆزبایی ١٢ی بانەمەڕ، ڕۆژی خوێندکاری کورد لە بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی خوێندکارانی دیمۆکڕاتی کوردستان، کۆمەڵگەی خوێندکاری و هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا و پشتیوانیی خۆی لە خەباتی شێلگیرانە و ڕوو لە گەشەی خوێندکارانی بوێر و پێشەنگی کۆمەڵگەی کوردی دووپات دەکاتەوە و زانکۆ و ناوەندە ئاکادمیکەکان چ لە بەرهەمهێنانی ئەندێشە و چ لە بواری چالاکیی مەیدانیدا بە بزوێنەرو پێشەنگی خەباتی جەماوەری دەزانێ.

**حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی**

**١٢ی بانەمەڕی ١٤٠٣ی هەتاوی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٤**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بانەمەڕی ٢٧٢٤ی کوردی - مای ٢٠٢٤ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe


پێشمەرگە
جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانە
ساڵەکانی: ٤٦ - ١٣٤٧( ٦٧ - ١٩٦٨)
سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، و بابەتەکان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**



سەرچاوە
Serchawe